سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

# چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس

## لە نێوان هونەر و کولتوری ئایینی و واقیعی مێژوییدا



سەنتەری سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان

سەنتەری سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان

(١)

زنجیرەی لێکۆڵینەوە قورئانیەکان

(١)

# چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس

## لە نێوان هونەر و کولتوری ئایینی و واقیعی مێژوییدا

سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

سوهرەوەردی

٢٠٠٧

سەنتەری

سوهرەوەردی

بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان

خاوەنی ئیمتیاز: شازین هێرش

سەرنوسەر و بەڕێوەبەر: سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

E-mail:

suhrawardicentre@yahoo.com

sarwar-penjweni@hotmail.com

● سەنتەری سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان (١)، زنجیرەی لێکۆڵینەوە قورئانیەکان (١).

● ناوی کتێب: چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس، لە نێوان هونەر و کولتوری ئایینی و واقیعی مێژوییدا

● نوسینی: سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

● تایپ و هەڵەبڕی و دیزاین: نوسەر

● چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

● ژمارەی سپاردن: (٨٧١) ی ساڵی (٢٠٠٧) ی وەزارەتی رۆشنبیری

● هەمو مافێکی پارێزراوە بۆ نوسەر

# سەنتەری سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان
# مرکز السُّهْرَوَرْدِيّ للدراسات الدينية
# Suhrawardi Centre for Religious Studies

**پێناسە**: سەنتەرێکی تایبەتمەندە بایەخ دەدات بە بەرهەمهێنانی توێژینەوە دەربارەی ئایین وەکو دیاردەیەکی مرۆیی و مێژوی ئایینە جیاوازەکان، لە ڕێگەی نوسین و وەرگێڕانەوە.

**ئامانجەکان**:

١. وەرگرتنەوەی فرمانی نوسین لەسەر ئایین لەو نوسەرانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نیە و بوارەکە مەشبوە و ناشرین دەکەن، هەروەها لەو نوسەرە ئایینیانەی کە بە میتۆدی نازانستی دەنوسن.. و گێڕانەوەی ئەو فرمانە گرنگە بۆ توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمیایی، دور لە مەبەستی ئایدیۆلۆجیایی و ئایینی. ئەمەش بۆ ئەوەی بوارەکە ئاسایی ببێتەوە و ببێتە بوارێکی زانستی کە دانی پێدا بنرێت.

٢. توێژینەوەی بنەما و چەمك و دەقە ئایینیەکان، بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانیان و شێوازی گەشەکردنیان و ناسینی سروشت و تایبەتمەندیەکانیان، بۆ ئەوەی ئەو دەق و چەمکانە بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆجیایی و سیاسی بە کەڵك نەهێنرێن و نەبنە بواری کێشمەکێش و ناکۆکیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی.

٣. گەشەپێدانی هۆشیاریی زانستی لە بەرامبەری بیرکردنەوەی ئایینی و تەقلیدیدا، بۆ ئەوەی خوێنەر و رۆشنبیری کوردی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەق و چەمکە ئایینیەکاندا دەکات بە شێوەیەکی زانستی و بەرچاوڕۆشنانە..

٤. پەرەپێدانی بوارە زانستیەکانی (ئایینناسیی بەراورد) و (مێژوی ئایینەکان) و (ئەفسانەناسی) و (کۆمەڵناسیی ئایینی) و (رەخنسازیی دەق).. چونکە ئەم بوارانە لە کوردستاندا زۆر دواکەوتون و پشت گوێ خراون، بە تایبەتی لە ئەکادیمیادا کە شوێنی راستەقینەی ئەو بوارانەیە.

٥. خستنەڕوی ئەو بەرهەم و کۆششانەی کە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بەرهەم هاتون و خوێنەری کورد بێبەشە لێیان، بۆ ئەم مەبەستەش کار لەسەر پرۆژەیەکی وەرگێڕان دەکەین بۆ وەرگێڕانی گرنگترینی ئەو بەرهەمانە.

٦. بەرهەمهێنانی توێژینەوەی مەیدانی و زانستی لەسەر گروپ و ئاڕاستە و ڕێباز و

ڕێکخستنە ئایینیەکان لە جیهاندا، و ناساندنیان و خستنەڕوی سروشت و تایبەتمەندیەکانیان و دۆزینەوەی سەرچاوەی بیرکردنەوە و ئامانجەکانیان.

٧. توێژینەوە لە پەیوەندیەکانی ئایین لەگەڵ بوارەکانی تری کولتوری مرۆڤدا: ئایین و کۆمەڵگا، ئایین و سیاسەت، ئایین و توندوتیژی، ئایین و جەنگ، ئایین و فەلسەفە، ئایین و زانست، ئایین و پەروەردە، ئایین و ئەدەب، ئایین و هونەر.

٨. بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی کەمایەتیە ئایینیەکان لە کوردستاندا، بە تایبەتی ئێزدیەکان و کاکەییەکان و ئەهلی حەق و تەریقەتە سۆفیەکان..

٩. تیشك خستنە سەر ناوچە روناك و درەوشاوەکانی کەلەپوری ئیسلامی، ئەمەش بە زیندوکردنەوەی سەرچاوە گرنگەکانی ثیۆلۆجیای ئیسلامی و فەلسەفەی ئیسلامی و عیرفانی ئیسلامی، لەم بوارەشدا کۆمەڵێك لە دەقەکانی غەزالی و ئیبن روشد و سوهرەوەردی و ئیبن عەرەبی و نوسەرەکانی موعتەزیلە و ئیسماعیلیەکان لە پرۆژەدان بۆ وەرگێڕان و توێژینەوە.

١٠. هاوکاریی ئەو نوسەر و وەرگێڕە کوردانەی کە لە بواری توێژینەوەی ئایینیدا کار دەکەن، بە فەراهەمهێنانی سەرچاوە و دەق و کەرەستە بنەڕەتیەکان بۆیان، و پێداچونەوە و ساخکردنەوەی نوسین و وەرگێڕانەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ چاپ، و چارەسەرکردنی کێشە زانستیەکانیان لە نوسین و وەرگێڕاندا. بۆ ئەوەی چیتر نوسین و وەرگێڕانی بواری توێژینەوەی ئایینی هەڵە و کەموکوڕی و ناتەواویی تێ نەکەوێت.

**بڵاوکراوەکان**: چەند زنجیرە کتێبێکی تایبەت، لە نوسین و وەرگێڕان، بەم شێوەیە:

ا. زنجیرەی لێکۆڵینەوە ئایینیە گشتیەکان.

ب. زنجیرەی لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکان.

ج. زنجیرەی لێکۆڵینەوە قورئانیەکان.

د. زنجیرەی لێکۆڵینەوە سوننەتیەکان.

ه. زنجیرەی لێکۆڵینەوە مەسیحیەکان.

و. زنجیرەی لێکۆڵینەوە یەهودیەکان.

ز. زنجیرەی لێکۆڵینەوە زەردەشتیەکان.

ح. زنجیرەی لێکۆڵینەوە ئێزدیەکان.

ط. زنجیرەی کەمایەتیە ئایینیەکانی کوردستان.

# زنجیرەی لێکۆڵینەوە قورئانیەکان

ئەم زنجیرەیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی قورئان، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

١. رەخنەسازیی دەق، واتە مێژوی دەقی قورئان و باس‌وخواسی گەیشتنی دەقەکە بە ئێمە، لە بابەتەکانی: مێژوی رێکخستن و کۆکردنەوەی قورئان، دەستنوس و بنچینە قورئانیەکان، شێوازی نوسینی قورئان، خوێندنەوە قورئانیەکان، مێژوی موصحەف.

٢. رەخنەسازیی زمانی، لێکۆڵینەوە لە زمانی قورئان وەکو زمانی عەرەبیی قۆناغی سەرهەڵدانی، شێوەزارە عەرەبیەکان لە زمانی قورئاندا، وشەی ناعەرەبی لە زمانی قورئاندا، لایەن و دیاردە زمانیەکان لە قورئاندا.

٣. لێکدانەوەی قورئان، لێکۆڵینەوەی میتۆدەکانی لێکدانەوەی قورئان، مێژوی تەفسیر، بابەتەکانی تەفسیر و تەئویل، هێرمینیوتیکا و خوێندنەوەی ئەدەبی، تەفسیر بە گێڕانەوە و تەفسیر بە بیروڕا، لێکدانەوەی زانستیی قورئان، لێکدانەوەی فەلسەفیی قورئان.

٤. رەخنەسازیی مێژویی، یاخود توێژینەوەی چیرۆکە قورئانیەکان لە لایەنی مێژویی و هەروەها کولتوری و هونەریەوە.

٥. رەخنەسازیی سەرچاوەکان، واتە توێژینەوەی چەمك و بیرۆکە قورئانیەکان لە ڕوی سەرچاوە و رەگ‌وڕیشە و گەشەکردنیانەوە.

٦. رەخنەسازیی ئامانج و مەبەستەکانی دەق، ئەوەی پێی دەوترێت رەخنەسازیی نوسیاری «النقد التحريري»، واتە توێژینەوەی ئەو ئامانج و پاڵنەرانەی لە پشت چەمکەکانی دەقەکە و لە پشت شێوازی داڕشتنی دەقەکەوەن.

٦. رەخنەسازیی ئەدەبی، توێژینەوەی دەقی قورئانی لە لایەنی ئەدەبی و هونەریەوە، رەگەزە ئەدەبیەکان و جۆرە ئەدەبیەکان لە قورئاندا، هەروەها توێژینەوەی بابەتی ئیعجازی رەوانبێژیی قورئان.

٧. توێژینەوەی بوارە قورئانیەکانی تری وەکو: ناسیخ و مەنسوخ، هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە، رێکخستنی مێژویی بۆ دەقەکان بەپێی جیاکردنەوەی مەککەیی و مەدینەیی، هەروەها پەیوەندیی نێوان قورئان و فەرمودە، و قورئان و بیری ئیسلامی، و قورئان و رێبازە کەلامیەکان.

٨. توێژینەوەی لایەنی یاسادانان لە قورئاندا.

٩. توێژینەوەی رەخنەیی لە هەندێك مامەڵەی نازانستی لەگەڵ دەقە قورئانیەکاندا، وەکو قوتابخانەی لێکدانەوەی زانستی و ئیعجازی زانستی لە قورئاندا، ئیعجازی ژمارەیی لە قورئاندا.

أم حسبت أن أصحاب الكهف والرقيم كانوا من أياتنا عجبا ❁ إذ أوى الفتية
إلى الكهف فقالوا ربنا أتنا من لدنك رحمة وهيئ لنا من أمرنا رشدا ❁ فضربنا
على أذانهم في الكهف سنين عددا ❁ ثم بعثناهم لنعلم أي الحزبين أحصى لما
لبثوا أمدا ❁ نحن نقص عليك نبأهم بالحق إنهم فتية أمنوا بربهم وزدناهم
هدى ❁ وربطنا على قلوبهم إذ قاموا فقالوا ربنا رب السموات والأرض لن ندعو
من دونه إلها لقد قلنا إذا شططا ❁ هؤلاء قومنا اتخذوا من دونه ألهة لولا
يأتون عليهم بسلطان بين فمن أظلم ممن افترى على الله كذبا ❁ وإذ
اعتزلتموهم وما يعبدون إلا الله فأووا إلى الكهف ينشر لكم ربكم من رحمته
ويهيئ لكم من أمركم مرفقا ❁ وترى الشمس إذا طلعت تزاور عن كهفهم
ذات اليمين وإذا غربت تقرضهم ذات الشمال وهم في فجوة منه ذلك من أيات
الله من يهد الله فهو المهتد ومن يضلل فلن تجد له وليا مرشدا ❁ وتحسبهم
أيقاظا وهم رقود ونقلبهم ذات اليمين وذات الشمال وكلبهم باسط ذراعيه
بالوصيد لو اطلعت عليهم لوليت منهم فرارا ولملئت منهم رعبا ❁ وكذلك
بعثناهم ليتساءلوا بينهم قال قائل منهم كم لبثتم قالوا لبثنا يوما أو بعض يوم
قالوا ربكم أعلم بما لبثتم فابعثوا أحدكم بورقكم هذه إلى المدينة فلينظر
أيها أزكى طعاما فليأتكم برزق منه وليتلطف ولا يشعرن بكم أحدا ❁ إنهم
إن يظهروا عليكم يرجموكم أو يعيدوكم في ملتهم ولن تفلحوا إذا أبدا ❁
وكذلك أعثرنا عليهم ليعلموا أن وعد الله حق وأن الساعة لا ريب فيها إذ
يتنازعون بينهم أمرهم فقالوا ابنوا عليهم بنيانا ربهم أعلم بهم قال الذين غلبوا على
أمرهم لنتخذن عليهم مسجدا ❁ سيقولون ثلاثة رابعهم كلبهم ويقولون خمسة
سادسهم كلبهم رجما بالغيب ويقولون سبعة وثامنهم كلبهم قل ربي أعلم
بعدتهم ما يعلمهم إلا قليل فلا تمار فيهم إلا مراء ظاهرا ولا تستفت فيهم منهم
أحدا ❁ ولا تقولن لشيء إني فاعل ذلك غدا ❁ إلا أن يشاء الله واذكر ربك
إذا نسيت وقل عسى أن يهدين ربي لأقرب من هذا رشدا ❁ ولبثوا في كهفهم
ثلاث مائة سنين وازدادوا تسعا ❁ قل الله أعلم بما لبثوا له غيب السموات والأرض
أبصر به وأسمع ما لهم من دونه من ولي ولا يشرك في حكمه أحدا ❁

قورئان. (الكهف: ٩ - ٢٦)

# دەروازە

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەر دەستی خوێنەر بەدواداچونێکە بۆ چیرۆکی خەوتوەکانی ئێفیسوس کە بەشێکە لە کەلەپوری مەسیحی و ئینجا ئیسلامی و ئەمەش وا دەکات بەشێك بێت لە ئەو بابەتانەی کە جێی بایەخی پسپۆڕانی بواری توێژینەوەی بیری ئایینیی مەسیحی و ئیسلامین، بەڵام سەرباری ئەوەش کارێکی سینەمایی زیاتر بابەتەکەی خستە بەر چاو، کە ئەویش زنجیرەی (پیاوانی ئەنجلوس) ـە کە زنجیرەیەکی بەرهەمهێنراوی سینەمای ئێرانیە و کەناڵی ئاسمانیی (سەحەر) بە فارسی و دۆبلاجی کوردی و عەرەبی پەخشی دەکات. بێ گومان ئەم کارە ئاستێکی بەرزی هەیە لە ڕوی دەرهێنانی هونەری و سیناریۆ و سازاندانی کاراکتەر و کەسێتیی سەرنجڕاکێش و خولقاندنی کۆمەڵێك پەیوەندیی درامی لە نێوان کەسێتیەکاندا و پێکەوەجۆشدانی کۆمەڵێك ڕوداو و کەسایەتیی مێژویی و کۆمەڵێك چەمك و بیرۆکەی کولتوری... بۆ پێشاندانی چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت «أصحاب الکهف» ـ بە پێی گوزارشە قورئانیەکە ـ و چیرۆکی (حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس) ـ بە پێی گوزارشە مەسیحیەکە ـ لە چوارچێوەی مێژوییدا.. واتە کارەکە تەرخان کراوە بۆ دۆزینەوە و سازاندنی بەروار و شوێن و گروپی کەسێتیەکان لە مێژودا بۆ ئەو چیرۆکە ئایینیە.. بۆ ئەمەش هاتون کۆمەڵێك کەسێتیی مێژویی و چوارچێوەیەکی مێژویی و هەندێك شوێنی جیۆگرافیاییان بە کار هێناوە. لە دراو و زانیاریە ئایینی و کولتوریەکانیش بونیادی گشتیی چیرۆکەکە و کۆمەڵێك ناو و ئاماژەیان وەرگرتوە، کە هەندێکی کەمیان لە چیرۆکە قورئانیەکە وەردەگیرێن، و زۆربەشیان لەو ڕاڤە و چیرۆکانە وەردەگیرێن کە لە کەلەپوری ئیسلامیدا هاتون کە زیاتر ڕەنگدانەوەی شێوە سوریانیە ـ بە بنەڕەت ـ یۆنانیەکەی چیرۆکە مەسیحیەکەن، و هەندێك چەمکیشیان لە کەلەپوری شیعیی خۆیان وەرگرتوە.. ڕەنگە هەندێك ئاماژە و پەیوەندی و هەڵوێستی دراماییشیان لە هەندێك کاری ئەدەبی وەرگرتبێت، وەکو چیرۆکی شانۆیی *(أهل الکهف)* لە نوسینی چیرۆکنوسی میسری (توفیق الحکیم) (١٨٩٨ ـ ١٩٨٧ ز.) (کە ساڵی ١٩٣٢ ز. بڵاو بوەتەوە).. بۆ

دیاریکردنی شانۆی ڕوداوەکان و ئەشکەوتی خەوتوەکانیش شوێن ئەو پرۆپاگەندایە کەوتون کە ئەشکەوتەکە لە نزیك شاری (فیلادێلفیا) ی یۆنانی - ڕۆمانی بوە کە ئێستە شوێنەوارەکانی دەکەونە ناو شاری (عەممان) ی پایتەختی ئوردونەوە. ئەو پرۆپاگەندایەش یەکەم جار بە شێوەیەکی فۆلکلۆری گەشەی کردوە و لە سەدەی ڕابردوشدا بەڵگە و پاساوی ئارکیۆلۆجیایی «آثاري» ی بۆ ساز کرا لە هەوڵێکی هەمەلایەنەدا بۆ داگیرکردنی چیرۆکەکە لە کەلەپوری مەسیحی و ناشتنی لە خاکێکی عەرەبیدا.

من دوای بینینی زنجیرەکە کەسێتی و ڕوداوە مێژوییەکانی زنجیرەکەم لەگەڵ مێژوی ڕۆمان و ناوچەکەدا بەراورد کرد، بینیم کە چەندە زنجیرەکە نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی مێژویی گونجاو بۆ چیرۆکە مەسیحی - قورئانیەکە بسازێنێت، زیاتر لەوەش نەیتوانیوە زانیاریە مێژوییەکانی لەگەڵ ڕاستیەکانی مێژودا بگونجێنێت، بە شێوەیەك چیرۆکی زنجیرەکە لە ڕوی مێژوییەوە کۆمەڵێك (هەڵە) ی مێژوییە و هیچی تر، و ئەو کەسێتیە مێژوییانەی کە تێیدا بە کار هاتون بەتەواوی دورن لە واقیعی ئەو کەسانەوە لە مێژودا. ئیتر دڵنیا نیم ئەو کەسەی کە چیرۆك و سیناریۆکەی نوسیوە هەر ئەوەندەی لێ زانیوە یان بە مەبەست و وەکو هونەری چیرۆك و بۆ زیاتر درامیکردنی زنجیرەکە ئەو کارەی کردوە و بەو شێوەیە مێژوی وەلا ناوە.. بەڵام لەوە دڵنیام کە کەسانێکی زۆر لە بینەرانی زنجیرەکە وەکو سەرچاوەیەکی مێژویی متمانەدار بۆ ئەو زنجیرەیە دەڕوانن، ئەمەش بێئاگابونە لە فرمانی هونەر و هونەری سینەما و نەبونی ڕۆشنبیریی مێژوییە و زاڵبونی خۆشباوەڕیە بەسەر بیرکردنەوەی زۆرێك لە خەڵکدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ڕەگوڕیشەی میثۆلۆجیایی چیرۆکەکە و لەگەڵ مێژودا بەراوردی دەکات و پەردە لا دەدات لە ڕوی ڕاستەقینەی بەهای مێژویی زنجیرە ئێرانیەکەش. لێکۆڵینەوەکە یەکەم جار لە گۆڤاری (ڕوانگە و ڕەخنە) (ژ. ٨) دا بڵاو کرایەوە، بەڵام بە پێویستم زانی پەرەی پێ بدەم و وردەکاریی زیاتری تێدا بکەم و بە شێوەی پەڕاوێکی سەربەخۆ چاپ بکرێتەوە، بە

هیوای ئەوەی بەشداری بکات لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی زانستیدا. دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە لە چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەدا لە (٢٠٠٦/٣) ـەوە بەبێ هەوڵی چاپکردنی مایەوە، ئێستە دەبێتە یەکەم ئەڵقەی بڵاوکراوەکانی سەنتەری سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە ئایینیەکان ـ زنجیرەی لێکۆڵینەوە قورئانیەکان.

✍

**سەروەر ع. پێنجوێنی**

**سلێمانی**

# چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس

لە سەرەتاوە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەم چیرۆکە لەو چیرۆکانە نیە کە بتوانرێت چوارچێوەیەکی ورد و دڵنیای بۆ دیاری بکرێت، چونکە چیرۆکەکە هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی مێژویی و ئارکیۆلۆجیایی لەسەر نیە و هیچ دەقێکی مێژویی بێلایەن باسی نەکردوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا چیرۆکێکە لە چیرۆکە زۆروزەبەندەکانی شەهیدناسی Martyrology ی کەلەپوری مەسیحی، کە یەکەم جار لە هەندێك شیعر و پەخشانی سوریانیدا دەر کەوتوە، بە تایبەتی لە لای شاعیری سوریانی مار یەعقوبی ساروقی «يعقوب السَّرُوجيّ» James of Serug (٤٥١ ز. ـ ٥٢١ ز.) لە هۆنراوەیەکیدا لە بابەتی ئامۆژگاریی ئایینی کە (٧٤) بەیتە، و دوای مردنی خۆی کۆ کراونەتەوە و دواتر لە نێو کەشکۆڵیکی (٦٨) بەرگیدا بە ناوی *Acta sanctorum* *(کارەکانی قیدیسەکان)* بڵاو کراونەتەوە[1]. دەقێکی سوریانیی تێروتەسەلتریش

---

[1] **Encycl**opædia **Britannica** 2005 Deluxe Edition CD-ROM. Art. *Jacob of Serug*.

**Catholic Encycl**opedia. Robert Appleton Company, 1907. (Online Edition, 2003). Vol. V. Art. The *Seven Sleepers of Ephesus*. By Adrian Fortescue. Vol. VIII. Art. *James of Sarugh*. By H. Hyvernat.

**Gibbon**, Edward, *The History of the Decline and Fall of the Roman Empire*. Edited, with notes, by the Rev. H. H. Milman. Chap. XXXIII.

**Wikipedia,** the Free Encyclopedia. Art. *Seven Sleepers*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/ Seven_Sleepers

**Rabenstein**, Katherine I., *Saints O'the Day, Saint Pantaleon Martyr* (Regional Memorial) July 27.1998.

@http://www.saintpatrickdc.org/ss/0727.htm

عيواص، زكا، *قصة أهل الكهف في المصادر السريانية*. مجلة (مجمع اللغة السريانية). مطبعة المعارف، بغداد. مج. ١، ١٩٧٥. ص. ١١١.

حَبّي، د. يوسف، *أهل الكهف في التأريخ*. مجلة (التراث الشعبي). دار الحرية للطباعة، بغداد. العددان ٣ و ٤، ١٩٨٣. ص. ٦٣.

هەیە کە پەخشانە و دەستنوسێکی لە مۆزەخانەی بریتانیاییدا هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٦ ز.) و لە کۆکراوەی *(چیرۆکە سوریانیەکان)* *Anecdota Syriaca* دا بلاو کراوەتەوە و هەروەها مەتڕان (زکا عیواص) یش وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی و لە گۆڤاری (المجلة البَطْرِيَرْكِيَّة) (عد. ٦٦ و ٦٧. ١٩٦٩. ص‌ص. ٣٠٠ ـ ٣٠٧، ٣٤٧ ـ ٣٥٥) دا لە دیمەشق بلاو بوەتەوە[١]. دواتر لە سەدەی دەهەمی زاییینیدا بە یۆنانییش دەر کەوتوە، واتە بە شێوەی دەقێکی نوسراو، لە پەراوێکی دە بەرگیدا دەربارەی *(ژیانی قیددیسەکان)* *Vitæ sanctorum*، لە بەشی (٢٧) ی تەممووزدا، لە نوسینی سایمیۆنی کۆکەرەوە Symeon Metaphrastes[٢]. دواتر گریگۆریی تۆری (خەڵکی شاری تۆر Tours لە فەڕەنسا) Gregory of Tours (٥٣٨ ـ ٥٩٤ ز.)، بە لاتینی دایڕشتوە لە پەراوێکیدا بە ناوی *شکۆی شەهیدان* *De gloria martyrum*[٣]. دواتر

---

[1] Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Ibid.

ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:

**Land**, *Anecdota Syriaca*. Leyden, 1870. Vol. III. P. 87-ff.

عیواص، مصدر سابق، ص. ١٠٤. | حبي، مصدر سابق. ص. ٧٢.

[2] **Metaphrastes**, Symeon, *Lives of the Saints*. July 27.

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*. Vol. X. Art. *Symeon Metaphrastes*. By Adrian Fortescue.

Encycl. Britannica. Art. *Simeon Metaphrastes*.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Ibid

*Dolng-Brazharleonkh & Dolmbrasarlained, The Dólnbrasarian Migration Saga*.

@http://www.intrnet.net/~efenglom/Heorthstreow/Hartrie_World/Vwordt/DWRSPRAK/DOLNG.htm

[3] **Gregory of Tours**, *The Glory of Martyrs*. Book I. Chap. 95.

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*. Vol. VII. Art. St. *Gregory of Tours*. By H. Leclercq.

Encycl. Britannica. Art. *Gregory of Tours, Saint*. By Ian Nicholas Wood

هەر بە لاتینی لە پەڕاوی *ئەفسانەی زێڕین* *Golden Legend* (*Legenda aurea*) دا داڕێژراوەتەوە کە زۆرترین چیرۆکی لە خۆ گرتوە دەربارەی پیاوانی مەسیحی، لە کۆکردنەوە و داڕشتنی یەعقوبی ڤۆرەجینی Jacobus de Voragine (١٢٢٨ ـ ١٢٨٩ ز.) لە (١٢٧٥ ز.) دا، کە لە بنەڕەتدا بە ناوی *Legenda sanctorum* ـە بە واتای (خوێندنەوەگەلێك لەسەر قیددیسەکان) و لە ساڵی (١٤٥٠ ز.) ەوە چاپ دەکرێت، دواتر لە لایەن ویلیام کاکستۆن W. Caxton ـەوە کراوە بە ئینگلیزی و ئەمەش لە ساڵی (١٤٨٣ ز.) ـەوە چاپ دەکرێت[(١)]. هەروەها چیرۆکەکە گەلێك شێوەی تری سلاڤی و ئەنگلۆنۆرمانی و هەروەها گەلێك شێوە و داڕشتنەوە و خواستنی ئاڵمانی و بریتانیایی و هیندی و چینی و گورجیایی و قیبتی و یەهودیی هەیە[(٢)].

بە شێوەیەکی گشتییش دەتوانین بڵێین چیرۆکەکە لە ئەدەبیاتی ئایینیی مەسیحیە و لە جۆری نوسینی مێژویی نیە. هەندێك زانا و توێژەری ئورۆپاییش لە

---

(Professor of Early Medieval History, University of Leeds).

Wikipedia. Arts. *Seven Sleepers*. *Gregory of Tours*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Gregory_of_Tours

Rabenstein. Ibid.

حبي، مصدر سابق. ص. ٦٨.

(1) **Jacobus de Voragine,** *The Golden Legend.* Englished by William Caxton. Edited by F.S. Ellis, first issue, 1900. Vol. IV, Lives of the Seven Sleepers (Historia de Septem Dormientibus).

Catholic Encycl.Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

Encycl. Britannica. Art. *Jacobus De Voragine*.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Art. *Golden Legend*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/ Golden_Legend

Rabenstein. Ibid.

(2) Catholic Encycl.Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

Encycl. Britannica . Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

لایەن خۆیانەوە بە دوای ڕەگوڕیشەی چیرۆکەکەدا چون بە قوڵایی کولتوری گەلانی ئورۆپایی پێش مەسیحیەتدا.. من کاروبەرهەمی هەندێك لەمانەم دەست کەوتوە و لە ئەنجام و دۆزینەوەکانیان ئاگادار بوم و دواتر ئاماژە بۆ هەندێك ئەنجام دەکەم لەم بارەیەوە. لێرەشدا سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە ئەریستۆتێلیس Aristotle (Αριστοτέλης) (٣٨٤ پ. ز. ـ ٣٢٢ پ. ز.) لە پەڕاوی *(سروشتناسی)* *Physics* (Φυσιηε) ـەکەیدا[1] (کە ساڵی ٣٥٠ پ. ز. نوسیویەتی) ئاماژە بۆ چیرۆکی خەوتوەکانی ناوچەی ساردینیا Sardinia دەکات کە دورگەیەکە لە دەریای سپیی ناوەڕاستدا (هەرچەند ئەوانەی ئەم ئاماژەیەیەی ئەریستۆتێلیان باس کردوە ناوی ساردیس Sardes (Sardis) دەبەن[2] کە شارێك بوە لە خۆرئاوای تورکیای ئێستە لە هەمان ناوچەی ئێفیسوس، بەڵام لە وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی بەر دەستمدا نوسراوە ساردینیا). هەروەها چیرۆکێك هەیە لە میثۆلۆجیای یۆنانیدا دەربارەی گەنجێك بە ناوی ئێندیمیۆن Endymion (Ενδυμίων) کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە ئەشکەوتێکدا خەوتوە لە چیایەکدا بە ناوی لاتمۆس Latmos کە لە خۆرئاوای تورکیادایە بەڵکو نزیکە لە ئێفیسوسەوە[3]. کە ئەم ناوچەیەش هەمان شانۆی چیرۆکە مەسیحیەکەیە دەربارەی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس.

---

(1) **Aristotle**, *Physics*. Translated by R. P. Hardie and R. K. Gaye. Book IV. Part 11.

(2) Catholic Encycl.Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.
*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

(3) **Bulfinch**, Thomas, *Bulfinch's Mythology, The Age of Fable, or Stories of Gods and Heroes*. 1855. Chap. XXVI.
**Couzens**, Reginald C., *The Stories of the Months and Days*. New York, Frederick A. Stokes Co. 1923. Chap. XV: Monday-The Day of the Moon.
Encycl. Britannica . Art. *Endymion*.



پەیکەری ئێندیمیۆنی خەوتو



وێنەی ئەو ئەشکەوتەی کە دەکەوێتە چیای لاتمۆسەوە و بە پێی کولتوری ناوچەکە شوێنی خەوتنی ئێندیمیۆنە

واتە چیرۆکی خەوتنی ئەفسوناویی دورودرێژ یان هەتاهەتایی لە کولتوری ناوچەکەدا پێشینەی دێرینی هەیە. دواتر ئاماژەیەکیش بۆ پێشینەی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکە دەکەم. ئەو دو پێشینە یۆنانیەش کە ئاماژەیان بۆ کرا دەگەڕێنەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش زایین. لەمانەوە دڵنیا دەبین کە قسەکردن لەسەر لایەنی مێژویی و واقیعیی چیرۆکەکە زۆر لەوە قورسترە ئیمپراتۆرێکی بتپەرست بکەین بە سەرەتای چیرۆکەکە و ئیمپراتۆرێکی مەسیحی بکەین بە کۆتایی، بەڵکو پێش

شیکردنەوەی لایەنی کولتوریی چیرۆکەکە هەمو قسەیەکمان لەسەر لایەنی مێژو بە فیڕۆ دەچێت. ئەلیفبای توێژینەوەی زانستیی ئەم چەمك و چیرۆکانەش ئەوەیە وەکو چەمکی هزری لە سەرەتاوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

قورئانیش کاتێك ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە هیچ دراو و زانیاری و ئاماژەیەکی مێژویی دیاریکراو نادات بەدەستەوە و زۆر کاری لەسەر ئەوە کردوە کە بایەخی دراو و ئاماژە و چوارچێوە مێژوییەکەی چیرۆکەکە و ناو و ژمارەی خەوتوەکان و هەتاکو ژمارەی ساڵانی خەوتنەکەیان کەم بکاتەوە و داوا لە خوێنەری خۆی دەکات کە بە دوای ئەو شتانەدا نەچێت، بەڵکو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ کرۆکی چیرۆکەکە و بەها و نرخە هێمایی و ڕۆحیەکەی. ئەوەش لایەنێکی هونەری چیرۆکە لە قورئاندا، کە قورئان بە مەبەستەوە چیرۆکەکانی هەڵ دەبژێرێت و بە مەبەستیشەوە چیرۆکەکە دەخاتەڕو، ئیتر چیرۆکەکە قورس ناکات بە ناوی کەسەکان و شوێنەکان و وردەکاریەکان، چونکە باسکردنی ئەوانە کرۆك و مەبەستی چیرۆکەکە دەشارێتەوە. بۆ نمونە لێرەدا هەرچەند سەرچاوە و چیرۆکە مەسیحیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خەوتوەکانی ئەشکەوت (حەوت) گەنج بون، و هەرچەند ئەم ژمارەیە باکگراوند و ڕیشەی خۆی هەیە و لە شیکردنەوەی چیرۆکەکەدا ڕۆڵی هەیە، بەڵام بۆ پەیامە قورئانیەکە ئەو ژمارەیە گرنگ نیە و دەقەکە لێرەدا باس لەوە دەکات کە بێ گومان خەڵك دوای بیستنی چیرۆکە قورئانیەکە قسەی جیاواز دەکەن دەربارەی ژمارەی خەوتوەکان، هەندێکیان دەڵێن (٣) کەس بون و هەندێکی تر دەڵێن (٥) کەس بون و هەندێکی تریش دەڵێن (٧) کەس: (سیقولون: ثلاثة رابعهم کلبهم، و یقولون: خمسة سادسهم کلبهم، رجما بالغیب، و یقولون: سبعة و ثامنهم کلبهم) (الکهف: ٢٢)، بێ گومان ئەم سێ ژمارەیە گریمانەیین و چیرۆکە مەسیحیەکان ژمارە (٧) دیاری دەکەن، بەڵگەیەکی تریش لەسەر گریمانەییبونی ئەم ژمارانە ئەوەیە کە ئەم سێ ژمارەیە پێکەوە دوابەدوای ژمارەیی «متوالیة عددیة» پێك دەهێنن: (٣، ٥، ٧) کە هەر ژمارەیەك (٢) ی زیاترە لە پێش خۆی:

(أصحاب الكهف): ٣ ٥ ٧

(أصحاب الكهف + كلبهم): ٤ ٦ ٨

لێرەدا دەقەکە هەرچەند ژمارە (٧) ڕەت ناکاتەوە و تەنها دو ژمارەی پێشو (٣ و ٥) ڕەت دەکاتەوە و ناوزەدیان دەکات بە (رجما بالغیب)، بەڵام هیچ ژمارەیەك لەم بارەیەوە بۆ قورئان گرنگ نیە: (قل: ربي أعلم بعِدَّتهم) (الكهف: ٢٢). لێرەوە دەتوانم بڵێم ڕۆشنبیری ئایینی بێئەمەکە بۆ بیری ئایینی کاتێك کاتێك هەوڵ دەدات چوارچێوەی مێژویی بۆ چیرۆکە ئایینیەکان بسازێنێت چونکە چیرۆکی ئایینی بۆ تۆمارکردنی مێژو نیە. هەر کاتێکیش ڕۆشنبیری ئایینی هەوڵی دا بۆ گونجاندنی چیرۆکی ئایینی لەگەڵ مێژودا ئەوا توشی شۆك «صدمة» ی قورس دەبێت، چونکە دەیەوێت یاسای چیرۆکی ئایینی بگۆڕێت، چونکە دەیەوێت چیرۆکێکی ئایینیی گەرموگوڕ بگۆڕێتەوە بە ڕوداوێکی مێژویی ساردوسڕ، چونکە دەیەوێت (هیوا) بگۆڕێتەوە بە (بێهیوایی). لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە لەگەڵ چەندین چیرۆکی تردا لە پەراوێزی بیروباوەڕی زیندوبونەوەدا هاتوەتە کایە و ڕەگ‌وڕیشەکەی لەو دەریا بێبنەدایە و لوتکەکەشی بۆ سەلماندنی ئەو بیروباوەڕەیە... بۆیە لە چیرۆکە مەسیحیەکە و لە چیرۆکە قورئانیەکەشدا کرۆك و واتای چیرۆکەکە سەلماندنی زیندوبونەوەی مرۆڤە لە پاش مردن. واتە مێژوی چیرۆکەکە لەگەڵ مێژوی بیروباوەڕی زیندوبونەوەدایە، نەك مێژوی ئیمپراتۆرە ڕۆمانیەکان، بەڵکو ئەمانە تەنها گۆزەیەکی تازەن بۆ شەرابێکی کۆن!

چیرۆکە ئیسلامیەکەی خەوتوەکانی ئەشکەوت لە زنجیرەی سینەمایی ئێرانیی (پیاوانی ئەنجلوس) دا نمایش کرا، و کرایە بوارێکی گفت‌وگۆ و ئاشنابونی نێوان ئیسلام و ئایینی مەسیحی. لێرەدا سەرەتا بەراوردێك دەکەین لە نێوان زانیاریە مێژوییەکانی زنجیرەکە لەگەڵ واقیعی مێژویی:

پوختەی چوارچێوەی مێژویی زنجیرەکە بەم شێوەیەیە:

گوایە سەرەتای چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (هادریان). (دیۆکلیتیان) یش هاوچەرخی ئەو بوە و تەنها فەرمانڕەوای شاری

(فیلادێلفیا) بوە واتە (عەممان) ی ئێستە. هەروەها (ماکسیمیلیان) یش هەر لە فیلادێلفیا گەورەی ڕاوێژکارانی دیۆکلیتیان بوە، جگە لەوەی زاوای دیۆکلیتیان بوە و مێردی (هێلین) ی کچی ئەو بوە. پێنج کاربەدەست و سەرکردەی سەربازییش لەگەڵ ماکسیمیلیاندا بە پەنامەکی مەسیحی بون و وازیان لە ئایینی ڕۆمانی هێناوە، کە یەکێکیان پزیشکی کۆشك بوە بە ناوی (تیلمیخا). ئەو ساڵەی کە هادریان خۆرهەڵات بەسەر دەکاتەوە دیۆکلیتیان کە فەرمانڕەوای فیلادێلفیا بوە خۆی ئامادە دەکات بۆ پێشوازیکردنی و شار دەرازێنێتەوە و بۆ ئەوەش کە هیچ ئاژاوەیەك لە لایەن مەسیحیەکانەوە بەرپا نەکرێت دەکەوێتە بەندکردن و سەرکوتکردنی مەسیحیەکانی شارەکە. بەڵام لە بەرامبەر هادریاندا ماکسیمیلیان و پێنج هاوڕێکەی بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا دەکەن و هادریان سوك دەکەن. دواتر لە بەندیخانەش ڕزگاریان دەبێت و پەنا دەبەن بۆ ئەشکەوتێك بە ناوی (ئەنجلوس) نزیك گوندێك بە ناوی (ڕەقیم) لە نزیك فیلادێلفیا. شوانێکیش بە ناوی ئەنتۆنیوس دەبێتە هاوەڵ و هاوچارەیان. دوای ئەوەی کە خەوی ئەفسوناوییان لێ دەکەوێت، و دوای ئەوەی کە هەر کەسێك بچێتە ناو ئەشکەوتەکەوە بە پرتاو ڕادەکاتە دەرەوە، دیۆکلیتیان ناچار دەبێت کە دەرگای ئەشکەوتەکە بە دیوار بگرێت. بەڵام ئەم دیوارە دوای مانگێك لادەبرێت و دەرگای ئەشکەوت بەواڵایی دەمێنێتەوە. ئینجا گوایە دیۆکلیتیان بیست ساڵ دوای ئەو ڕوداوە بەردەوام دەبێت لە فەرمانڕەوایی فیلادێلفیادا تا کودەتای بەسەردا دەکرێت و دەکوژرێت. ئینجا (٣٠٠) ساڵ دوای خەوتنەکەیان و لە سەردەمی (ثیـۆدۆسیوس) دا بە ئاگا دێنەوە. گوایە مەڵبەندی ثیۆدۆسیوس هەر شاری فیلادێلفیایە. دوای ئەوەی بەئاگا دێنەوە ماکسیمیلیان ڕودەکاتە فیلادێلفیا بۆ کڕینی نان بۆ خۆی و هاوەڵەکانی. جگە لەوەی بە دیمەنی گۆڕاوی شارەکە و خەڵکەکەی سەرسام دەبێت ئەو دراوەش کە پێیەتی دراوی سەردەمی هادریانە، بەمەدا لێی دەکەونە گومانەوە و ڕاپێچ دەکرێت بۆ لای دادوەر، تا لە کۆتاییدا بڕوا بە بەسەرهاتەکەی دەکەن و ثیۆدۆسیوس و کاربەدەستان و خەڵکی شار بەرەو ئەشکەوتەکە دەڕۆن و هاوڕێکانیشی دەبینن. ئەوەش وانەیەکی ڕون و ئاشکرا

دەبێت بۆ خەڵکەکە لەسەر زیندوبونەوە.

بێ گومان ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای چیرۆکە مەسیحیەکە بنیات نراوە، بە تایبەتی شێوە سوریانی و یۆنانیەکەی.. چونکە ناوی حەوت کەسەکە لە زنجیرەکەدا بە گشتی بە شێوەی ناوەکانی چیرۆکە یۆنانیەکە و هەندێك شێوەی چیرۆکە سوریانیەکە هاتون، بە تایبەتی ناوی (ئەنتۆنیوس) کە لە دەقە یۆنانیەکە (ی میتافراستێس) و هەندێك شێوەی چیرۆکە سوریانیەکەدا ناوێك هاتوە بە شێوەی ئەنتۆنینۆس Antoninos. هەروەها لە شێوە سوریانی و یۆنانیەکەدا ناوی ئەو چیایەی ئەشکەوتەکەی تێدا بوە بە شێوەی Anchilos هاتوە. هەروەها سەبارەت بە ناوی (ماکسیمیلیان) یش، ئەوە لە زمانی یۆنانیدا وایە، ئەگەرنا لە زمانی ڕۆمانی (لاتینی) دا دەوترێت (ماکسیمیان). بەڵام لە لایەکی ترەوە چیرۆکی زنجیرەکە لە زۆر لایەنی بنەڕەتیەوە جیاوازە لە هەمو چیرۆکە مەسیحیەکان. چیرۆکە مەسیحیەکان، کە ڕەسەنایەتییان هەیە چونکە چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی یۆنانی ـ مەسیحیە، بە گشتی لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون کە ئەو حەوت کەسە حەوت گەنجی مێردمناڵ بون و خانەدان و ڕۆمانی بون لە شاری ئێفیسوس Ephesus کە شوێنەوارەکانی دەکەونە نزیك شاری (سەلجوق) Selçuk (ئەیاسۆلوك) ی ئێستە لە خۆرئاوای تورکیا. یەکێك لەوانە ماکسیمیلیان کە بە پێی هەندێك دەق کوڕی بەڕێوەبەری کۆشك بوە و خۆی تەنها مێردمناڵێك بوە. ئینجا ساڵی (٢٥٠ ز.) ئیمپراتۆری ڕۆمانی دەکیوس Decius (٢٤٩ ز. ـ ٢٥١ ز.) یاخود دەکیانوس (دەقیانوس) Decianus یەکەم هێرشی ئازاردان و چەوساندنەوەی ڕێکخراو دەست پێ دەکات دژی مەسیحیەکان. بۆ ئەوەش سەردانی چەند شارێك دەکات. تا دێتە شاری ئێفیسوس. لەوێ ئەو حەوت گەنجە دەهێنرێنە بەر دەستی، ئەوانیش ناترسن و بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام دەکیوس کە دەبینێت گەنجن و خانەدانن مۆڵەتیان دەداتێ بۆ بیرکردنەوە و پەشیمانبونەوە. بەڵام ئەوان سود لە مۆڵەتەکە دەبینن و پەنا دەبەن بۆ ئەشکەوتێك نزیك شاری ئێفیسوس. پاشان دەکیوس دەگەڕێتەوە بۆ شاری ئێفیسوس و هەواڵیان دەپرسێت تا شوێنەکەیان

**دەدۆزێتەوە و دەرگای ئەشکەوتەکە بە بەردی گەورە یان بە دیواری بەرد دەگرێت بۆ ئەوەی ببێتە گۆڕ بۆیان. تا دوای تێپەڕبونی نزیکەی (٢٠٠) ساڵ و لە سەردەمی ئیمپراتۆری مەسیحی ثیۆدۆسیوسی دوەم (٤٠٨ ز. - ٤٥٠ ز.)، کەسێك لەو ناوچەیە دەیەوێت بەردی دەرگای ئەشکەوتەکە بە کار بهێنێت بۆ خۆی و بەردەکان لادەدات و ئاووهەوایەکی تازە لێیان دەدات و بەوە بە ئاگا دێنەوە. دوای ئەوە یەکێك لەوان، بە ناوی یەملیخوس یان ناوێکی تر، دەڕوات بۆ شاری ئێفیسوس، تا ئاشکرا دەبێت، لە کۆتاییشدا ئوسقوفی شاری ئێفیسوس و فەرمانڕەوای ئەو شارە و کۆمەڵێك خەڵك دەچن بەرەو ئەشکەوتەکە، و دەنێرن بە شوێن ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوسدا کە لە کۆنستانتینۆپۆلیس** Constantinople (Κωνσταντινόπολις) **ی پایتەخت بوە، واتە ئیستەنبول (ئیستێنپۆلیس** Είστήνπόλις**). ئینجا بە پێی زانیاریە مەسیحیەکان ئەوە لە ساڵی (٣٨) ی فەرمانڕەوایی ثیۆدۆسیوسدا بوە، واتە ساڵی (٤٤٦ ز.)، بە پێی ئەمەش لە ساڵی (٢٥٠ ز.) ەوە کە ساڵی بونی دەکیانوسە لە ئێفیسوس تا ئەم کاتە دەکاتە (١٩٦) ساڵی ڕێك، واتە نزیکەی (٢٠٠) ساڵ[1].**

---

[1] **بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکە مەسیحیەکە، بڕوانە:**

Metaphrastes. Ibid.

Gregory of Tours. Ibid.

Jacobus de Voragine. Ibid.

**Chardri**, La vie des set dormanz, *The Seven Sleepers of Ephesus*. Translation (from the Anglo-Norman) by Tony Devaney Morinelli. Published by Anglo-Norman Text Society, 1977. Brian S. Merilees, Editor. *from* Internet Medieval Source Book.

@http://www.fordham.edu/halsall/basis/7sleepers.html

Gibbon. Ibid.

Encycl. Britannica . Art. *Seven Sleepers of Ephesus*.

Catholic Encycl.Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*.

ئەوەی مێژوییە لەم چیرۆکە مەسیحیەدا ئەوەیە کە لە واقیعدا ئیمپراتۆر دەکیوس یەکەم بەرنامەی ئازاردانی مەسیحیەکانی لە هەموو لایەکدا پیادە کرد، ئەوەش لە ساڵی (٢٥٠ ز.) دا، واتە لە دوەم ساڵی دەست بە کاربونیدا. تا ساڵی (٢٥١ ز.) لە بەرەی جەنگدا لەگەڵ گۆثیەکان «القُوطِیّون» Goths ی باکوردا بریندار دەبێت و تیادەچێت. ئەوەش مێژوییە کە ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوسی دوەم لە تەمەنی (٧) ساڵیدا دەبێتە ئیمپراتۆر، بەڵام فەرمانڕەوا و سیاسەتمەداری ڕاستەقینە خوشکە گەورەکەی دەبێت بە ناوی پولکیریا Pulcheria (٣٩٩ ـ ٤٥٣ ز.) (واتە سیٚ ساڵ پێش ثیۆدۆسیوس لە دایك بوە و سیٚ ساڵ دوای ئەو مردوە!). ئەم خوشکە ڕەبەنە ثیۆدۆسیوس پەروەردە دەکات لەسەر باوەڕی مەسیحی و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر ئیمپراتۆری لاو. بۆیە لە ماوەی (٤٢) ساڵی فەرمانڕەواییدا ثیۆدۆسیوس ئیشێکی زۆر بۆ ئاینی مەسیحی دەکات. ئەم خوشکە بە ناوی ئیمپراتۆرەوە بڕیاری دەر دەکرد دژی جولەکە و بتپەرستان و مسقۆفان (ئەمەش واتە هەر دەنگێکی جیاواز)، هەر بە ئاماژەی ئەو ـ و کۆششی ئوسقوف کیریل Cyril ی ئەلیکساندریایی «کیرِلُس الإسکندري» (٣٧٥ ـ ٤٤٤ ز.) ـ مەسیحیەکان لە میسر / ئەلیکساندریا «الإسکندریة»، ژنە فەیلەسوف نامەسیحیی پلۆتینی و یەکەم ژنە میکانیکا/ماتماتیکا/ناس هیپاتیا Hypatia (Υπατία) (٣٧٠ ـ ٤١٥ ز.) یان کوشت کە ئەوەش سەرەتایەکی داڕوخانی بونیادی فیکر و فەلسەفەی ئەلیکساندریا بو. هەر لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا دو کۆنگرەی گرنگی مەسیحی دەگیرێن، یەکەمیان کۆنگرەی یەکەمی ئێفیسوس لە ساڵی (٤٣١ ز.) دا، بۆ ساخکرنەوەی ئەوەی کە مەسیح یەك سروشتی خوایی ـ مرۆیی هەیە بە یەکگرتویی، ئیتر باوەڕی نێستۆریوس Nestorius (٤٥١ ز.) ئوسقوفی کۆنستانتینۆپۆلیس بەوەی کە مەسیح سروشتێکی خوایی و سروشتێکی مرۆیی جیاوازی هەبوە بە بیدعە «هَرْطَقة»

---

*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

عیواص، مصدر سابق. ص‌ص. ١٠٤ ـ ١٠٨. | حبي، مصدر سابق. ص‌ص. ٦٥ ـ ٦٧.

دادەنرێت و نێستۆریوس لە پەرژینی کلێسا وەدەر دەنرێت. ئەمەش هەموی بە ئاماژە و سیاسەتی خوشکە گەورەکەی. دوەمیان کۆنگرەی دوەمی ئێفیسوس لە ساڵی (٤٤٩ ز.) دا، بۆ بڕیاردان لەسەر باوەڕی ئوتیخا Eutyches (٣٧٥ ـ ٤٥٤ ز.) کە باوەڕی وابو کە لایەنی خوایی لە مەسیحدا زاڵ بوە بەسەر لایەنی مرۆییدا و بەوپێیەش جەستەی مەسیح تەنها تارماییەك بوە، کە ئەمەش پێچەوانەی باوەڕی مەسیحی (ی ئۆرثۆدۆکسی) بو بەوەی کە لایەنی خوایی و لایەنی مرۆیی لە مەسیحدا یەکیان گرتوە بە بێ تێکەڵبون و گۆڕان، ئیتر ئوتیخا ناچار بە پەشیمانی کرا و باوەڕی ئۆرثۆدۆکسی چەسپێنرا(1). واتە لە ڕاستیدا ثیۆدۆسیوس و خوشکەکەی دەستیان هەیە لە ساخکردنەوەی بەندەکانی باوەڕی مەسیحیدا. بەڵام جگە لەمانە ڕەگەزەکانی تری چیرۆکەکە ڕەگەزی چیرۆکن و بەڵگەی مێژوییان لەسەر نیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە چیرۆکە مەسیحیەکە پێشەنگە و ڕەسەنە لە بوارەکەی خۆیدا، بەڵام نوسەری چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکە ئەو چیرۆکەی لە چەند لایەکەوە شێواندوە. پێش هەموو شتێك ناوی (دەکیانوس) ی لەگەڵ (دیۆکلیتیانوس) دا تێکەڵ کردوە و پەردەی داوە بەسەر ڕۆڵی دەکیانوس (دەکیوس) دا. هەرچەند هەندێك جار لە زنجیرەکەدا ناوی (دەقیانوس) یش دەبرێت وەکو ئاماژەیەك بۆ دیۆکلیتیانوس! پێ دەچێت نوسەری چیرۆکی زنجیرەکە وای زانیبێت (دیۆکلیتیانوس) ناوە واقیعیەکەیەتی و (دەقیانوس) ناوە کەلەپوریەکەیەتی! بێ گومان ئەو نوسەرە ناوی Decius یشی بینیوە لە سەرچاوەکاندا بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستە وشەکە لە ئینگلیزیدا بە (دێسیوس) دەخوێنرێتەوە ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، بۆیە بە (دێسیوس) ناوی دەبات وەکو ئیمپراتۆرێکی جیاواز. ئینجا کاتێك لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا ناوی (ماکسیمیلیان) یان (ماکسیمیان) هاتوە، ئەمەی تێکەڵ

---

(1) **Nathan**, Geoffrey S. (University of California- Los Angeles), *Theodosius II*. An Online Encyclopedia of Roman Emperors.

@http://www.roman-emperors.org/theo2.htm

کردوه لەگەڵ (ماکسیمیلیان) ی هاوکاری دیۆکلیتیانوسدا، بەڵام کورد گوتەنی (هەمو سمێڵ سورێك هەمزاغا نیە!)، هەمو ماکسیمیلیانێکیش ماکسیمیلیانی هاوکار و هاوبەشی دەسەڵاتی دیۆکلیتیان نیە. جگە لەوەی کە پاڵەوانانی چیرۆکەکە کۆمەڵێك گەنجی تازە پێگەیشتو بون و کاربەدەست و فەرمانڕەوا نەبون. ئینجا زنجیرەکە دیۆکلیتیان و ماکسیمیلیان دەکاتە فەرمانڕەوایەکی ناوخۆیی و لاوەکی بۆ شارۆچکەی فیلادێلفیا، ئەوەش لە سەردەمی ئیمپراتۆر هادریاندا.

لە کاتێکدا واقیعەکە بەم جۆرەیە (لێرەدا پشت دەبەستین بە ئێنسایکلۆپیدیای بریتانیایی و هەندێك سەرچاوەی متمانەداری تر):

■ هادریان Hadrian:



پەیکەری هادریان. مۆزەخانەی ئارکیۆلۆجیایی Museo Arqueológico
سێڤیلا «إشبیلیە». ئیسپانیا

(٢٤) ی کانونی دوەمی (٧٦ ز.) لە دایك بوە. (١٠) ی تەمموزی (١٣٨ ز.)

**مردوه. سالآنی (١١٧ ـ ١٣٨ ز.) ئیمپراتۆر بوه[١]. له سەردەمی هادریاندا هەندێك ئازاردانی مەسیحی هەبوه و هەندێك شەهید هەبون له سەردەمی ئەودا، بەڵام شایەنی باس نیە، بە تایبەتی لەچاو ئەو ئازاردانە سەرتاسەرەی کە دەکیوس و دیۆکلیتیان بەرپایان کرد. سەرچاوە مێژویی و هەتاکو مەسیحیەکانیش ئاماژە ناکەن بۆ ئازاردانی مەسیحیەکان له فیلادێلفیا و له سەردەمی هادریاندا. بەڵکو بونی ژمارەیەکی بەرچاو له مەسیحی له فیلادێلفیا و لەو سەردەمەدا جێی گومانە. شایەنی باسە کە هادریان ناوچەی ئوردونی بەسەر کردوەتەوە و دەوروبەری ساڵی (١٣٠ ز.) چوەتە شاری جەرەش «جَرَش» Jarash له باکوری فیلادێلفیا و لەوێ پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە و شارەکەی بۆ ڕازاوەتەوە و تاقی سەرکەوتن «قوس النصر» دروست کراوە بۆ پێشوازیکردنی. بەهۆی ئەوەشەوە شارەکە له ڕوی بیناسازیەوە پێش کەوتوە[٢]. ئەوکاتە شاری جەرەش گەورەتر و گرنگتر بوە له فیلادێلفیا و ئێستەش شوێنەوارەکانی زۆرتر و بەبایەخترن. بەڵام هیچ قسە و باسێك لەسەر پێشوازیکردنی هادریان له فیلادێلفیا نیە. بەڵام کێشەی هادریان**

---

[١] دەربارەی (هادریان) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Hadrian*. By G.W. Bowersock (Professor of Ancient History, Institute for Advanced Study, Princeton).

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *Publius Ælius Hadrian*. By Karl Hoeber.

**Jewish Encycl**opedia. Published between 1901-1906. Online Version 2002. Art. *Hadrian*. By Richard Gottheil, Samuel Krauss.

**Lendering**, Jona, Roman Emperors: The Second Century, *Hadrian*. Livius.
@http://www.livius.org/ei-er/emperors/emperors02.html

[2] **Baird**, Rodney R., *Jarash*. Ancient Route for Rod Baird. 2000.
@http://www.ancientroute.com/cities/gerasa.htm

*Jerash - A Brief History*. Almashriq (المشرق) - the Levant cultural riches from the countries of the eastern Mediterranean.
@http://almashriq.hiof.no/jordan/900/930/jerash/jerash.html

لەگەڵ جولەکەدا بوە، چونکە هادریان بڕیارێکی دەر کرد بە قەدەغەکردنی هەمو جۆرە شێواندنێکی سروشت و شێوەی مرۆڤ، جا لەبەر ئەوەی ئەمە خەتەنەکردنی جولەکەشی دەگرتەوە جولەکە هەندێك شۆڕش و ڕاپەڕینیان بەرپا کرد، بەڵام سەرەنجامی ئەوە وێرانبونی ئورشەلیم و تیاچونی نزیکەی ملیۆنێك مرۆڤ بو[1].

■ **دەکیوس Decius:**



پەیکەری دەکیوس. مۆزەخانەی کاپیتۆلین Musei Capitolini. ڕۆما. ئیتالیا

سالی (٢٠١ ز.) لە دایك بوە، لە حەزیرانی سالی (٢٥١ ز.) دا لە جەنگدا بریندار بوە و کوژراوە. لە نێوان سالانی (٢٤٩ ـ ٢٥١ ز.) دا ئیمپراتۆر بوە، واتە تەنها نزیکەی سێ ساڵ. لە نێوان هادریان و دەکیوسدا (١٩) ئیمپراتۆر هەیە. پێش دەکیوس لێرە و لەوێ و پچڕ پچڕ ئازاری مەسیحیەکان دراوە، بەڵام دەکیوس بۆ یەکەم جار بەرنامەیەکی سەرتاسەریی بۆ لەناوبردنی خودی ئایینی مەسیحی دانا، ئەوەش یان وەکو ڕق و تۆڵەیەك لە ئیمپراتۆر (فیلیپوس) ی عەرەبی Philip the Arabian (٢٤٤ ـ ٢٤٩ ز.)، کە لە پێش دەکیوسدا بوە و لەگەڵ مەسیحیەکاندا باش بوە، تا لە کۆتاییدا دەکیوس کودەتای بەسەردا دەکات و دەیکوژێت. یان وەکو چاکسازی و نوێکردنەوەیەك بۆ کۆمەڵگای ڕۆمانی لە ڕێگەی

---

[1] Jewish Encycl. Art. *Hadrian*.

زیندوکردنەوەی ئایینی ڕۆمانیی ڕەسەنەوە بە بێ دەرککردنی ئەو بارودۆخە نوێیەی کە هاتوەتە کایە، واتە کەسێکی تیۆری بوە. هەندێکیش دەڵێن هەر خۆی کەسێکی دڕندە و دڵڕەق بوە، هەندێکی تریش تەنها بە ئامانجێکی سیاسی لێکی دەدەنەوە[1].

■ **دیۆکلیتیان** Diocletian:



**پەیکەری دیۆکلیتیان. مۆزەخانەی ئارکیۆلۆجیایی. ئیستەنبول. تورکیا**

**(٢٢) ی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٤٥ ز.) لە دایك بوە، لە (٣) ی کانونی یەکەمی ساڵی (٣١٦ ز.) دا مردوە. لە نێوان هادریان و دیۆکلیتیاندا (٣٥) ئیمپراتۆر هەیە، چونکە دیۆکلیتیان لە نێوان ساڵانی (٢٨٤ ـ ٣٠٥ ز.) دا ئیمپراتۆر بوە ئەوەش واتە لە نێوان مردنی هادریان و دەست بە کاربونی دیۆکلیتیاندا (١٤٦) ساڵ هەیە! لە**

---

[1] دەربارەی (دەکیوس) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Decius*.

Catholic Encycl. Vol. VI. Art. *Decius* (Caius Messius Quintus Trajanus Decius). By P. J. Healy.

Wikipedia. Art. *Decius*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Decius

Lendering, Roman Emperors: The Third Century, *Decius*.

@http://www.livius.org/ei-er/emperors/emperors03.html

–عیواص، مصدر سابق. ص. ١١٥.

کاتێکدا لە زنجیرەکەدا کراون بە هاوچەرخی یەکتر. هەروەکو دیۆکلیتیان تەنها فەرمانڕەوایەکی فیلادێلفیا نەبوە، بەڵکو (ئیمپراتۆر) و (کایسەر) و (ئۆگەستوس) بوە و چەندین نازناوی تریشی هەبوە. پایتەختەکەشی لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریێتیدا بوە، لە شاری نیکۆمیدیا Nicomedia (شاری ئیزمیت Izmit ی ئێستە لەسەر دەریاچەی مەڕمەڕە لە تورکیا). دیۆکلیتیان بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریێتییەکی پانوپۆڕ و بۆ ڕێگرتن لە هەمو دوبەرەکییەك ساڵی (٢٨٥ ز.) (ماکسیمیلیان) ی کردە ئیمپراتۆری بەشی خۆرئاوا کە مەڵبەندەکەی شاری (میلان) بو لە باکوری ئیتالیا. بەم شێوەیە هەردوکیان ئیمپراتۆر بون، و هەرگیز ماکسیمیلیان فیلادێلفیای نەبینیوە. دواتریش دیۆکلیتیان دو ئیمپراتۆری هاوکاری تری دانا، ئەوەش لە ساڵی (٢٩٣ ز.) دا، کە نازناوی (کایسەر) ی بە دو سەرکردە بەخشی: گالێریوس Galerius کە لە بنەڕەتدا شوانێکی نەخوێندەوار بوە، لەگەڵ کۆنستانتیوس Constantius.



پەیکەری کۆنستانتیوس



پەیکەری گالێریوس

مەڵبەندی گالێریوس لە سیرمیوم Sirmium (سێربیای ئێستە) بو. کۆنستانتیوسیش لە Augusta Trerirоum (تریێر Trier ی ئێستە) لە ئەڵمانیا. ئەمەش پێی دەوترا ڕژێمی چوارەکی «النظام الرباعي» کە بە چوار دەسەڵاتدار ئیمپراتۆریێتی بەڕێوە دەبرا. بەڵام دەسەڵاتی بنەڕەتی دیۆکلیتیان بو. دیۆکلیتیان لە

خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرێتی فەرمانڕەوایی دەکرد: ثراکیا «تراقیا» Thrace (Thracia) (ئاسیای ناوەڕاست و بولگاریا و یۆنان) و ئاسیا (سوریا) و میسر. بەشی ماکسیمیلیانیش بریتی بو لە ئیتالیا و (باکوری) ئەفریقا. بەشی گالێریوسیش: ناوچەکانی سەر ڕوباری دانوب Danub. بەشی کۆنستانتیوسیش: وڵاتی گالیا «الغال» Gaul (Gallia) (فرەنسا و دەوروبەری) و بریتانیا و ئیسپانیا. ئینجا دەربارەی خزمایەتی و ژنوژنخوازیی نێوان ئەم چوار کەسە بەم جۆرەیە: گالێریۆس ڤالێریا Valeria ی کچی دیۆکلیتیانی مارە کرد و، کۆنستانتیوس ثیۆدۆرا Theodora ی زڕکچی ماکسیمیلیانی مارە کرد دوای ئەوەی کە کۆنستانتیوس دەستبەرداری هێلینا Helena ی ژنی یەکەمی بو کە دایکی ئیمپراتۆرێکی دواترە بە ناوی کۆنستانتینی گەورە Constantine the Great کە دواتر ماکسیمیلیان کچە بچوکەکەی فاوستا Fausta دەداتە ئەم کۆنستانتینە. ئیتر ئەوەی لە زنجیرەکەدا هاتوە کە ماکسیمیلیان مێردی (هێلین) ی کچی دیۆکلیتیان بوە ئەمە لە مێژودا هیچ باسێکی نیە. لە ڕوی ڕەسمییشەوە دیۆکلیتیان ماکسیمیلیان دەکاتە کوڕی خۆی، هەروەکو گالێریوسیش بە کوڕی خۆی دادەنێت. ماکسیمیلیانیش کۆنستانتیوس دەکاتە کوڕی خۆی.

بێ گومان سەردەمی دیۆکلیتیان سەردەمی دوا ئازاردانی سەرتاسەریی مەسیحیەکانە لە مێژوی ڕۆمانیدا. هەرچەند لە زۆربەی سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا مەسیحیەکان ئازادییەکی زۆریان هەبوە و لەو ماوەیەدا ئایینی مەسیحی زۆر پێش کەوتوە بە پێی گوتەی مێژونوسی کلێسا یوسێبیوسی کەیساریە «یوسِبیوس القَیْصَرِيّ» Eusebius of Caesarea (سەدەی ٤ ز.)[1]، بەڵام لە کۆتاییدا، بە هۆی

---

[1] **Eusebius**, *Ecclesiastical History*. Translated by the Rev. Arthur Cushman McGiffert. Excerpted from *Nicene and Post-Nicene Fathers*, Series Two, Volume 1. Edited by Philip Schaff & Henry Wace. American Edition, 1890. Book 8, chap. 1.

هەروەها:

کۆمەڵێك هۆكاری جۆراوجۆرەوە، بڕیاری سەركوتكردنی مەسیحیەكان دەدرێت لە هەمو لایەكدا. لەو هۆكارانە لە پێشەوە كاریگەریی گالێریوس كە شوێنكەوتەیەكی دەمارگیری ئایینی ڕۆمانیی كۆن بوە، كاریگەریی هەندێك فەیلەسوفی بەرهەڵستكاری مەسیحیەت وەكو فەیلەسوفی یۆنانیی پلۆتینی پۆرفیریوس Porphyry (٢٣٤ ـ ٣٠٥ ز.) و هەندێك فەرمانڕەوای وەكو هیركۆلیس Hiercoles، ترس لە یاخیبونی سوپاكان بە هۆی پاڵنەرە مەسیحیەكەوە، هەروەها ڕەنگە مەسیحیەكانیش هەندێك ئاژاوەیان نابێتەوە. جا لە نیكۆمیدیا كۆدەبنەوە و ئەو فەرمانە لە ساڵی (٣٠٢ ز.) دا دەر دەكەن، هەروەها ساڵانی (٣٠٣ ـ ٣٠٤ ز.) سێ فەرمان «مرسوم» ی هاوشێوەی تر دەر دەچێت. هەرچەند گوایە دیۆكلیتیان سوێندی خواردوە دەبێت خوێنی تێدا نەڕژێت و تەنها ڕوخاندانی كلێسا و پەرتوبڵاوكردنەوەی كۆمەڵە مەسیحیەكان بێت بە شێوەیەك نەتوانن شانازی بكەن بە بیروباوەڕی خۆیانەوە، بەڵام ئەم سوێندە ڕەچاو نەكراوە و لە هەمو لایەكدا خوێن ڕژاوە. بەڵام لێرەشدا ئامارەیەكی تایبەتی بۆ فیلادێلفیا نەكراوە، تەنها ئەوە نەبێت كە ئێستە لە شاری عەممان كلێسایەك هەیە كە پێی دەوترێت كلێسای قیددیس ئەیلیان Aelian كە خەڵك دەڵێن لە سەردەمی دیۆكلیتیاندا شەهید بوە[1]، بەڵام لە زنجیرەكەدا تەنها لە فیلادێلفیادا ئەو شەپۆلی سەركوتكردنە هەبوە! هەندێك سەرچاوەش ئامارە بۆ میسر دەكەن كە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دیۆكلیتیاندا بوە و مەسیحیەكانی ئەوێ توشی ئازار و ئەشكەنجەیەكی ترسناكتر بون. ئینجا ئاشكرایە كە هیچ سەرچاوەیەكی نە مەسیحی و نە مێژویی چیرۆكی حەوت خەوتوەكەی نەبەستوەتەوە بە سەردەمی دیۆكلیتیانەوە، و لێكچونی ناوی دیۆكلیتیانوس و دەكیانوس یاخود (دقلطیانوس) و (دقیانوس) تەنها لێكچونێكی ڕواڵەتیە كە نوسەری چیرۆكی زنجیرەكەی خستوەتە هەڵەوە، لە كاتێكدا دو

---

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *Diocletian* (Valerius Diocletianus). By T.B. Scannell.

[1] *The Roman City of Philadelphia (Amman)*. Nabataea.
@http://nabataea.net/amman.html

**ئیمپراتۆری جیاوازن و (١٤) ئیمپراتۆریش لە نێوانیاندا هەبون!**

**دیۆکلیتیان بە هۆی نەخۆشیەوە پێش وادەی خۆی پیر دەبێت و توانای بەڕێوەبردنی نامێنێت، بۆیە بڕیار دەدات بە شێوەیەکی ئاسایی واز لە دەسەڵات بهێنێت و بە جێی بهێڵێت بۆ ئەوانی تر، بۆیە لە (١) ی مایسی ساڵی (٣٠٥ ز.) دا واز لە دەسەڵات دەهێنێت و پاشان دەچێت بۆ شاری** Salona (Solin)**، کە زێدی خۆی بو، لەسەر کەناری دەریای ئەدریاتیکی و لەوێ لە کۆشکێکی خۆیدا گۆشەنشین دەبێت تا لە (٣) ی کانونی یەکەمی ساڵی (٣١٦ ز.) دا بە شێوەیەکی سروشتی و بێ هیچ کێشەیەك دەمرێت[١]. بێ گومان هەر ئەو کاتەی کە واز لە دەسەڵات دەهێنێت مەسیحیەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەو ڕزگاریان دەبێت لە ئەشکەنجەدان. بەڵام لە خۆرئاوا کە گالێریوس لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە (جگە لەوەی جێی دیۆکلیتیانیش دەگرێتەوە لە خۆرهەڵاتدا) تا حەوت ساڵیش دوای وازهێنانەکەی دیۆکلیتیان بەرنامەی ئەشکەنجەدان هەر بەڕێوە دەبات تا لە ساڵی (٣١١ ز.) دا بە کاری هەڕەشەی کۆنستانتین (ی گەورە) و ماکسێنتیوس ڕای دەوەستێنێت، لەبەر ئەوە بە بۆچونی هەندێك ئەوەی دراوەتە پاڵ دیۆکلیتیان لە ئازاردانی مەسیحیەکان دەبێت بدرێتە پاڵ گالێریوس[٢]. دوای دیۆکلیتیان گالێریوس و کۆنستانتیوس لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە بە پلەی ئۆگەستوس: گالێریوس لە ساڵانی (٣٠٥ ـ ٣١١ ز.) دا، کۆنستانتیوس لە ساڵانی (٣٠٥ ـ ٣٠٦ ز.) دا[٣]. بەڵام ماکسیمیلیان دیۆکلیتیان**

---

[١] **دەربارەی (دیۆکلیتیان) بڕوانە:**

Encycl. Britannica. Art. *Diocletian*. By Jean Cousin (Professor of Latin Language and Literature, University of Besançon, France).

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *Diocletian*.

Jewish Encycl. Art. *Diocletian*. By Richard Gottheil, Samuel Krauss.

Lendering, Roman Emperors: The Third Century, *Diocletian*.

@http://www.livius.org/ei-er/emperors/emperors03.html

[2] Encycl. Britannica. Art. *Galerius*.

[3] Encycl. Britannica. Arts. *Galerius*. *Constantius I Chlorus*.

ناچاری دەکات کە هەر لەگەڵ ئەودا واز لە دەسەڵات بهێنێت[1]. لە کاتێکدا لە زنجیرەکەدا سەرەنجامی دیۆکلیتیان زۆر جیاوازە و نوسەری چیرۆکەکە لەوەدا تەنها پشتی بە خەیاڵی بەپیتی خۆی بەستوە، کە بە پێی زنجیرەکە دیۆکلیتیان بیست ساڵ دوای ئازاردانی مەسیحیەکان لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە تا لە کودەتایەکدا بە دەستی ڕکەبەرێکی خۆی دەکوژرێت!

■ **ماکسیمیلیان** Maximilian (**ناسراو بە ماکسیمیان هێرکولیوس** Herculius Maximian):



**وێنەی ماکسیمیلیان لەسەر دراوی لێدراوی خۆی**

لە (٢١) ی تەممونزی (٢٥٠ ز.) (؟) دا لە بنەچەیەکی شوانکارە و بێناونیشان لە سیرمیوم (سێربیا) لە دایك بوە. جەنگاوەرێکی ئازا و بەجەرگ و لە هەمان کاتدا دڵڕەق و دڕندە بوە. لە سوپادا جەماوەرێکی فراوانی هەبوە. بۆیە دیۆکلیتیان بۆ خۆلادان لە یاخیبونی جەنگاوەران و بۆ سودبینین لە توانا جەنگیەکانی بۆ سەرکوتکردنی دوژمنان لە (٢٨٥ ز.) دا کردی بە هاوکار لە دەسەڵاتدا بە ناوی کایسەر. دواتر لە (١) ی نیسانی (٢٨٦ ز.) دا نازناوی ئۆگەستوسی دەداتێ، هەروەکو بە کوڕی خۆیشی ڕادەگەیەنێت. نازناوی هێرکولیوس Herculius یشی پێ دەبەخشێت وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەو چیرۆکەی کە لە میثۆلۆجیای ڕۆمانیدا هەیە دەربارەی ئەو یارمەتیەی کە هێراکل «هِرَقْل» Heracles پێشکەشی جوپیتەر Jupiter ی باوکی کرد لە دوا جەنگیدا دژی زەبەلاحەکان Titans.

---

[1] Catholic Encycl. Vol. X. Art. *Maximianus*. By Karl Hoeber.

(لێرەدا هێراكل Heracles (Ηεραкλῆς) شێوەی یۆنانیی ناوەكەیە و هێركول Hercules شێوە ڕۆمانی (لاتینی) ـەكەیەتی، بنەڕەتی وشەكەش لە یۆنانیدا بریتیە لە Hera-kleos: شكۆی هێرا).




(جوپیتەر و هێركولیس)

باوك و كوڕ، دیۆكلیتیان و ماكسیمیلیان، دو ئیمپراتۆری هاوبەش

ئاشكرایە كە ئەو كاتەی دیۆكلیتیان لە خۆرهەڵات مەسیحیەكان سەركوت دەكات لە هەرێمەكانی خۆرئاواشدا ماكسیمیلیان هەمان بەرنامە پیادە دەكات. بۆیە مەسیحیەكان ڕقیان لە ماكسیمیلیانیش دەبێتەوە و بە دوژمنێكی ئایینی مەسیحیی دادەنێن. هەتاكو دەڵێن جارێك فەرمان دەدات بە باڵێك لە سوپاكەی كە باڵی ثیڤاییەكان (سەر بە شاری Thebes ی یۆنانی) بون كە مەسیحیەكانی ئەو شوێنەی ئێستە پێی دەوترێت سانت بێرناردی گەورە Great Saint Bernard لە چیاكانی ئاڵپدا لەسەر سنوری ئیتالیا ـ سویسەرلاند كوشتار بكەن، بەڵام ئەو باڵە لە سوپاكەی لە خۆیاندا مەسیحی بون و بە گوێیان نەكردوە، بۆیە لە ناوچەی ئەگاونوم Agaunum (سانت مۆریس St. Maurice لە هەرێمی ڤالەیس Valais ی سویسەرلاندی ئێستە) بە هەمو سوپاكەیەوە دەكەونە گیانی ئەو باڵە لە سوپاكەی تا كەمێكیان لێ دەمێنێتەوە، ئەوانیش سەردەبڕن... ئەم چیرۆكەش

**هیچ دور نیە لە سروشتی ماکسیمیلیانەوە. لەبەر ئەوە هەرگیز ناگونجێت ئەو ماکسیمیلیانە تازەلاوەی کە ناوی هاتوە لە چیرۆکی حەوت خەوتوەکەدا ئاماژە بێت بۆ ئەم ماکسیمیلیانەی کە هاوەڵ و هاوکاری دیۆکلیتیان بوە لە دەسەڵاتدا، چونکە مەسیحیەکان خۆیان هەردو ماکسیمیلیانی شەهید و پیرۆز و ماکسیمیلیانی نەفرەتلێکراو دەناسن و ناکرێت لێیان تێکەڵ بن، بەڵام لە زنجیرەکەدا ئەم دو کەسێتیە تێکەڵ کراون.**

**ئینجا با بزانین سەرەنجامی ماکسمیلیان چۆنە:**

**کاتێك لە (١) ی مایسی (٣٠٥ ز.) دا دیۆکلیتیان دەست لە کار دەکێشێتەوە و گۆشەنشین دەبێت، ماکسیمیلیانیش ناچار دەکات کە واز لە دەسەڵات بهێنێت لە هەمان بەرواردا. بۆیە ماکسیمیلیانیش سەرەتا ژیانێکی سەربەخۆی لە لوکانیا** Lucania **لە باشوری ئیتالیا دەست پێ کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی شاری ڕۆما لە سەردەمی دیۆکلیتیاندا کرابوە هەرێمێکی لاوەکی و لەبەر ئەوەش ڕژێمی قورسی گالێریوس لە باج و سەرانەدا ئیتالیا و ڕۆماشی گرتبوەوە، لەبەر ئەوانە لە ساڵی (٣٠٦ ز.) دا ئەنجومەنی پیرانی ڕۆما ماکسێنتیوس** Maxentius **(٣٠٦ ـ ٣١٢ ز.) ی کوڕی ماکسیمیلیانیان کرد بە ئیمپراتۆر بە پلەی کایسەر. بەڵام ئیمپراتۆری نوێ سەرکەوتو نەبو لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا، لەبەر ئەوە ناچار ماکسیمیلیان کە جەماوەری زۆری لە سوپادا هەبو گەڕایەوە بۆ گێڕانەوەی یاسا بۆ حکومەتی نوێ، بەم شێوەیەش دو ساڵی تر (٣٠٦ ـ ٣٠٨ ز.) ماکسیمیلیان ئیمپراتۆر بو. بەڵام لە کۆتاییدا دیۆکلیتیانی پیر لە خەڵوەتگەکەی خۆیەوە هەمو ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی بانگهێشت کرد بۆ کۆبونەوە لە سەربازگەی کارنونتوم** Carnuntum **لە کۆتایی ساڵی (٣٠٧ ز.) دا بۆ چارەسەری خۆسەپاندنی ماکسیمیلیان بەسەر دەسەڵاتدا. لەو کۆبونەوەیەدا جارێکی تر ماکسیمیلیانیان ناچار کرد واز لە پلەی ئیمپراتۆری بهێنێت و دەسەڵات بۆ ماکسێنتیوسی کوڕی مایەوە. دوای ئەوە چو بۆ وڵاتی گالیا (فەڕەنسا) کە کۆنستانتین (ی گەورە) فەرمانڕەوایەتی دەکرد، لەوێ کچە بچوکەکەی فاوستا**

Fausta دایە کۆنستانتین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێهیوا بو لەوەی پلەوپایەی ئیمپراتۆری بە دەست بهێنێتەوە لەویٚ، لەبەر ئەوە گەڕایەوە بۆ لای کوڕەکەی (ماکسێنتیوس) لە ئیتالیا، بەڵام کوڕەکەی وەری نەگرت، گالێریوسیش هەر وەری نەگرت بە هۆی چاوبڕینیەوە لە دەسەڵات. ئەم جارەیان ڕوی کردەوە وڵاتی گالیا و لەویٚ ئەرخەوانی ئیمپراتۆری «الأُرْجُوان الإمبراطوري» Imperial Purple ی لەبەر کرد. کاتێکیش سەربازەکانی زانیان کۆنستانتین، کە فەرمانڕەوای وڵات بو لە مارسیلیا Marsilia (Marseilles)، نزیك بوەتەوە هەر خۆیان دایان بە دەست کۆنستانتینەوە. بەڵام کۆنستانتین بەخشەندەیی لەگەڵ کرد و لێی خۆش بو. لەگەڵ ئەوەشدا ماکسیمیلیان دەستی کردەوە بە داڕشتنی پیلان بۆ لابردنی کۆنستانتینی زاوای، بۆیە کۆنستانتین ناچاری کرد بە خۆکوشتن، ئەوەش لە تەمموزی (٣١٠ ز.) دا بو[1].

ئەمە سەرەنجامی ماکسیمیلیانە لە مێژودا، کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کەسێتی و سەرەنجامی ماکسیمیلیانی چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکەدا یەك ناگرێتەوە. لێرەشدا سیٚ کەسێتی بە ناوی ماکسیمیلیان ئامادە دەبن، یەکەمیان: ماکسیمیلیانی ئیمپراتۆری مێژویی و بەو شێوەیەی ڕون کرایەوە، دوەم: ماکسیمیلیانی مێردمنداڵ لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا وەکو بیرۆکەیەکی کولتوری لە عەقڵی کۆمەڵدا، سێیەم: کەسێتییەکی تر بە هەمان ناو کە تێکەڵکردنی یەکەم و دوەمە و بەو شێوەیەش دەبێتە خەیاڵێکی پەتی لە عەقڵی تاکەکەسێکدا.

---

[1] دەربارەی (ماکسیمیلیان) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Maximian*.

Catholic Encycl. Vol. X. Art. *Maximianus*.

Lendering, Roman Emperors: The Third Century, *Maximian*.

@http://www.livius.org/ei-er/emperors/emperors03.html

■ **ثیـۆدۆسیوسی دوەم Theodosius II:**



**پەیکەری ثیـۆدۆسیوسی دوەم. لۆڤەر. پاریس**

**لە (١٠) ی نیسانی (٤٠١ ز.) دا لە دایك بوە. لە (١٠) ی کانونی دوەمی (٤٠٨ ز.) دا واتە لە حەوتساڵیدا بوەتە ئیمپراتۆر بە ناوی ئۆگەستوس. دوای (٤٢) ساڵ لە فەرمانڕەوایی و لە (٢٨) ی تەمموزی (٤٥٠ ز.) دا لە ڕوداوێکدا مردوە[1]. پایتەختی دەسەڵاتی ثیـۆدۆسیوس شاری (کۆنستانتینۆپۆلیس) بوە واتە ئیستەنبول. بەڵام لە زنجیرەکەدا پایتەختی ثیـۆدۆسیوس هەر شاری فیلادێلفیایە! (هەرچەند لە زنجیرەکەدا ثیـۆدۆسیوس کراوە بە فەرمانڕەوایەك لە فیلادێلفیا بە ناوی تیۆدۆس! و**

---

[1] **دەربارەی (ثیـۆدۆسیوسی دوەم) بڕوانە:**

Encycl. Britannica. Art. *Theodosius II*.

Wikipedia. Art. *Theodosius II*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/ Theodosius_II

Lendering, Roman emperors: the fifth century (east), *Theodosius II*.

@http://www.livius.org/ei-er/emperors/emperors05e.html

Nathan. *Theodosius II*. Ibid.

**عيواص، مصدر سابق. صص. ١١٥، ١١٦.**

گوایە ئیمپراتۆر ڤیۆدۆسیوسی دوەم لە کۆنستانتینۆپۆلیس کەسێکی ترە و پەیوەندیی بە چیرۆکەکەوە نیە![1]). ئەمەش جگە لەوەی ناواقیعیە لاوازییەکیشە لە سیناریۆدا کە ئاستی کارە هونەریەکە دادەبەزێنێت، چونکە ئیمپراتۆر پێشتر - بە پێی زنجیرەکە - سەردانی فیلادێلفیای کردوە و پاڵەوانەکان لەوێ بەرەو ڕوی بونەتەوە، دەبوایە بۆ جاری دوەمیش ئیمپراتۆر لە دورەوە سەردانی فیلادێلفیای بکردایە و ڕۆڵی لە چیرۆکەکەدا هەبوایە و بەئاگاهاتنەوەی خەوتوەکانی ببینیایە، بۆ ئەوەی جیاوازیی سەردەمی ئیمپراتۆرە بتپەرستەکان و سەردەمی نوێی ئیمپراتۆرە مەسیحیەکان دەر بکەوێت. ئەم دیمەنە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا کاری زۆری تێدا کراوە، بە شێوەیەك بابەتی هەندێك لە تابلۆی شوشە ڕەنگاوڕەنگەکانی کاتێدراییەکان لە ئورۆپادا بریتیە لە دیمەنی ئەو دو نێرراوەی کە هەواڵی خەوتوەکانی ئێفیسوس دەبەن بۆ ئیمپراتۆر لە کۆنستانتینۆپۆلیس، دواتر دیمەنی سەرڕێکەوتنی ئیمپراتۆر بەرەو ئێفیسوس[2]، کە ئەمەش چەندین کاری هونەریی

---

(1) ئەمە لە چەند ڕویەکەوە هەڵەیە: فەرمانڕەوایەك لە فیلادێلفیادا بە ناوی ڤیۆدۆس لە سەردەمی ڤیۆدۆسیوسی دوەمدا بونی نیە. جگە لەوەی لە بنەڕەتی چیرۆکەکەدا باسی فەرمانڕەوایەکی فیلادێلفیا نەکراوە بەڵکو باسی ئیمپراتۆر ڤیۆدۆسیوسی دوەم لە کۆنستانتینۆپۆلیس کراوە. جگە لەمانەش ناوی (ڤیۆدۆس) ی لە هەمان ناوی (ڤیۆدۆسیوس) ەوە وەرگرتوە کە لە چیرۆکەکەدا هەیە، ئەمەش لە خۆیدا هەڵەیە، چونکە کورتەی ناوی ڤیۆدۆسیوس (واتە بە بێ پاشگری وس) بریتیە لە (ڤیۆدۆسی) کە لە لاتینیدا بە Theodosii دەنوسرێت و لە ئینگلیزیدا بە Theodosy، نەك ڤیۆدۆس.

(2) Theodosius Arrives at Ephesus (Scene from the Legend of the Seven Sleepers), ca. 1200–1205. French; From the Cathedral of Notre-Dame, Rouen. Pot-metal glass and vitreous paint. The Cloisters Collection, 1980. The Metropolitan Museum of Art.

@http://www.metmuseum.org/toah/ho/07/euwf/hob_1980.263.4.htm

Episode from The Legend of the Seven Sleepers of Ephesus, about 1205. Stained Glass, Museum purchase, 1921. Worcester Art Museum.

@http://www.worcesterart.org/Collection/European/1921.60.html

**جوانی هێناوەتە کایە، جگە لەوەی وەکو ڕەگەزی چیرۆك کاریگەر و سەرنجڕاکێشە. لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا گفتوگۆیەکی تەواویش لە نێوان ئیمپراتۆر و حەوت خەوتوە بەئاگاهاتوەکەدا هەیە کە واتای زۆر دەبەخشێت و ئاماژەی زۆری تێدایە. بەڵام نوسەری چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکە لەم خاڵەدا هێندەی چیرۆکێکی سادە بۆ منداڵان خۆی ماندو کردوە.**



**دیمەنێك لە چیرۆکی حەوت خەوتوەکە: دو نێردراو لە شاری ئێفیسوسەوە هەواڵی بەئاگاهاتنەوەی خەوتوەکان دەهێنن بۆ ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوس. ئەم تابلۆیە لە شوشەی ڕەنگاوڕەنگە، کە دەوروبەری (١٢٠٥ ز.) دروست کراوە و یەکێك بوە لەو (٣٦) دیمەنەی کە پەنجەرەیەکی درێژیان لە شێوازی گۆثی «قُوْطيّ» ڕازاندبوەوە لە کاتێدرایی شاری ڕوان Rouen دا لە باکوری فڕەنسا، کە هەمو (٣٦) دیمەنەکە تەرخان کرابون بۆ چیرۆکی حەوت خەوتوەکە. ئێستەش ئەم ئەنتیکەیە لە مۆزەخانەی شاری ووستەر Worcester ـە لە ئینگلاند.**



دیمەنێك لە چیرۆکی حەوت خەوتوەکە: ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوس دەڕوات بەرەو شاری ئێفیسوس. تابلۆیەکی شوشەی ڕەنگاوڕەنگ لە کاتیدرایی نۆتردام Notre-Dame لە ڕوان / فرەنسا. لە شوشەی تێکەڵ بە کانزا و ڕوپۆشی شوشەیی. دەوروبەری (١٢٠٠ ز. ـ ١٢٠٥ ز.). مۆزەخانەی مێترۆپۆلیتان Metropolitan Museum بۆ هونەر لە نیویۆرك / بەشی پارچەکانی کلێسا و دێرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

**لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە چ پاڵنەرێك هەیە لە پشت ئەم سیناریۆ تایبەتی و نەگونجاوەوە لەگەڵ مێژو و لەگەڵ چیرۆکە مەسیحیەکەدا؟ وەڵامەکەش ئاشکرایە کە دو پاڵنەر هەیە:**

**یەکەمیان: ئەو ژمارەیەی کە لە قورئاندا هاتوە بۆ دیاریکردنی ساڵانی ماوەی خەوتنی حەوت خەوتوەکە، واتە ژمارە (٣٠٩). دۆزینەوەی ڕاستێتی «مصداقیة» ی مێژویی ئەم ژمارەیە نوسەری چیرۆکەکەی ناچار کردوە سەرەتای چیرۆکەکە بباتەوە بۆ سەردەمێکی زو کە سەردەمی هادریانە. لە کاتێکدا سەرچاوە مەسیحیەکان زۆربەیان نزیکەی (٢٠٠) ساڵ دیاری دەکەن، ئەوەش لە (٢٥٠ ز.) ی سەردەمی دەکیوسەوە تا دەوروبەری (٤٥٠ ز.) ی کۆتایی سەردەمی ثیۆدۆسیوس، بەم شێوەیەش ئەم سەرچاوە مەسیحیانە لەم ڕوەوە کێشەیان نیە. بەڵام هەندێك سەرچاوەی مەسیحیی تر، وەکو هەندێك دەقی سوریانی و لە لای ڕەبەنی زوقنینی**

**«الراهب الزُّقْنيني» Monk of Zuqnin (٧٧٥ ز. مردوه)[١] و ئەفسانەی زێڕین و دەقێکی ئەنگلۆنۆرمانی، (٣٦٢) یان (٣٧٢) ساڵ (بە جیاوازیی دەستنوسەکانی دەقە ئەنگلۆنۆرمانیەکە) دیاری دەکەن[٢]، هەروەها لە چیرۆکەکەی مار یەعقوبی ساروقی و لە مێژوەکەی ئۆرهایی نەناسراو «الرُّهَاويّ المجهول»[٣] (١٢٣٤ ز.) دا (٣٧٠) ساڵ دیاری کراوە[٤]، کە ئەمەش دەبێتە کێشە بۆ چیرۆکەکە. لێرەدا دەربارەی ژمارە (٣٧٢) دەڵێن بەهایەکی هێمایی هەیە چونکە ٣ + ٧ + ٢ = ١٢ کە خولێکی تەواوە، ئینجا ٢ + ١ = ٣ کە ئاماژەیە بۆ سێ ئوقنوم[٥]. لە دەقی ئەفسانەی زێڕینیشدا سەرەتا دەڵێت دوای (٣٦٢) ساڵ بە ئاگا هاتونەتەوە، بەڵام نوسەر گومان لەم ژمارەیە دەکات و بەدڵنیاییەوە دەڵێت لە ساڵی (٤٧٨ ز.) دا بەئاگا هاتونەتەوە و دەکیوسیش ساڵێك و سێ مانگ ئیمپراتۆر بوە، ئەمەش لە ساڵی (٢٧٠ ز.) دا، کەواتە تەنها (٢٠٨) ساڵ خەوتون[٦].. ئەمانەش کۆمەڵێك هەڵەن: ثیۆدۆسیوس لە (٤٥٠ ز.) دا مردوە و نەگەشتوەتە ساڵی (٤٧٨ ز.)، دەکیوسیش نزیکەی سێ ساڵ ئیمپراتۆر بوە لە ساڵانی (٢٤٩ ـ ٢٥١ ز.) دا نەك لە**

---

[١] **زوقنین: دێرێکی مەسیحی بوە نزیك دیاربەکر «آمد».**

[2] Jacobus de Voragine. Ibid.

Chardri. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

**–عیواص، مصدر سابق. ص. ١١٧. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٧.**

[٣] **مێژویەکی کلێسایە لە سەدەی (٦ ز.) ەوە تا سەدەی (١٣ ز.) بە زمانی سوریانی کە کەسێکی نەناسراوی خەڵکی شاری ئێدێسا Εδεσσα یاخود ܐܘܪܗܝ (ئۆرهای) «الرُّها» (ئورفەی ئێستە) نوسیویەتی. (الأب ألبير أبونا) یش وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی و ئەم وەرگێڕانەش ساڵی (١٩٨٦) چاپ کراوە.**

[٤] **عیواص، مصدر سابق. ص‌ص. ١١٧، ١١٨. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٧.**

[5] Chardri. Ibid.

[6] Jacobus de Voragine. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

(٢٧٠ ز.) دا! هەندێك سەرچاوەی تریش هەن كە كەمتر لە (٢٠٠) ساڵ دیاری دەكەن، وەكو زانای سوریانیی بواری ثیۆلوجیا و فەلسەفە و مێژو و ڕێزمان و شیعری سوریانی گریگۆریوس ئیبن عیبری «ابن العِبْريّ» Bar Hebraeus (١٢٢٦ ـ ١٢٨٦ ز.) لە كتێبێكیدا دەربارەی *(مێژوی پەتریاركەكان)* «*تأريخ البَطارِكة*» The History of the Patriarches كە چیرۆكەكەی تێدا باس كردوە، دەڵێت لە ساڵی (٣٨) ی سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا بوە و (١٨٨) ساڵ خەوتون[1]. هەروەها مێژونوسی ئینگلیزی ئێدوارد گیبۆن Edward Gibbon (١٧٣٧ ـ ١٧٩٤ ز.) لە كتێبە ناودارەكەیدا *(مێژوی دابەزین و ڕوخانی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی)* The History of the Decline and Fall of the Roman Empire چیرۆكەكە لە سەرچاوە مەسیحیەكانەوە دەگێڕێتەوە و (١٨٧) ساڵ دیاری دەكات بۆ ماوەكە، ئەمەش نزیكە لە زانیاریی پێشوەوە[2]. ئەم ژمارەیەش لەسەر ئەوە بەندە كە بەئاگاهاتنەوەكە لە ساڵی (٣٠) ی سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا بوە، بەو شێوەیەش لە ساڵی (٢٥٠ ز.) ـەوە تا ساڵی (٤٣٨ ز.) دەكاتە (١٨٨) ساڵ، هەرچەند ئیبن عیبری ڕەچاوی ئەمەی نەكردوە و دەڵێت لە ساڵی (٣٨) ی سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا بوە. ئینجا بەو پێیە كە لە دەقەكەی ساروقیدا كە كۆنترینیانە (٣٧٠) ساڵ دیاری كراوە، پێ دەچێت ئەم ژمارە زۆرە ڕەسەن بێت و ژمارەی (٢٠٠) تەنها گونجاندنێكی مێژویی بێت و دواتر ساز كرابێت.

دوەمیان: ئەو پرۆپاگەندایەی كە لە سەدەی بیستەمدا چەسپێنرا كە گوایە چیرۆكەكە لە شاری فیلادێلفیادا ڕوی داوە و ئەشكەوتەكە نزیك ئەو شارەیە. ئەمەش وای كردوە نوسەری چیرۆكی زنجیرەكە هەمو شتێك ببەستێتەوە بە فیلادێلفیاوە: دیۆكلیتیان فەرمانڕەوای فیلادێلفیا بوە كە واش نیە، هادریان سەردانی فیلادێلفیای كردوە كە واش نیە، ثیۆدۆسیوس لە فیلادێلفیادا بوە كە واش نیە!

---

(1) بڕوانە: عیواص، مصدر سابق. ص. ١١٧. ئەمیش ئاماژە دەكات بۆ: ابن العبري، *تأريخ البطاركة*. ترجمة: ثيودوتوس و فوبيوس.

(2) Gibbon. Ibid.

ئێستەش با بزانین ڕاستی و بەهێزیی ئەم دو بیرۆکەیە چۆنە:

سەرەتا دەربارەی ژمارە (٣٠٩) یان (٣٠٠)، ئەم ژمارەیە جگە لەوەی لە هیچ سەرچاوەیەکی مەسیحیدا نەهاتوە، بە هیچ لێکدانەوەیەك ساغ نابێتەوە و جێی نابێتەوە:

◙ ئەگەر بە پێی چیرۆکە مەسیحیەکە بێت، لە سالی (٢٥٠ ز.) ەوە کە دەکیوس (دەقیانوس) لەو ساڵەدا شالاوی ئازاردانی مەسیحیەکانی دەست پێ کردوە، تا ئەو ساڵەی کە دیاری کراوە لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسی دوەمدا، واتە ساڵی (٤٤٦ ز.)، دەکاتە (١٩٦) ساڵ، ئەگەر ئەم ساڵەش بنچینەیەکی نەبێت ئەوا نێوان ساڵانی (٤٠٨ ز.) و (٤٥٠ ز.) واتە ساڵی بونە ئیمپراتۆری ثیۆدۆسیوس و مردنی، دەگرینە دەست، بەو پێیەش ماوەکە بریتیە لە (١٥٨ ـ ٢٠٠) ساڵ.

◙ ئەگەر بە بێ هیچ بەڵگە و بنچینەیەك چیرۆکە مەسیحیەکە بدەینە لاوە و گریمانی ئەوە دابنێین کە سەرەتای چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیۆکلیتیان، ئەوا ئەگەر لەو ساڵەوە دەست پێ بکەین کە دیۆکلیتیان بڕیاری ئازاردانی مەسیحیەکان ڕادەگەیەنێت، واتە ساڵی (٣٠٢ ز.)، تا ساڵی دیاریکراو لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا، دەکاتە (١٤٤) ساڵ. بۆ دڵنیاییش: لە یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی دیۆکلیتیانەوە (٢٨٤ ز.) تا یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی ثیۆدۆسیوس (٤٠٨ ز.)، دەکاتە (١٢٤) ساڵ، لە وازهێنانی دیۆکلیتیانەوە (٣٠٥ ز.) تا مردنی ثیۆدۆسیوس (٤٥٠ ز.)، دەکاتە (١٤٥) ساڵ، لە مردنی دیۆکلیتیانیشەوە (٣١٦ ز.) دەکاتە (١٣٤) ساڵ.

◙ ئەگەر بە بێ هیچ پاڵپشت و نیشانەیەکیش چیرۆکەکە ببەینەوە بۆ سەردەمی هادریان، وەکو لە زنجیرە ئێرانیەکەدا ساز کراوە (لە کاتێکدا زۆربەی سەرچاوە و ئێنسایکلۆپیدیاکان ئاماژە بۆ هیچ ئازاردانێکی مەسیحیەکان ناکەن لە سەردەمی ئەودا). ئەوا لەو ساڵەوە کە هادریان ناوچەی ئوردون بەسەر دەکاتەوە (١٣٠ ز.) تا ساڵی دیاریکراو لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا (٤٤٦ ز.)، دەکاتە (٣١٦) ساڵ. ئەگەر لە ساڵی (٤٤٦ ز.) یشەوە (٣٠٩) ساڵ بگەڕێینەوە دواوە دەکاتە ساڵی (١٣٧ ز.)

واته ساڵێك پێش مردنی هادریان، كه ئەم ژمارەیه له زنجیرەكەشدا پشتی پێ بەستراوه، بەو پێیه كه له ساڵی (١٣٧ ز.) ەوه تا (٣٠٠) ساڵی دواتر دەكاته ساڵی (٣٣٧ .ز) له سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا.. بەڵام دەبێت پرسیار له مێژونوسان بكەین كه هادریان له ساڵی (١٣٧ ز.) دا له كوێ بوه و خەریكی چی بوه؟

به پێی سەرچاوه مێژوییەكان[1]:

له ساڵی (١٣٠ ز.) دا هادریان بڕیاری قەدەغەكردنی شێواندنی سروشتی جەستەی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت. تا له ساڵی (١٣٢ ز.) دا جولەكه له ئورشەلیم به سەرۆكایەتی باركۆخبا (بار كوكبا = ابن الكوكب) Bar Kokhba دژی ڕۆمان ڕادەپەڕن. هادریانیش له ساڵانی (١٣١ ـ ١٣٢ ز.) دا به سەردان له ئەثینا دەمێنێتەوه، دوای ئەوەش تا هاوینی (١٣٤ ز.) له ڕۆما مایەوه، ئیتر بڕیاری دا كێشەی ئورشەلیم كۆتایی پێ بهێنێت، بۆیه ئەفسەرێكی بەتوانای به ناوی سێكستوس جولیوس سێڤیروس Sextus Julius Severus دیاری كرد بۆ ئەو مەبەسته. تا ساڵی (١٣٥ ز.) هادریان گەیشته ئورشەلیم هەمو شتێك كۆتایی پێ هاتبو. بۆیه ساڵی (١٣٥ ز.) ساڵی سەركەوتنی هادریان و كۆتایی كێشەی نێوان ئورشەلیم و ڕۆما بو، هەروەها كۆتایی بونی هادریان بو له خۆرهەڵات، چونكه گەڕایەوه بۆ ڕۆما و سەرگەرمی دیاریكردنی جێگرێك بو بۆ دوای خۆی، واته ساڵانی (١٣٦ ـ ١٣٨ ز.) لەو كاتەوه كه گەڕایەوه بۆ ڕۆما تا مردنی، چەند كەسێكی دیاری كرد دوا به دوای یەك، بەڵام یان دەكوژران یان دەمردن یان كەڵكی ئەوەیان پێوه نەبو، تا له (١) ی كانونی دوەمی (١٣٨ ز.) دا ئەنتۆنینوس Antoninus دیاری كرا بۆ جێگری و هادریان به كوڕی خۆیی ڕاگەیاند تا هادریان له (١٠) ی تەموزی هەمان ساڵی (١٣٨ ز.) دا به نەخۆشیی ئاوبەند «الاستسقاء» Dropsy مرد.

بەم شێوەیه هادریان له ساڵی (١٣٧ ز.) دا له ڕۆما تەنها سەرگەردان بوه به دوای

---

[1] Encycl. Britannica. Art. *Hadrian*.

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *Publius Ælius Hadrian*.

جێگرێکی لێهاتو و گونجاودا بۆ خۆی، بەڵکو لەم ساڵەدا لەم بارەشەوە هیچی بە دەست نەهێناوە، واتە لە ساڵی (١٣٧ ز.) دا هادریان هیچ کارێکی بەرچاوی نەکردوە چ جای ئەوەی لە فیلادێلفیا ئامادە بێت. بەڵکو ڕوداوێکی مێژویی گرنگ نابینینەوە کە لە ساڵی (١٣٧ ز.) دا ڕوی دابێت! ئەو ئێنسایکلۆپیدیایانەش کە ڕوداوەکانی مێژویان بە پێی ساڵەکان ڕێك خستوە هیچ ڕوداوێکی گرنگیان دەست نەکەوتوە بۆ ساڵی (١٣٧ ز.) باسی بکەن![1]

سەبارەت بە بونی هادریانیش لە ناوچەی ئوردون «النَّبَطيّة»، ئەوە لە زستانی نێوان (١٢٩ ـ ١٣٠ ز.) دا بو، کە ئەو ماوەیە لە شاری جەرەش کە دەکەوتە باکوری فیلادێلفیا مایەوە[2]. بەڵام ـ وەکو ڕابورد ـ دەربارەی سەردانی لە خودی فیلادێلفیا هیچ باسێك نیە، هەروەکو هیچ باسێك دەربارەی ئازاردانی مەسیحیەکان لەم کاتەدا و لەم ناوچەیەدا نیە. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەنگە کەسێك لەم ساڵی (١٣٠ ز.) ەوە ماوەکە دەست پێ بکات، بەو شێوەیەش تا (٣٠٩) ساڵی دواتر دەکاتە ساڵی (٤٣٩ ز.) و ئەم ساڵە دابنێت بە کۆتایی ماوەکە... بەڵام ئەمە تەنها داتاشینە و هیچ بەڵگەیەکی نە مەسیحی و نە مێژویی لەسەر نیە، بەڵام دور نیە بۆ جێکردنەوەی ژمارە (٣٠٩) پەنای بۆ ببرێت! یان بە شێوەیەکی تر: هەندێك سەرچاوەی مەسیحی، وەکو ئەفسانەی زێڕین، ساڵی سیهەمی ماوەی ثیۆدۆسیوس دیاری دەکەن بۆ بەئاگاهاتنەوەی حەوت خەوتوەکە[3]، ئەوەش واتە ساڵی (٤٣٨ ز.)، ئەگەر (٣٠٩)

---

[1] بۆ نمونە بڕوانە:

Encycl. Britannica. Timelines.

**World Book** (Encyclopedia) 2003 (Deluxe). Time Frame.

هەروەها بڕوانە: آميدي، مصطفى، *حوادث العالم ـ منذ السنة الأولى الميلادية*. مطابع جامعة الموصل. ج. ١، ص. ١٨. (تێبینی: بیرۆکەی ئەم کتێبە بیرۆکەیەکی گەورەیە بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاریەکانی لە کۆمەڵێك سەرچاوەی هەمەجۆر و ناچونیەك و بە بێ بەراورد وەرگرتوە دژیەکی و دوبارەبونەوە و هەڵەی زۆری تێدایە).

[2] بڕوانە پەراوێزی ژ. (١٣).

[3] Jacobus de Voragine. Ibid.

ساڵ ژمارەکە ببەینە دواوە دەکاتە ساڵی (١٢٩ ز.) کە سەرەتای بونی هادریانە لە ئوردون... ئەم ڕێکەوتە ڕەنگە فریودەر بێت بۆ هەندێك کەس، بەڵام ئەو دەقە مەسیحیەی کە ئەم زانیاریە دەدات بە دەستەوە هەر ئەو دەقە ماوەی خەوتنەکە بە (٣٦٢) ساڵ دادەنێت[١]! ئەمە جگە لەوەی کە زانیاری مەسیحیی تریش لەبەر دەستدان کە جیاوازن، زۆربەشیان ساڵی (٣٨) ی سەردەمی ثیۆدۆسیوس دیاری دەکەن..[٢] بەڵام هیچیشیان بەڵگەی مێژوییان لەسەر نیە!

◙ هەندێك نوسەریش سەرەتای چیرۆکەکە دەبەنەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی تراجان.



پەیکەری تراجان

تراجان (ترایانوس) Trajan (Traianus) لە (١٨) ی ئەیلولی (٥٣ ز.) دا لە دایك بوە و، لە (٩) ی ئابی (١١٧ ز.) دا مردوە. لە نێوان (٩٨ ـ ١١٧ ز.) دا ئیمپراتۆر بوە. لە ساڵی (١٠٦ ز.) دا سەرکردە سەربازیەکانی ناوچەی ئوردون «النبطية» یان داگیر کرد و خستیانە سەر ئیمپراتۆریێتی.. ئەوە بو ئەو ساڵە تراجان لە کۆنترۆڵی

---

(1) Ibid.

(٢) عيواص، مصدر سابق. ص. ١١٦.

Chardri. Ibid.

**شاری پێترا «بطرا» بووەوە دوای ئەوەی شانشینیی نەبەطیەکان «الأنبات» یان ڕوخاند، و بەرەو فیلادێلفیا لە باکور کەوتە ڕێ..[1]. جا نوسەرێکی وەکو (کمال السید) ئەم پەیوەندیەی تراجان بە ناوچەکەوە بە کەڵك دەهێنێت بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی مێژویی بۆ چیرۆکەکە بە شێوەیەك خزمەت بە پرۆپاگەندای ئەشکەوتی نزیك فیلادێلفیا و ژمارە (٣٠٩) یان (٣٠٠) بکات[2].**

**(کمال السید) دەڵێت لە ساڵی (١١٢ ز.) دا تراجان فەرمانێك دەر دەکات کە بە پێی ئەو فەرمانە هەر مەسیحییەك پاشگەز نەبێتەوە و قوربانی بۆ خواوەندەکانی ڕۆمان نەکات ڕو بە ڕوی سزای مردن دەبێتەوە. گوایە لەو چوارچێوەیەدا کێشەی ئەو حەوت گەنجە لە فیلادێلفیا دێتەکایە و هەر لەو ساڵە و لە ئەشکەوتێکی نزیك شار خەوە ئەفسوناویەکەیان دەست پێ دەکەن... تا لە ساڵی (٤١٢ ز.) دا و لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسی دوەمدا بەئاگا دێنەوە، واتە دوای تێپەڕبونی (٣٠٠) ساڵ، چونکە ناوبراو پێی وایە کە ژمارە (٣٠٩) کە لە دەقەکەدا هاتوە بە پێی**

---

[1] دەربارەی (تراجان) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Trajan*. By Mason Hammond (Pope Professor Emeritus of Latin Language and Literature; former Professor of Roman History, Harvard University).

Catholic Encycl. Vol. XV. Art. *Trajan*. By Klemens Loffler.

Jewish Encycl. Art. *Trajan*. By Isidore Singer, Samuel Krauss.

**Benario**, Herbert W. (Emory University), *Trajan*. An Online Encyclopedia of Roman Emperors.

@http://www.roman-emperors.org/trajan.htm

Wikipedia. Art. *Trajan*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Trajan

[2] **السيد، كمال، *قصة أصحاب الكهف و الرقيم*. موقع مركز الإشعاع الإسلامي للدراسات و البحوث الإسلامية، ٢٠٠٤.**

@http://www.islam4u.com/qesas/ahsan_alqesas/19/19.htm

ڕۆژژمێری مانگیە و بە ڕۆژژمێری هەتاوی دەکاتە (٣٠٠) ساڵ، یان گوایە دەستەواژەی دەقەکە: (و لَبِثوا في كهفهم ثلاثَ مئة سنين، و ازدادُوا تسعا) هەر دو ژمارەی (٣٠٠) و (٣٠٩) ی لە خۆ گرتوە بە پێی هەر دو ڕۆژژمێرەکە! لە کاتێکدا دەقەکە تەنها ویستویەتی ژمارە (٣٠٩) بگەیەنێت بەڵام بە دەربڕینێکی ئەدەبی نەك بە شێوەیەکی بیرکاریانەی ساردوسڕ، واتە وەکو ئەوە وایە بڵێت (سێ سەد ساڵ و نۆ ساڵی تریش)، چونکە فرمانی (و ازدادوا) دەگەڕێتەوە بۆ سەر فرمانی (و لبثوا) و بە پێی ئەمەش باسەکە هەر باسی مانەوەی خەوتوەکانە نەك ژمێرەی فەلەکیەکان! لەبەر ئەوە ناتوانرێت بوترێت مەبەست (٣٠٠) ساڵی هەتاویە... ئەمەی کە دەیڵێم قسەی ڕاڤەمەند (مُفسِّر) ێکیشە وەکو (جمال الدين القاسمي) (١٨٦٦ ـ ١٩١٣ ز.)[1].

بەڵام ئایا ئەو (٣٠٩) ساڵەی کە دەقەکە باسی دەکات لە خۆیدا بە پێی ڕۆژمێری مانگیە یان هەتاوی؟ ئەمە بەڵگەیەکی ڕون نیە لەسەری، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە قورئاندا لەم لایەنەوە ئەوەیە کە قورئان وشەی (سنة) و (سنين) و (سنوات) بە کار دەهێنێت بە واتای (ساڵ) بە ڕەهایی و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆژژمێرێکی دیاریکراو، چونکە لە چیرۆکێکدا یان باسێکدا ئەو وشەیە بەکار دەهێنێت کە پەیوەندیی بە شتێکی نادیار یان کۆمەڵگاکانی ڕابردوەوە هەیە، بە شێوەیەك دەتوانرێت بوترێت کە بەکارهێنانی وشەی (سنة) لە باسی ماوەیەکی دورودرێژ یان ناڕۆشن و نەزانراودایە. لە بەرامبەردا وشەی (عام) بەکار دێت بۆ باسی چەند ساڵێکی دیاریکراو کە بە ئاسانی دەتوانرێت بخەمڵێنرێت، لەم ڕوەوە چەند جارێك بۆ ئاماژە بۆ وەرچەرخانی ساڵ لە کۆمەڵگای حیجازیدا بە کار هاتوە.

لەم بەراوردەوە دیارە کە مەبەست (٣٠٩) ساڵە بە ڕەهایی و بەبێ لێکدانەوەی ڕۆژمێرێکی تایبەتی.. بە پێی بیروڕایەکی تریش ڕەنگە وشەی (عام) لە قورئاندا بۆ ساڵی مانگی بە کار هێنرابێت و وشەی (سنة) بۆ ساڵی هەتاوی، چونکە لە قورئاندا وشەی (عام) بە ڕونی نەهاتوە بۆ ئاماژە بۆ ساڵی هەتاوی، ئەوەی کە هاتوە بە زۆری بۆ ساڵی مانگی بوە: (يُحِلُّونَهُ عاما و يُحَرِّمُونَهُ عاما) (التوبة: ٣٧)، (فلا يَقْرَبُوا

---

[1] بڕوانە: القاسمي، جمال الدين، *محاسن التأويل*. الكهف/ ٢٥.

المسجدَ الحرامَ بعدَ عامِهم هذا) (التوبة: ٢٨). ئینجا سەرنج دەدرێت (عام) بۆ ماوەی کەم بە کار دێت [تەنها لە (البقرة: ٢٥٩) دا نەبێت] کە ئەمەش لەگەڵ ساڵی مانگیدا دەگونجێت چونکە کەمترە، (سنة) یش بۆ ماوەی زۆر بە کار دێت (بەزۆری بۆ: ٤٠، ٥٠، ١٠٠٠، ٥٠٠٠٠ ساڵ، بەکار هاتوە لە قورئاندا) کە ئەمەش لەگەڵ ساڵی هەتاویدا دەگونجێت چونکە زۆرترە، ئەمەش زیاتر لە دەقێکدا دەر دەکەوێت کە دەربارەی تەمەنی نوح دەڵێت: (فلَبِثَ فيهم أَلْفَ سنة إلا خمسين عاما) (العنكبوت: ١٤)، دەبینین بۆ ماوە زۆرەکە (١٠٠٠ ساڵ) وشەی (سنة) بەکار دەهێنێت و بۆ ماوە کەمەکە (٥٠ ساڵ) وشەی (عام) بەکار دەهێنێت. جا لێرەشدا مەبەستی دەقەکە لە (٣٠٠) ساڵی هەتاوی و (٩) ساڵی زیادەی ژمێرەی مانگی نیە، چونکە ئەگەر وا بوایە دەیوت (و ازدادوا تسعة) واتە (تسعة أعوام)، لە کاتێکدا (تسعا) واتە (تسع سنوات).. کەواتە دەتوانین بڵێین مەبەست (٣٠٩) ساڵی هەتاویە[1]. بەڵام ئەم بیرورایە هەرچەند بە ڕواڵەت بەڵگەی هەیە بەڵام دڵنیاکەرەوە نیە، بەڵکو بەڵگەکانی دەکرێت ببنە پاڵپشتی ئەو بیرورایەی پێشتر کە وتم وشەی (سَنة) لە قورئاندا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ یان ناڕۆشن و نەزانراو بە کار دێت و وشەی (عام) یش بۆ چەند ساڵێکی دیاریکراو.. ئەو دەقەش کە دەڵێت (فلَبِثَ فيهم أَلْفَ سنة إلا خمسين عاما) کە بۆ جاری دوەم وشەی (عام) بە کار دەهێنێت ئەوە مەبەستێکی ئەوتۆی لە پشتەوە نیە زیاتر لە خۆپاراستن لە دوبارەکردنەوەی وشەیەك لە یەك ڕستەدا، واتە ئەگەر بیوتایە (ألف سنة إلا خمسين سنة) شیاو نەدەبو، یان ڕەنگە هەر ئەو بیرورایە دوپات بکاتەوە کە (سنة) بۆ ساڵانی دورودرێژە و (عام) بۆ ساڵانێکی کەم و دیاریکراوە.. ئینجا ئەوانەی دەڵێن دەقەکە باسی جیاوازیی نێوان ڕۆژژمێری مانگی و ڕۆژژمێری هەتاویی کردوە بە (٩) ساڵ بۆ (٣٠٠) ساڵ وەکو موعجیزەیەك بۆ قورئان ئەوە دەخەنە ڕو، وا دەزانن عەرەب لە پێش قورئاندا هیچیان دەربارەی جیاوازیی ڕۆژژمێری مانگی و ڕۆژژمێری هەتاوی و ساڵی پڕ «السنة الكبيسة»

---

[1] بڕوانە: *تقرير عن سورة الكهف*. منتدى الأحساء. ٢٠٠٤/١/٣١.

@http://ahsaweb.net/vb/showthread.php?t=56479

نەزانیوە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای عەرەبیی پێش ئیسلامدا کۆمەڵێك کەس پیشەیان ئەوە بوە سەرپەرشتیی کاروباری ڕۆژژمێر و ڕێکخستنی ساڵی مانگی بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ساڵی هەتاویدا ڕێك ببێتەوە (چونکە هەمو ساڵێك ١١ ڕۆژ جیاوازی دەبێت)، بۆ ئەوەش سێ ساڵ جارێك ساڵی سێیەم دەکرا بە (١٣) مانگ، واتە یەکەم مانگی ساڵی نوێ دەکرا بە پاشکۆی ساڵی ڕابردو، بەوەش ساڵی نوێ مانگێك دوا دەخرا، بەم کارەش دەوترا دواخستن «النَّسيْء» و ئەو کەسانەش کە ئەوە پیشەیان بو پێیان دەوترا دواخەرەکان «النَّسَأة». جا لەبەر ئەوەی چوار مانگی سەرەتای ساڵ پیرۆز بون و جەنگ تێیاندا قەدەغە بوە، ئەم دواخستنە دەبوە هۆی ئەوەی مانگی یەکەم (مُحَرَّم) بکەوێتە مانگی دوەم واتە (صَفَر) ـەوە و بەوەش لە یەکەم مانگدا دەستیان دەکرایەوە بۆ جەنگ و داگیرکاری «الغَزْو»، واتە مانگێکی قەدەغە حەڵاڵ دەبو، ئەمە جگە لەوەی مانگی حەج (ذو الحِجَّة) کە دوا مانگە دەکەوتە مانگی (مُحَرَّم) واتە یەکەم مانگی ساڵی نوێ بەوەش حەج لە مانگی خۆیدا نەدەکرا[1].. لەبەر ئەمانە قورئان دواخستن «النَّسيْء» ی قەدەغە کرد: (إنما النسيءُ زيادة في الكُفْر) (التوبة: ٣٧)، بەوەش ڕێکخستنی ساڵی مانگی و ساڵی پڕ قەدەغە بو، بۆیە لەو کاتەوە مانگە عەرەبییەکان بە هەمو وەرزەکاندا هاتوچو دەکەن [بۆ نمونە مانگی (رَمَضان) کە لە بنەڕەتدا کاتی گەرمی بوە ئێستە بە هەمو ساڵدا

---

[1] دەربارەی بابەتی (النسيء) بڕوانە:

علي، د. جواد، *المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام*. ج. ٣، فصل ١٣٣. | حمّور، عرفان محمد، *المواسم و حساب الزمن عند العرب قبل الإسلام*. مؤسسة الرحاب الحديثة، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠. ص‌ص. ١٠٧ ـ ١٣٦.

هەروەها: البيضاوي، *أنوار التنزيل و أسرار التأويل*. تحقيق: عبد القادر عرفات العشا حسونة. دار الفكر ـ بيروت، ١٩٩٦. ج. ٣، ص‌ص. ١٤٤، ١٤٥. | القرطبي، *الجامع لأحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، الطبعة الثانية، ١٣٧٢هـ. ج. ٨، ص‌ص. ١٣٦ ـ ١٣٨. | ابن كثير، *تفسير القرآن العظيم*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠١ هـ. ج. ٢، ص‌ص. ٣٥٧، ٣٥٨. | الطبري، *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ. ج. ١٠، ص‌ص. ١٢٩ ـ ١٣٢.

هاتوچو دەکات]. . کەواتە ڕێکخستنی ساڵی مانگی و ساڵی پڕ لای عەرەب هەبوە و قورئان قەدەغەی کردوە.

لە لایەکی ترەوە کاتێك (کمال السید) ساڵی (١١٢ ز.) دیاری دەکات کە گوایە لەو ساڵەدا تراجان ئەو فەرمانەی دەر کردوە کە باس کرا، و ساڵی (٤١٢ ز.) دیاری دەکات لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا، ئەوە لە ڕاستیدا تەنها بۆ جێکردنەوەی (٣٠٠) ساڵە خەیاڵیەکەی خۆیەتی، ئەگەرنا دیاریکردنی ئەو دو ساڵە هیچ بەڵگەیەکی مێژویی لەسەر نیە، واتە نە هەواڵی فەرمانێکی لەو شێوەیە هەیە لە ساڵی (١١٢ ز.) دا لە مێژودا، نە هیچ زانیارییەك هەیە، نە مێژویی و نە مەسیحی، دەربارەی ساڵی (٤١٢ ز.) لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا، لەم ساڵەشدا ثیۆدۆسیوس تەمەنی (١١) ساڵ بوە و تەنها (٤) ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ناولێنانیدا بە ناوی ئیمپراتۆر، و لەو کاتەدا هێشتا ڕوبەڕوی ئەو کێشە و بابەتانە نەبوەتەوە کە دواتر ڕوبەڕویان دەبێتەوە.

ئەوەی مێژونوسان باش دەیزانن دەربارەی تراجان و بەڵگەی لەسەرە ئەوەیە کە تراجان ئامانجی ئازاردانی مەسیحیەکان نەبوە، بەڵکو هەمیشە خەریکی فراوانکردن و ئینجا توندوتۆڵکردنی قەڵەمڕەو بوە لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریێتیدا، واتە ویستویەتی خەونی ئیمپراتۆریێتیی فراوانی ئەلیکساندەری مەکەدۆنیایی بهێنێتە دی بەرەو خۆرهەڵات، جگە لەوەی پسپۆڕان دەڵێن لە سەردەمی تراجاندا سیاسەتی ئازاردانی مەسیحیەکان نەبوە بەڵکو کار لەسەر پاراستنی یاسا کراوە نەك دوژمنایەتیی ئایینی[١]. ئەگەر لە سەردەمی ئەودا لە هەندێك شوێن مەسیحیەکان ئازار درابن ئەوا بێ گومان بۆ خۆی ئەوەندە پەرۆشی ئەو کارە نەبوە و خۆی خەریکی ئەوە نەبوە. بەڵگەی بەرجەستەش لەسەر ئەمە ئەو وەڵامەیە کە نوسیویەتی بۆ پلینیی بچوك. پلینیی بچوك Pliny the Younger (٦١ ـ ١١٣ ز.) فەرمانڕەوای ناوچەکانی پۆنتوس Pontus و بیثینیا Bithynia بوە (١١١ ـ ١١٣

---

(1) Encycl. Britannica. Art. *Trajan*.

ز.)[1]، کە ئەوەش ناوچەکانی سەر دەریای ڕەش دەگرێتەوە لە تورکیای ئێستەدا. بێ گومان ئاسیای بچوک (تورکیای ئێستە) مەڵبەندی چالاکییەکی مەسیحیی بەرچاو بوە لەو سەردەمەدا. بۆیە پلینی پێویستیی بە یاسا و ڕێوشوێنێکی گونجاو دەبێت بۆ ئەوەی مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو مەسیحیانەدا کە تۆمەتبار دەکرێن و ڕاپێچ دەکرێن بۆلای. بۆ ئەوە و بۆ چەند مەبەستێکی تر کۆمەڵێك نامە لە نێوان ئەو و تراجاندا هاتوچویان کردوە، لەوانە دو نامە بە بەڵگەیەکی مێژویی گرنگ و دەگمەن دادەنرێن دەربارەی مێژوی ئازاردانی مەسیحی، لە کتێبی دەیەمی ***نامەکان*** *Epistulae* ی پلینیدا. یەکەمیان نامەی پلینیە کە نامەی (٩٦) ـە لە کتێبی دەیەمی نامەکانی، بۆ تراجان دەدوێت کە چ بەرنامە و میتۆدێکی پەیڕەوی کردوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی مەسیحیەکاندا و دواتر داوا دەکات لە تراجان یاسایەکی گونجاوتری بۆ دابنێت بۆ شێوازی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا. ئەم نامەیە لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر بونی شەپۆلی ئازاردان و سەرکوتکردنی مەسیحیەکان لەو سەردەمەدا و بە تایبەتییش لە دەوروبەری ساڵی (١١٢ ز.) دا کە ئەمەیان لە بەرژەوەندیی بەشێکی قسەکانی (كمال السيد) ـە. بەڵام نامەی دوەم کە نامەی (٩٧) پێك دەهێنێت لە کتێبی دەیەم، وەڵامی تراجانە و ئەوە دەسەلمێنێت کە تراجان ئامانجی لەناوبردنی مەسیحیەکان و ئایینی مەسیحی نەبوە و هیچ کاتێکی بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە نەکوشتوە... ئەمەش دەقی نامەکەیە بە لاتینی:

"ACTUM quem debuisti, mi Secunde, in excutiendis causis eorum, qui Christiani ad te delati fuerant, secutus es. Neque enim in universum aliquid, quod quasi certam formam habeat, constitui potest. Conquirendi non sunt; si deferantur et arguantur, puniendi sunt, ita tamen, ut, qui negaverit se Christianum esse idque re ipsa manifestum fecerit, id est supplicando diis nostris, quamvis suspectus in praeteritum fuerit, veniam ex paenitentia impetret. Sine auctore vero propositi libelli nullo crimine locum habere debent. Nam et pessimi exempli, nec nostri saeculi est."

---

[1] Encycl. Britannica. Art. *Pliny The Younger*.

دەڵێت: (ئەو میتۆدەی پەیڕەوت کردوە، [پلینیی] ئازیزم، بۆ تەتەڵەکردنی حاڵەتەکانی ئەوانەی لات تۆمەتبار دەکرێن بەوەی مەسیحین، زۆر دروستە. ناتوانرێت ڕێسایەکی گشتی بخرێتە ڕو کە وەکو پێوەرێکی جێگیر جیٚ بە جیٚ بکرێت لە هەمو حاڵەتەکانی لەم جۆرەدا. نابێت بگەڕێن بە دوایاندا، کاتێك تۆمەتبار دەکرێن و بە تاوانبار دەر چون ئەوا دەبێت سزا بدرێن، لەگەڵ چاودێری و دەستبەسەرکردندا، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك لایەنی تۆمەتبار نکولی دەکات لەوەی مەسیحیە و دەیسەلمێنێت کە مەسیحی نیە، ئەوەش بە پەرستنی خواوەندەکانمان دەبێت، ئەوا چاوپۆشیی لیٚ دەکرێت لەسەر بنەمای تەوبە و پەشیمانی، ئەگەرچی لە ڕابردوشدا گومانلێکراو بوبێت. ئەو زانیاریانەی کە ناوی تۆمەتسازەکەیان لەگەڵدا نیە نابێت پشتیان پیٚ ببەسرێت وەکو بەڵگە دژی هیچ کەسێك، چونکە ئەوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەستپێشخەرییەکی زۆر ترسناك و بە هیچ شێوەیەکیش ناگونجێت لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا)[1].. لەمەوە دیارە کە تراجان تەنها مەبەستی ئەوە بوە هاوولاٌتیان بەئاشکرا لایەنگری «وَلاء» ی خۆیان بۆ ئیمپراتۆر نەشکێن، ئیتر هەر کەسێك لە ماڵی خۆیدا ئازادە. ئینجا ئەگەر نامەکان بەڵگە بن لەسەر ئازاردانێکی واقیعی لە باکوری ئاسیای بچوکدا، واتە لە ناوچەی فەرمانڕەوایی

---

[1] بۆ نامەکەی پلینی بڕوانە:

Gaius **Plinius** Cecilius Secundus, *Epistulae*, Liber Decimus, Epistula XCVl, C. Plinius Traiano Imperatori.
@http://www.vroma.org/~hwalker/Pliny/

بە وەرگێڕانی ئینگلیزی:

**Pliny**, *The Letters*. Book Ten, Letter 96, To the Emperor Trajan. @http://www.vroma.org/~hwalker/Pliny/

بۆ نامەی وەڵامەکەی تراجان بڕوانە:

**Plinius**, op. cit. Liber Decimus, Epistula XCVII, Traianus Plinio.

بە وەرگێڕانی ئینگلیزی:

**Pliny**, op. cit. Book Ten, Letter 97, Trajan to Pliny.

**پلینیدا، ئەوا نابنە بەڵگە لەسەر ئازاردانی کۆمەڵێك مەسیحی لە فلادێلفیادا، هەروەها ئەگەر بونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مەسیحی لە شارەکانی ئاسیای بچوکدا لەو کاتەدا ڕاستییەکی مێژویی و بەڵگەدار بێت ئەوا بونی ئەوە لە شاری فلادێلفیا بێبەڵگەیە و جێی گومانە، چونکە ئاشکرایە کە بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی بەرەو وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست ڕۆشت، و ئاسیای بچوك و دورگەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست پێگەی گرنگی بانگەوازی ئایینەکە بون، چونکە پۆڵس کە دامەزرێنەری کلێسا و ئایینی مەسیحیە بەم شێوەیەی کە ئێستە هەیە، خۆی لەدایکبوی شاری تەرسوس** Tarsus **بوە و زۆربەی بانگەوازەکەشی لە ئێفیسوس ئەنجام داوە، هەرچەند بە ڕەچەڵەك جولەکە بوە بەڵام هاووڵاتییەکی ڕۆمانی بوە. ئەم مەسیحیەتەی کە ئێستە هەیە بە بیرۆکەی سێینە «الثالوث» و خاچی ڕاستوچەپ و ڕژێمی کلێساوە زادەی بانگەوازی پۆڵس و نوسراو و بریار و کۆنگرەکانی پیاوانی مەسیحیی دواترە لە جیهانی ڕۆمانیدا بە دور لە فەلەستین و خۆرهەڵات، ئەو مەسیحیەتەی کە لە فەلەستیندا بەلاوازی مایەوە بریتی بو لە کۆمەڵێك ڕێبازی جۆراوجۆر کە بەڕونی شوێنەواری کولتور و ژینگە یەهودیەکەیان پێوە دیار بو و بیروباوەڕەکانیشیان بە بیدعە «هَرْطَقة» و بێباوەڕی دادەنرێن لە لایەن مەسیحیەتی ڕۆمانی - ڕەسمیەوە. بۆیە ئەوەی زاڵ بو بەسەر ناوچەی فەلەستیندا تەنها بونە یەهودیەکە بو ئەویش تا سەردەمی هادریان... تا لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا کە مەسیحیەت بوبوە ئایینی ڕەسمی ئەم ناوچانەش لە ڕوی بونی مەسیحیەوە بوژانەوە، بۆیە لەم کاتەدا بەڵگە هەیە لەسەر بونی ڕەوەند «جالیة» ی مەسیحی لە شاری جەرەش لە باکوری فیلادێلفیا، هەروەها فیلادێلفیا دەبێتە بنکەی ئوسقوفێکی مەسیحی و چەند کلێسایەکی تێدا بنیات دەنرێت[1].**

**لە لایەکی تریشەوە لە دەوروبەری ساڵی (١١٢ ز.) دا تراجان سەرگەرمی جەنگ بوە لە عێراقدا لەگەڵ پەرثیەکان (ئەشکانیەکان) دا، ئەم هەوڵە فراوانخوازیانەی**

---

(1) *The Roman city of Philadelphia*. Ibid.
Baird, *Jarash*. Ibid.

**تراجان بەرەو خۆرهەڵات لە عێراقدا تا مردنی لە (١١٧ ز.) دا بەردەوام دەبێت[1].**
**ئیتر لە ڕێگەی ئەم ڕاستیەوەو ئەو وەڵامەوە کە نوسیویەتی بۆ پلینی تێ دەگەین کە ناگونجێت تراجان ئەو ئیمپراتۆرە بێت کە تا بەر دەرگای ئەشکەوتەکە بە دوای حەوت گەنجەکەدا چوە و لێ نەگەڕاوە دەرگای ئەشکەوتەکەشی بە بەرد هەڵ چنیوە! ـ وەکو لە چیرۆکەکەدا هاتوە.**

**پەڕاوێکی لاتینییش هەیە بە ناوی (*شەهیدبونی ئیگناتیوس*)** *Martyrium Ignatii* **کە چیرۆکی ناردنی قیددیس ئیگناتیوس** Ignatius (٥٠ ز.؟ ـ ١١٠ ز.؟) **ی ئەنتاکیە بە کەلەبچەیی بۆ ڕۆما و شەهیدبونی لەوێ دەگێڕێتەوە و دەدرێتە پاڵ هەندێك کەسی نزیك و هاوچەرخی ئیگناتیوس کە لەگەڵیدابون هەتا شەهیدبونی. دەقەکە دەڵێت لە ساڵی نۆهەمی ماوەی تراجاندا، ئەوەش واتە ساڵی (١٠٧ ز.)، دوای ئەوەی هەندێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر دوژمنانی ئیمپراتۆرێتیدا لە باکور، وەکو سکیثیەکان** Skithians **و داکیاییەکان** Dacians **(خەڵکی وڵاتی داکیا** Dacia**، ڕۆمانیای ئێستە، کە تراجان ساڵی ١٠٦ ز. کردی بە کەرتەیەکی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی)، ویستی لە ڕوی ئایینییشەوە خۆی بکاتە سەرداری تەواو، بۆیە فەرمانی دا کە دەبێت مەسیحیەکانیش قوربانی بکەن بۆ خواوەندە ڕۆمانیەکان، هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات سزای مردنە. ئینجا لەم کاتەدا کە تراجان بە شێوەیەکی کاتی لە ئەنتاکیە بو لە هێرشێکیدا بۆ سەر ئەرمینیا و پەرثیەکان، قیددیس ئیگناتیوس لە ئەنتاکیە هەمو هەوڵێکی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو هەوڵەی ئیمپراتۆر پوچ بکاتەوە، بۆیە ڕاپێچ کرا بۆ بەردەم تراجان بە تۆمەتی پێشێلکردنی فەرمانی ئیمپراتۆری، ئەویش زۆر چاونەترسانە داکۆکیی لە باوەڕی خۆی کرد، تراجانیش فەرمانی دا زنجیر بکرێت و ببرێت بۆ ڕۆما، کە لە ڕێگادا کۆمەڵێك نامە و نوسراوی گرنگی نوسیوە و ناردویەتی بو مەسیحیەکانی دەوروبەر، ئەو نامانەش ئێستە لەبەر دەستدان.. لە ڕۆماش ئەوەندەی نەبرد لە یاریگای فلاڤیان** Flavian **خرایە بەر پەلاماری شێرە برسیەکان، پاشماوەکەشی**

---

[1] Encycl. Britannica. Art. *Trajan*.

هێنرایەوە بۆ ئەنتاکیە و لە نزیك دەروازەی شار نێژرا. ئەمەش لەبەر ئەوەی بەروارێکی وردی نیە بە ماوەی دەسەڵاتی تراجان بەرواری بۆ دادەنرێت، واتە لە نێوان ساڵانی (٩٨ - ١١٧ ز.) دا، هەندێك سەرچاوەش دەوروبەری ساڵی (١١٠ ز.) دیاری دەکەن، دەقی ناوبراویش ساڵی (١٠٧ ز.) دیاری دەکات، مێژونوسی کلێسا یوسێبیوسیش ساڵی (١٠٧ ز.) و (١٠٨ ز.) دادەنێت[١].

لێرەدا دەکرێت ئەم تێبینیانە تۆمار بکەین:

◙ ئەم زانیاریانە، بە تایبەتی هەواڵی فەرمانێکی ئازاردان لە ساڵی (١٠٧ ز.) دا، جێی یەکدەنگی نیە، چونکە لە ماددەی (*تراجان*) *Trajan* ی ئێنسایکلۆپیدیای کاثۆلیکیدا هاتوە کە بارودۆخی مەسیحیەکان لە سەردەمی تراجاندا بەگشتی باش بوە و ئازاردانێکی واقیعی نەبوە[٢]. واتە هەڕەشەیەکی بنەڕەتی «مبدئي» هەبوە، بەڵام جگە لە هەندێك ئەزمونی تاکەکەسی ئیتر بەرنامەیەکی گشتی بۆ سەرکوتکردن و ڕاوەدونانی مەسیحیەکان پیادە نەکراوە. دەتوانین بڵێین بە درێژایی مێژوی ئیمپراتۆرە ڕۆمانیەکان - جگە لە فیلیپوسی عەرەبی - ئەو هەڕەشە بنەڕەتی «مبدئي» یە هەر هەبوە، واتە جگە لە چەند ماوەیەك ئیتر بە گشتی قەدەغە بوە

---

(1) *Martyrdom of Ignatius*. From the 38 volume work: Early Church Fathers, Ante-Nicene Fathers to A.D. 325, Vol. 1. Edited by Alexander Roberts & James Donaldson. Chap. II.

هەروەها:

**Killen**, William, *The Ignatian Epistles Entirely Spurious*, A Reply to The Right Rev. Dr. Lightfoot, Bishop of Durham. Edinburgh: T. & T. Clark, 38 George Street. 1886. Chap. II, p. 104.

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *St. Ignatius of Antioch*. By John B. O'connor.

Encycl. Britannica. Art. *Ignatius of Antioch, Saint*. By Ludwig G.J. Bieler (d. 1981) (Professor of Paleography and Late Latin, University College, Dublin, National University of Ireland).

(2) Catholic Encycl. Vol. XV. Art. *Trajan*.

مەسیحی بەئاشکرا ئایینەکەی ڕابگەیەنێت و جێ بە ئایینی ڕۆمانی تەنگ بکات، بەڵام تەنها لە سەردەمی (نیرۆ) و (دۆمیتیان) و (دەکیوس) و (دیۆکلیتیانوس) و (گالێریوس) و هەندێکی تردا ئەو هەڕەشەیە بوەتە ئازاردانێکی پیادەکراو. لێرەشدا لە مێژوی کلێسادا شەهیدبونی ئیگناتیوس بە شێوەیەکی ناڕۆشن دراوەتە پاڵ سەردەمی تراجان، ئیتر پێ دەچێت بۆ تەواوکردنی دیمەنەکە باس لە فەرمانێکی ئازاردان و لە هەوڵی ئینگاتیوس بۆ دژایەتیکردنی فەرمانەکە کرابێت، ئەگەرنا لە ڕاستیدا بارودۆخی ناردنی ئیگناتیوس بە کەلەبچەیی بۆ ڕۆما لە ڕوی مێژوییەوە ناڕۆشنە[1]. ئینجا دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبیاتی کلێسادا بکرێت چونکە دەنگوباسی شەهید و جەژن و بۆنەی وای تێدایە کە واقیعی نین و لە بنەڕەتدا مەسیحییش نین بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ کەسێتیی کولتوری لە کولتور و ئایینە ئورۆپاییەکانی پێش مەسیحیەتدا.

◙ دەربارەی ڕاگەیاندنی بڕیارێك بە ئازاردانی مەسیحیەکان لە ساڵی (١٠٧ ز.) دا، ئەمە هەرچەند سەرچاوەکانی تر ئاماژەی بۆ ناکەن بەڵام ڕەنگە بنچینەیەکی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین تا چ ڕادەیەك لە تیۆریەکەی (كمال السيد) دا جێ دەبێتەوە. ئەم مێژوە، واتە ساڵی (١٠٧ ز.)، ساڵێکە دوای داگیرکردنی ناوچەی ئوردون «النبطية» و بونی تراجان لە پێترا «بطرا» و فیلادێلفیا... لەم ڕوەوە بیرۆکەکە فریودەرە.. بەڵام ئەگەر، بە پێی خەملاندنەکەی (كمال السيد)، (٣٠٠) ساڵ دوای (١٠٧ ز.) بچینە پێش دەکاتە ساڵی (٤٠٧ ز.) کە لەم ساڵەدا ثیۆدۆسیوس تەمەنی تەنها (٦) ساڵە و هێشتا ساڵێکی ماوە ببێتە ئیمپراتۆر!

ئەمە دەربارەی پاڵنەری یەکەم (ژمارە ٣٠٩)، دەربارەی پاڵنەری دوەمیش (پڕۆپاگەندای ئەشکەوتی ڕەجیب نزیك فیلادێلفیا) بە دڵنیاییەوە دەڵێین:

ئەو قسەوقسەڵۆکە یەکەم جار لە فۆلکلۆری ناوچەکەدا پەیدا بوە، دواتر جیۆگرافەرە عەرەبەکان وەکو قسەی ڕەشەخەڵك تۆماریان کردوە، وەکو (یاقوت الحموي) کە لە *(معجم البُلْدان)* دا دەڵێت: (و قيل: إنّ عَمّان هي مدينة دقيانوس، و

---

[1] Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *St. Ignatius of Antioch.*

بالقرب منها الكهفُ و الرقيمُ معروفٌ عند أهل تلك البلاد، و الله أعلم)[١]. لێرەدا یاقوت قسەی سەر زاری خەڵك دەگێڕێتەوە، دواتر بە (والله أعلم) کۆتایی پێ دەهێنێت کە ئەوەش لە کاتی گوماندا دەوترێت، ئینجا هەر (یاقوت) ئەمە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت: (و بقُرب البَلْقاء من أطراف الشام موضعِ يُقال له الرقيم يَزعُم بعضُهم أنّ به أهلَ الكهف و الرقيم و الصحيحُ أنّهم ببلاد الروم)[٢]، واتە پێی وایە کە ڕاستیەکەی ئەشکەوتی خەوتوەکان لە وڵاتی ڕۆمە، واتە بیزانتیەکان. ئینجا قسەکە ئەوەیە کە عەممان ئەو شارە بوە کە دەقیانوس (دەکیوس) ی تێدا بوە، واتە هەر چیرۆکە مەسیحیەکەیە و کراوە بە چیرۆکێکی خۆماڵی، ئێمەش ئەزمونمان زۆرە لەگەڵ ئەو چیرۆك و بیرۆکانەی کە خۆماڵی دەکرێن یان لە پەراوێزی بیروباوەڕێکی تازەدا دادەڕێژرێنەوە دەبینین جێگە و جیۆگرافیایەکی تازەشیان بۆ ساز دەکرێت، جیۆگرافیای تازەش بنەمایەکی خۆماڵیکردنە. هەمان چیرۆکی دەقیانوس ئەفغانیەکان دەیگێڕنەوە و دەیدەنە پاڵ شارێك لە ئەفغانستان![٣] ئەگەر ئەم چیرۆکە فۆلکلۆریەی کە لە ناوچەی عەممان گەشەی کردوە ناوی ئیمپراتۆرێکی تری بهێنایە، وەکو (تراجان) یان (هادریان) یان (دیۆکلیتیان) یان فەرمانڕەوایەکی لاوەکی لە شاری فیلادێلفیا، دەکرا بڵێین ئەم چیرۆکە پاشماوەی یادەوەرییەکی مێژوییە، بەڵام ناوی (دەقیانوس) دەبات کە بوەتە بابەتێکی فۆلکلۆریی هەرزان.

لە لایەکی تریشەوە ئەو پرۆپاگەندا فۆلکلۆریە تەنها دەربارەی عەممان دروست نەبوە، بەڵکو هەر شارێك ئەشکەوتێکی گونجاوی لە نزیکەوە هەبێت ڕەنگە ئەو پرۆپاگەندایەی تێدا گەشە بکات. چیرۆکە مەسیحیەکە لە ئەشکەوتێك دەدوێت لە چیایەکدا بە ناوی (ئەنکیلۆس) یان (ئەنخیلۆس) نزیك شاری ئێفیسوس لە تورکیا،

---

[١] یاقوت، الحموي أبو عبد الله، *معجم البلدان*. دار الفكر، بيروت. مادة: عمان. ج. ٤، ص. ١٥١.

[٢] یاقوت، مصدر سابق. مادة: الرقيم. ج. ٣، ص. ٦٠.

(3) **Hartland**, Edwin Sidney, *The Science of Fairy Tales, an Enquiry into Fairy Mythology*. New York: Scribner & Welford, 1891. Chap. VII: The Supernatural Lapse of Time in Fairyland.

بەڵام هەر لە تورکیادا لە چەند شارێکدا هەمان دەنگوباس هەیە دەربارەی ئەشکەوتێك نزیك شار. لەوانە ئەشکەوتەکەی نزیك شاری تەرسوس[١]، کە خەریکە بە ئەندازەی ئێفیسوس گرنگی پەیدا دەکات. لە ڕابردوشدا هەندێك لە ڕاڤەمەندانی قورئان پێیان وابوە ئەشکەوتەکە نزیك شاری تەرسوسە[٢]. لەم سەردەمەشدا نوسەرێکی ئیسلامیی تورکی بە ناوی (عەدنان ئۆکتار) (ناسراو بە هاڕون یەحیا) (١٩٥٦ - ...) لە نوسینێکیدا بە ناوی *Perished Nations* (***گەلانی لەناوچو***) هەمان بۆچون دوپات دەکاتەوە و، باس لەوەش دەکات کە لە سەردەمی عوثمانیدا گرنگی بەو شوێنە دراوە و دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ (!) بۆیان دەر کەوتوە کە مەبەستی چیرۆکە قورئانیەکە ئەو ئەشکەوتەی نزیك تەرسوسە و، دوای ئەوە کارمەندیان بۆ بایەخدان بە ئەشکەوتەکە داناوە. هارون یەحیا پێی وایە کە وەسفی قورئان بۆ بارودۆخی ئەشکەوتەکە بەسەر ئەم ئەشکەوتەدا دەچەسپێت[٣]، کە دواتر ئاماژە بۆ ئەم لایەنە دەکەین.



دیمەنێك لە ئەشکەوتەکەی تەرسوس

---

[1] Destination to Visit: Tarsus, The Cave of the Seven Sleepers (Eshab-ı Kehf). @http://www.visitmersin.com/en/destination/tarsus15.html

[٢] البيضاوي، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٤٨٥. | القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص‌ص. ٣٥٩، ٣٧٥.

[3] **Yahya**, Harun, *Perished Nations*, Companions of the Cave. Perished Nations. @http://www.perishednations.com/cave2.html

**ئەو شارانەی تر لە تورکیا کە هەمان پرۆپاگەندایان تێدایە بریتین لە: ئەنتاکیە** Antakya (Antioch)، **سارديس** Sardes، **ئاق حیسار** Akhisar، **مانیسا** Manisa[1]. **هەروەها لە زۆر شوێنی تردا لە وڵاتانی عەرەبیدا هەمان دەنگوباس هەیە دەربارەی ئەشکەوتێك نزیك شارێك یان گوندێك، زۆرجاریش مزگەوتێك دروست کراوە نزیك ئەشکەوتەکە بە ناوی (مسجد أصحاب الكهف). هەتا هەردو ڕاڤەمەندی قورئان (أبو حيان الغرناطي) لە *(البحر المحيط)* دا و (ابن عَطِيَّة) لە *(المحرَّر الوجيز)* دا باس لە ئەشکەوتێك دەکەن لە ئەندەلوسیا لە نزیك شارۆچکەی لۆشا «لوشة»** Loja **نزیك شاری گرەنادە «غَرْناطة»** Granada، **(یاقوت) یش دەنگوباسێکی تر دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەشکەوتێك لە شوێنێك بە ناوی (جِنان الوَرْد) نزیك شاری تۆلیتوم** Toletum **«طُلَيْطُلة»** Toledo **هەر لە ئەندەلوس**[2]. **پرۆپاگەندای ئەشکەوتی نزیك عەممانیش لە بنەڕەتدا هەر بەم شێوەیە دروست بوە. دەربارەی بونی مزگەوتێك یان پەرستگایەك نزیك ئەشکەوتەکە ئەوە لە بنەڕەتدا ڕیشەی زۆر قوڵی هەیە، چونکە بە بۆنەی بیروباوەڕی مرۆڤەوە دەربارەی ئەشکەوت وەکو دەروازەیەك بۆ پەیدابونی بونەوەر و ژیان و هەروەها وەکو دەرچەیەکیش بۆ جیهانی ژێرەوە، دەبینین لە مێژوی دێریندا هەندێك پەرستگای دێرین، وەکو پەرستگای ئەثینا لە قەڵای ئەکرۆپۆلیس** Acropolis **لە یۆناندا، لەسەر بنچینەی ئەشکەوتێك بنیات نراوە**[3]. **هەروەکو خودی ئەشکەوت لە زۆر**

---

[1] *The Archaeological Site of Ephesus (Efes)*. Frommer's Travel Guides. @http://www.frommers.com/destinations/ephesus/2900010029.html

[2] **أبو حيان، *البحر المحيط*. (نسخة ألكترونية). الكهف/ ٩. | ابن عطية، *المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز*. (نسخة ألكترونية). ج. ٣، الكهف/ ٢٦. | القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص. ٣٥٨. | الآلوسي، *روح المعاني في تفسير القرآن العظيم و السبع المثاني*. دار إحياء التراث العربي، بيروت. ج. ١٥، ص. ٢٤٠. | ياقوت، مصدر سابق. مادة: جنان الورد. ج. ٢، ص. ١٦٧. مادة: الرقيم. ج. ٣، ص. ٦١. مادة: طليطلة. ج. ٤، ص. ٤٠.**

[3] **Varner**, Gary R., *Caves, Rocks & Mountains: Portals to the Otherworld*. A

**کولتور و ئاییندا بە شوێنی وەرگرتنی سروش «إلهام» زانراوە و، بە کار هێنراوە وەکو پەرستگا، بەتایبەتی لە ئایینی میثرائییدا[1]، ئەو ئایینەی کە چاوەڕوان دەکرا ئێستە لە جێی ئایینی مەسیحی بێت لە ئوروپادا.**

**دەربارەی چۆنێتیی دروستبونی ئەم بیروباوەڕە دەرباری عەممان لە فۆلکلۆری ناوچەکەدا، ئەوە لە ڕاستیدا بە شێوەی کورتکردنەوەی ماوە «مسافة» یە، ماوەی نێوان ناوچەکە تا ئێفیسوس، چونکە زانیویانە کە شارەکە (واتە ئێفیسوس) لە خاکێکی ڕۆمانیدا بوە، ئینجا سەرنجیان لە ئەو شوێنەوارە ڕۆمانیانە داوە کە لێیانەوە نزیک بوە لە ناوچەی ئوردوندا، لە جەرەش و فیلادێلفیا و چەند شوێنێکی تردا، جا لەبەر ئەوەی نزیک فیلادێلفیا ئەشکەوتێکیان بینیوە وایان زانیوە شارەکە فیلادێلفیایە. بە هەمان شێوە لە کاتێکدا پەلهاوێشتی (فتوحات) لە سەردەمی ئومەوی و عەبباسیەکاندا تا بەردەم شوراکانی شارەکەی کۆنستانتنین «القسطنطينية» دەڕۆشت، بە لای شاری تەرسوسدا تێپەریون و ئەشکەوتێکیان نزیک شارەکە بینیوە، بۆیە گومانیان لە تەرسوسیش کردوە (بۆیە دەشبینین هەندێك جار تەرسوسیان ناوناوە ئێفیسوس!). واتە دیاریکردنی (عەممان) و (تەرسوس) لە ڕاستیدا هەوڵێك بوە بۆ دۆزینەوەی ئێفیسوس، واتە هەردوکیان ئێفیسوسێکی ساختە «مُزيَّف» ن!**

**لەگەڵ ئەوەدا کە پروپاگەندای ئەشکەوتی نزیک عەممان فولکلۆرێکی ناوچەییە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا بە هۆی پاڵنەری ئایینیەوە پاساو و بەڵگەی**

---

selection from the book: Menhirs, Dolmen and Circles of Stone: The Folklore and Magic of Sacred Stone, by Gary R. Varner, published by Algora Publishing.

@http://www.authorsden.com/visit/viewarticle.asp?AuthorID=1215&id=13264

**ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:**

**Devereux**, Paul, *Symbolic Landscapes*. Glastonbury: Gothic Image Publications 1992. P. 21.

[1] Ibid.

ئارکیۆلۆجیایی «آثاري» ی بۆ ساز کرا. ئەوە بو ساڵی (١٩٦٣ ز.) شوێنەوارناسی ئوردونی (رفيق وفا الدجاني) لە نزیك گوندی (الرجيب) نزیك (عەممان) ی پایتەخت ئەشکەوتێکی دۆزیەوە، کە دواتر ئەنجامەکانی ئەم دۆزینەوەیەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە ئەشکەوتی (أصحاب الكهف) ی دۆزیوەتەوە[١].



ئەشکەوتی ڕەجیب لە ڕوی دەرەوە

شایانی باسە کە لە خۆرئاواییەکانیش شوێنەوارناسی فڕەنسایی چارلز کلێرمۆن ـ گانۆ Charles Clermont-Ganneau (١٨٤٦ ـ ١٩٢٣ ز.) سەردانی شوێنەکەی کردوە و پێی وابوە قورئان مەبەستی ئەم شوێنەیە[٢]، هەروەها مامۆستا هیو ویندەر

---

[١] مظهر، سليمان، *آخر أيام البادية الأُرْدُنية* (استطلاع). مجلة (العربي)، العدد ٣٦٧، حَزِيران ١٩٨٩. ص‌ص. ١٤٦ ـ ١٥٠.

شهاب، أسامة يوسف، *رحلة الى كهف أهل الكهف*. مجلة (التراث الشعبي)، العددان ٣ و ٤، ١٩٨٣. ص. ٢٥٣.

[2] **Short**er **Encycl**opedia of **Islam**. Edition: Hamilton A. R. Gibb and J. H. Kramers. Leiden : E .J. Brill, 1953. Art. *Ashab Al-Kahf*. By A. J. Wensinck. P. 54.

نیبلی Hugh Winder Nibley (۱۹۱۰ ـ ۲۰۰۵ ز.) یش هەمان بۆچونی بوە[1].

ئەم ئەشکەوتە لە ڕاستیدا ئەشکەوتێکی بەردینە و شێوەی کۆمەڵە گۆڕێکی بیزانتیی هەیە، لە ناوەوە هەشت گۆڕی بەردینی تێدایە لە شێوەی گۆڕەبەردینە «الناوُوْس» Sacrophagus ـە بیزانتیەکان، کە یەکێکیان گۆڕێکی بچوکە. لە نزیك دەرگای ئەشکەوتەکەش شەویلگەی سەرەوەی سەگێك دۆزراوەتەوە. بە پاڵ ئەشکەوتەکەیشەوە مزگەوتێك هەیە کە مێژوی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان پاشان سەردەمی هیشامی کوڕی لە ساڵی (۱۱۷ ك.) دا، کە ئەم مزگەوتە لەسەر بنچینەی کلێسایەکی بچوکی بیزانتی و بە هەمان ڕوبەر دروست کراوە. هەر لە سەردەمی ئومەویەکاندا ناوەوەی ئەشکەوتەکە نوێ کراوەتەوە و شێوازی تاقوکەوانەی ئیسلامیی تێدا دروست کراوە. دواتر سەلاحوددینی ئەییوبی سەردانی کردوە و هەندێکی بۆ زیاد کردوە. دواتر مزگەوتەکە لە سەردەمی (خُمارَوَیْهِ) ی کوڕی دامەزرێنەری دەوڵەتی تۆلۆنی لە شام و میسردا (أحمد بن طُولُون) لە ساڵی (۸۹۵ ز.) دا نوێ کراوەتەوە. دواتر پاشای میسر لە بنەماڵەی مەمالیکی بورجی (قانْصُـوه الغُوْريّ) (۱۵۰۱ ـ ۱۵۱٦ ز.) لە ساڵی (۹۰۰ ك./ ١٤٩٤ ز.) دا نوێی کردوەتەوە، لە ساڵی (۱۰۰۷ ك.) یشدا جارێکی تر نوێ کراوەتەوە. لە ئەشکەوتەکەشدا کۆمەڵێك نەخش و نوسراوی یۆنانی و

---

[1] علي، جواد، *المفصل*، ج. ۱، الفصل ٣٤: مملكة النبط. أهل الكهف و الرقيم.
هیـو نیبلـی لـە زانـا بەناوبانگـەکانی ئـاییـنزای مۆرمـۆنی بـوە و هـەڵگری دۆکتـۆراتی زانکـۆی کالیفۆرنیا بـوە و مامۆسـتای فـەخریی کتێبـە پیرۆزە کۆنـەکان بـوە (لـە ١٩٤٦ ەوە) لـە زانکـۆی (بریگهام یـەنگ) Brigham Young University بۆ خوێنـدنی باڵا کە ئەم زانکۆیـەش سـەر بـە مۆرمۆنیەکانـە. نیبلـی جگـە لـەوەی نوسـەرێکی بەبەرهـەم بـوە جگـە لـە ئینگلیـزی زمانـەکانی ئیسپانی و فڕانسی و ئاڵمانی و عەرەبی و قیبتی و عیبری و یۆنانی و لاتینیی ڕەوان بوە! بەڵام لـە هـەمان کاتـدا بـانگخوازێکی ئـاییـنزای مۆرمـۆنی بـوە و دەچـو بەڵگـە مێـژویی و ئارکیۆلۆجیاییەکانی لە بەرژەوندیی هەندێك بیرۆکەی ئاییـنیی تایبـەتی بـە کار دەهێنا، بۆیـەش بۆچون و بەرهەمەکانی تێبینی و ڕەخنەیان لەسەرە.

ثەمودی و کوفەیی هەیە[1]. ناوی (الرجیب) کە بە گوندێکی نزیك عەممان دەوترێت، وشەیەکی خۆماڵیی ناوچەکەیە، چونکە وشەی (الرقیم) لە شێوەزاری عەرەبیی ناوچەکەدا بوەتە (الرگیم) و دواتر بوەتە (الرگیب). ئێستە بە ئەشکەوتەکەش دەوترێت (الرجیب)، ئەمانەش هەموی دوای ئەوەی لە فۆلکلۆری ناوچەکەدا ئەو پرۆپاگەندایە پەرەی سەندوە کە باس کرا.



گۆشەیەکی ئەشکەوتی ڕەجیب لە ڕوی ناوەوە، کە هەر گۆشەیەك دو گۆڕی لە خۆ گرتوە

لەبەر ئەوەی (الدجاني) لە پشکنینەکەیدا ئامانجێکی ئایینیی هەبوە و بەو پاڵنەرەوە بۆ شوێنەکەی ڕوانیوە، هەوڵی داوە چیرۆکە قورئانیەکە بەسەر ئەم ئەشکەوتەدا بسەپێنێت.. لەبەر ئەمە بۆچونەکانی بۆچونی زانستی و بێ لایەن نین. دواتر جارێکی تر شوێنەکە دەپشکنرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی

---

[1] مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٦.

شوێنەوار و وەزارەتی ئەوقافەوە لە ئوردون[1]. خۆهەڵقورتاندنی وەزارەتی ئەوقاف لەم پشکنینە ئارکیۆلۆجیاییەدا هیچ مانایەکی نیە جگە لەوەی کە ئامانج و پاڵنەر لە کارەکەدا ئاینیە، لەبەر ئەوە سروشتیە ئەگەر ئەنجامەکانیش ئاینی بن و زانستی نەبن.

ئەوەی کە زیاتر بابەتەکەی چەسپاندوە ئەوەیە ئوردونیەکان وەکو شوێنێکی مێژویی و گەشتیاری «سیاحي» ی بەسود بۆ شوێنەکە دەڕوانن کە قازانجێکی ئابوری دەگەیەنێت بە وڵاتەکەیان، لەبەر ئەوە بەرگری لەو فۆلکلۆرە ناوچەییە دەکەن بە ئامانج و پاڵنەرێکی ئاینی ـ ئابوری. لە تورکیاش هەمان بابەت هەیە، واتە بە کەڵك هێنانی شوێنەوارە مێژویی و پیرۆزەکان، بە تایبەتی شوێنەوارە مەسیحیەکان لە خۆرئاوای وڵاتدا، لەوانەش هەردو ئەشکەوتی نزیك ئێفیسوس و تەرسوس. چەند سایتێکی تورکی (بە کۆمەڵێك زمان) لە تۆڕی ئینتەرنێتدا لە خزمەتی پڕۆپاگەندای گەشتیاریدان بۆ ئەو شوێنەوارانە.

(الدجاني) و ئەوانەی شوێنی کەوتون بەم شێوەیە شوێنەوارەکە لەگەڵ چیرۆکەکەدا دەگونجێنن:

● گوایە ئەو هەشت گۆڕە حەوتیان گۆڕی حەوت خەوتوەکەن، گۆڕی هەشتەم کە گۆڕێکی بچوکە گۆڕی سەگەکەیە[2]. بەڵام بۆچی ئێسکی سەگەکە لە دەرگای ئەشکەوتەکەدایە نەك لە گۆڕی هەشتەمدا؟ ئەمە (الدجاني) بۆ خۆی وەڵامی نەداوەتەوە بەڵام خەڵکی ناوچەکە بۆ خۆیان چیرۆکێکی ناسکیان بۆ ئەمە هەڵ بەستوە، کە گوایە ئیمپراتۆر سەرەتا فەرمان دەدات سەگەکە لە گۆڕی هەشتەمدا بنێژن، بەڵام دوایی کە بیر دەکەنەوە نابێت سەگ لەگەڵ مرۆڤدا بنێژرێت فەرمان دەدات دەری بهێننەوە و لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا بینێژن!

---

[1] شهاب، مصدر سابق. ص. ٢٥٢.

[2] العمراني، د. عبدالله، *النيام السبعة و أصحاب الكهف*. مجلة (العربي)، العدد ٣، تشرين الثاني ١٩٧٦. ص. ٣٥.

مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٧. | شهاب، مصدر سابق. ص. ٢٥٥.

● سەبارەت بە پەیوەندیی ئەشکەوتەکە بە سەردەمی ثیۆدۆسیوسەوە، باس لەوە دەکەن کە ئەو کلێسایەی کە نزیك ئەشکەوتەکە دروست کراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زاییني، واتە سەردەمی ثیۆدۆسیوسی دوەم، هەروەها هەندێك دراو لە ئەشکەوتەکەدا دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەو[1]. بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە لەسەر ئامانجەکەیان، چونکە سەردەمی ثیۆدۆسیوسی دوەم سەردەمی شۆڕشێکی گەورەیە لە بواری چالاکیی مەسیحی و دروستکردنی کلێسا و هەڵ بەستن و ڕازاندنەوەی گۆڕی شەهید و پێشەوا مەسیحیەکان لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریێتیدا، دروستکردنی کلێسایەکی بچوك لەو شوێنەدا لەم بارودۆخەدا بوە. هەروەها ئاشکرایە کاتێك دراوێك لێ دراوە ئیتر بە هەمو وڵاتاندا بڵاو بوەتەوە، لەبەر ئەوە بونی دراوی ثیۆدۆسیوس لە ناو ئەشکەوتەکەدا نابێتە بەڵگە لەسەر بونی خودی ثیۆدۆسیوس لەوێدا!

● بەڵگەیەکی تری (الدجاني) ئەوەیە کە وەسفی دەقە قورئانیەکە بۆ دەرچەی ئەشکەوتەکە لەگەڵ ئەشکەوتی (الرجيب) دا دەگونجێت، دەقە قورئانیەکە لە (فجوة) دەدوێت کە ئەوەش دەرچەی ئەشکەوتەکە دەگرێتەوە کە بەرەو باشورە، ئینجا لەوە دەدوێت کە بەیانیان تیشکی خۆر دەدات لە لای ڕاستی سەرەتای ڕاڕەوی ئەشکەوتەکە، ئێوارانیش دەدات لە لای چەپ: (و ترى الشمس اذا طلعت تَزَاوَرُ عن كهفهم ذاتَ اليمين و اذا غربت تَقْرِضُهم ذاتَ الشمال و هم في فجوة منه) (الكهف: ١٧). جا ئەوەش لە ئەشکەوتێکدا دێتە جێ کە ڕوی دەرگاکەی بەرەو باشور بێت ئینجا تیشکی خۆر بەیانیان دەدات لە لای (ڕاست) ی دەروازەکەی، بۆیە دەڵێت ئەمە بەسەر ئەشکەوتەکەی ئێفیسوسدا ناسەپێت کە دەرگاکەی بەرەو باکوری خۆرهەڵاتە، بەڵکو بەسەر ئەشکەوتی (الرجيب) دا دەست دەسەپێت کە دەرگاکەی بەرەو باشورە[2]. سەرەتا لێرەدا (الدجاني) ئەم (فجوة) یە بە (فتحة) تێگەیشتوە (کە هەندێك لە هاوبیرەکانیشی لەگەڵیدا نین لەمەدا)، لە کاتێکدا ئەوە نەزانینی زمانە،

---

[1] العمراني، مصدر سابق. ص. ٣٥. | شهاب، مصدر سابق. ص. ٢٥٥.

[2] مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٧. | شهاب، مصدر سابق. ٢٥٥.

ئەگەرنا هەمو ڕاڤەمەندەکانی قورئان (فجوة) یان بە فراوانی «مُتَّسَع» ڕاڤە کردوە[1]، واتا ناوەوەی ئەشکەوتەکە کە فراوانترە لە دەرگاکەی، دەقەکەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان لەو فراوانیەی ئەشکەوتەکەدا بون نەك نزیك دەرگاکەی، مەبەستی دەقەکەش لەم چەمکە ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەوە ئەوان پارێزراو بون لە تیشکی خۆر، چونکە ئەگەر نزیك دەرگاکە بونایە لە بەیانیان و ئێواراندا تیشکی خۆر لێی دەدان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها مەبەستێکی (ڕواڵەتی) یە، ئەگەر نا ڕیشەی قوڵی بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ وێناکردنی ئەشکەوت وەکو سەرچاوەی ژیان و دەروازەی نێوان ژیان و مردن، بۆیە سەرنج دەدرێت زۆر گۆڕستانی تایبەتی هەیە لە ناو ئەشکەوتێکی دەستکرددا، ئەم ئەشکەوتە ڕێرەوێك یان دەرگایەکی تەسکی هەیە کە دەچێت بەرەو هۆڵە فراوانەکەی ناوەوە، جا لە نمونەیەکدا، کە گۆڕستانێکە لە ژێرخانی گردێکی دەستکرددا لە خۆرئاوای هەرێمی کێنیت Kennet لە بریتانیا، سەرنج دەدرێت کە هەوڵی زۆر دراوە ئەم شێوەیە لە شێوەی منداڵدان «الرَّحِم» بچێت[2]. کە منداڵدانیش دەرچەیەکی تەسکی هەیە بەڵام کۆرپەلەکە لە فراوانیەکەیدایەتی، واتە لە (فجوة) کەیدا.. ئەوەش بە هیوای زیندوبونەوەی مردوانی ئەو گۆڕستانە، یان بۆ پیشاندانی ئەوەی کە مرۆڤ لە منداڵدانی زەویەوە دێت و دەچێتەوە بۆ ناو منداڵدانی زەوی: (منها خلقناكم، و فيها نُعيدكم، و منها نُخرجكم تارةً أُخرى) (طه: ٥٥). وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەگوڕیشەی ئەم چیرۆکە دەچێتەوە بۆ بیروباوەڕەکانی ژیان و مردن و

---

[1] البيضـاوي، مصـدر سـابق.. ج. ٣، ص. ٤٨٣. | القـرطبي، مصـدر سـابق. ج. ١٠، ص. ٣٦٩. | الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص‌ص. ٢١٢، ٢١٣. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٦. | الشوكاني، *فتح القدير الجامع بين فني الرواية و الدراية من علم التفسير*. دار الفكر، بيروت. ج. ٣، ص. ٢٧٦. | ابن منظور، *لسان العرب*. دار صادر، بيروت، الطبعة الأولى. مادة (فجو). ج. ١٥، ص. ١٤٨.

[2] Varner. Ibid.

ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:

**Meaden**, Terrance, *Stonehenge: The Secret of the Solstice*. London: Souvenir Press, 1997. PP. 25-26.

زیندوبونەوە.

سەبارەت بە ئاڕاستەی دەروازەی ئەشکەوتەکەش کە ڕوی لە باشورە، لە ڕاستیدا ئەمەش نابێتە بەڵگە چونکە ئەشکەوتەکەی نزیک تەرسوسیش دەرگاکەی ڕوی لە باشورە![1]. لە لایەکی تریشەوە ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس ئەوەندەی گۆڕستان و کلێسای بەسەرەوە دروست کراوە و داڕوخاوە بە شێوەیەك ئەشکەوتە ڕاستەقینەکە ون بوە و نەماوە، ئیتر نازانین بە چی دڵنیا بون دەربارەی ئاراستەی دەروازەکەی کە بەرەو باکوری خۆرهەڵاتە؟! جگە لەوەی کە وەرگرتنی ئەو واتایانە سەبارەت بە ئاڕاستەی دەرگای ئەشکەوتەکە لە ڕواڵەتی دەقەکە شتێکی ئەستەمە، چونکە دەقەکە تەنها ویستویەتی بڵێت کە بەیانیان و ئێواران تیشکی خۆر کە لەو کاتەدا بە ئاسۆیی دێت دەیدا لە ئەم لاو ئەو لای دەروازەی ئەشکەوتەکە، ئیتر دەستپێکردنی بە باسی لای ڕاست مەبەستێکی گەورەی لە پشتەوە نیە، بەڵکو هەمیشە لە کولتوردا حەزێکی ناڕۆشن هەیە بە دەستپێکردن بە لای ڕاست، لە کردار و لە گوفتاریشدا، بە شێوەیەك لە دابونەریتی ئیسلامیدا دەستپێکردن بە لای ڕاست بوەتە دابونەریت «سُنَّة» ێکی حەزپێکراو «مُستحَبّ». کاتێك سەرنجیش لە قورئان دەدەین لەم بارەیەوە دەبینین هەمیشە بە باسی لای ڕاست «الیمین» دەست پێ دەکات: (یَتفیَّؤُ ظِلالُهُ عن الیمین و الشَّمائِل) (النحل: ٤٩)، (و نُقلِّبهم ذاتَ الیمین و ذاتَ الشِّمال) (الکهف: ١٨) کە ئەمەیان دەربارەی خودی خەوتوەکانە کە دەڵێت بە لای ڕاست و بە لای چەپدا هەڵگەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی یەك لایان لەسەر خاکەکە نەبێت و کار بکاتە سەر جەستەیان، (لقد کان لسَبَأ في مسکنهم آیة: جنتان عن یمین و شِمال) (سبأ: ١٥)، (إذ یتلقَّی المتلقِّیان عن الیمین و عن الشِّمال قَعِید) (ق: ١٧)، (و أصحاب الیمین، ما أصحاب الیمین؟.. و أصحاب الشِّمال، ما أصحاب الشِّمال؟) (الواقعة: ٢٧ ـ ٤١)، (عن الیمین و عن الشِّمال عِزِین) (المعارج: ٣٧). لە کولتوردا هەمیشە لای ڕاست بە چاکتر دانراوە و لای چەپ بە ئاڕاستەیەکی خراپ دانراوە، بە شێوەیەك (ڕاست) بوەتە هێمای (چاکە) و (چەپ) بوەتە هێمای (خراپە) (بێ گومان

---

[1] Yahya. Ibid.

**لێرەدا مەبەست لە چاکە و خراپە چەمکە ڕەوشتیە تەسکەکە نیە). ڕێکەوت نیە کە لە کوردیدا (ڕاست) بە لای ڕاست و بە شتی ڕێك و تەواو و واقیعی دەوترێت و (چەپ) یش بە لای چەپ و بە شتی ناڕێك و نێگەتیڤ دەوترێت. هەروەها ڕێکەوت نیە کە لە عەرەبیدا لە ماددەی (ی.م.ن) ەوە وشەی (یمین) هاتوە بە واتای لای ڕاست، وشەی (یُمْن) یش هاتوە بە واتای (بَرَکة). مرۆڤی عەرەبی کاتێك ئاماژەی بۆ هەردو لا کردوە ڕوی کردوەتە خۆرهەڵات (ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە خۆرهەڵات سەرچاوە و خاڵی سەرهەڵدانی شتەکانە بەو پێیە کە خاڵی سەرهەڵدانی ڕۆژە)، بە پێی ئەوەش لای ڕاست دەبێتە باشور، لای چەپیش دەبێتە باکور. باشوری مرۆڤی عەرەبی بریتیە لە وڵاتی (الیَمَن) کە لە هەمان ماددەی (ی.م.ن) ەوە هاتوە، وڵاتی یەمەنیش هەم دەکەوێتە لای ڕاستی مرۆڤی عەرەبی، هەم لە کولتورە دێرینەکاندا ناوبانگی هەیە بە پیتوفەڕ «یُمْن» و خێروخۆشی و پێی وتراوە عەرەبیای بەختەوەر «العربیة السعیدة» Arabia Felix، چونکە ڕێژەیەکی زۆر بارانی هەبوە و لە ڕوی ئاودێری و هەڵ بەستنی بەنداوەوە (کە یەکێکە لە بنەماکانی شارستانێتی) پێشکەوتو بون و بازرگانی بێڕکەبەری جیهانی دێرین بون لە بازرگانیی بۆنی خۆش و بەهاراتدا. بۆیە لە کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامیدا یەمەن بە وڵاتێکی بەفەڕ واتە (مُبارَك) دانراوە، ئەم بیرۆکەیەش لە هەندێك (حدیث) دا دەر کەوتوە[1]. لە لاکەی ترەوە کاتێك لای چەپی مرۆڤی عەرەبی بریتی بوە لە باکور، دەبینین وشەی (شِمال) کە لە بنەڕەتدا بە لای چەپ دەوترێت دواتر بوەتە ناو بۆ (باکور)، بەڵام هەمان وشە بە واتای شومی «الشُّؤْم» دێت، بەڵکو وشەی (شمال) و وشەی (شؤْم) لە یەك بنەڕەتی دێرینەوە هاتون. لای باکوری مرۆڤی عەرەبیش**

---

**[1] بۆ نمونە بڕوانە: البخاري، الجعفي ابو عبد الله، *الصحیح*. تحقیق: د. مصطفی دیب البغا. دار ابن کثیر، الیمامة، بیروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٧. الکتاب ٦٥: کتاب المناقب، الباب ١، الحدیث ٣٣٠٨، ج. ٣، ص. ١٢٨٩: (... و الإیمان یمان والحکمة یمانیة)، ئینجا بوخاری دەڵێت: (سُمِّیت الیمنُ لأنها عن یمین الکعبة و الشامُ لأنها عن یسار الکعبة و المشأمة المَیْسَرة و الید الیسری الشؤم و الجانب الأیسر الأشأم).**

بریتی بوە لە وڵاتی (الشَّام) بەڵکو (الشَّأْم) کە لە هەمان واتای (باکور) و (شوم) ەوە هاتوە، لە هەمان کاتدا لای چەپیش بوە، لە عەرەبیشدا لە ماددەی (ش.أ.م) ەوە وشەی (شؤْم) هاتوە، وشەی (مَشْأَمة) یش هاتوە بە واتای (شوم) و واتای لای چەپیش[1]. لە کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامیدا وڵاتی (شام) یش بە مۆڵگەی گەلێك کارەسات و ڕوداوی پەیوەست بە کۆتاییهاتنی جیهان دانراوە[2]. لە ئێسکاتۆلۆجیا (أُخرَوِيَّات) ی ئیسلامیدا ئەم بیرکردنەوەیە دەربارەی (ڕاست) و (چەپ) ڕەنگی داوەتەوە.. دەبینین لە قورئاندا سەرفرازەکانی ڕۆژی دوایی پێیان دەوترێت (أصحاب اليمين) و (أصحاب المَيْمَنة) و وا پێشان دەدرێت کە بە لای ڕاستدا دەڕۆن و بە دەستی ڕاستیان نامەی کارەکانیان وەردەگرن، بە زیانمەندەکانیش دەوترێت (أصحاب الشمال) و (اصحاب المَشْأَمة) و وا پێشان دەدرێت کە بە لای چەپدا دەڕۆن و بە دەستی چەپیان نامەی کارەکانیان وەردەگرن... مەبەست لەم شیکارە ئەوە بو کە دەستپێکردن بە باسی لای ڕاست لە دەقی قورئانیدا تەنها ڕەهەندێکی هزری «ذهني» ی هەیە و ناکرێت زانیاریی واقیعی و مێژویی و جیۆگرافیایی لێ وەربگیرێت. لە ڕاستیدا بواری ساخکردنەوەی بابەتە مێژویی و جیۆگرافیاییەکان میکانیزم و ئامراز و شێواز و هۆکار و هەروەها کۆلێژ و بەش و پسپۆڕیی تایبەتیی خۆی هەیە ئەگەر کەسێك بیەوێت بە ڕاستی لەو بوارەدا کار بکات، ئەگەر نا ئەو بوارە بە داتاشینی واتایەکی ئەگەرومەگەر لە دەقێکدا ناچێتە سەر!

- بەڵگەیەکی تریان ئەوەیە کە بە پێی چیرۆکە قورئانیەکە (مسجد) ێك بەسەر

---

[1] ابن منظور، *اللسان*. مادة: شأم. ج. ١٢، ص. ٣١٤ ـ ٣١٥. | الفيروزآبادي، *القاموس المحيط*. مادة: شأم. ج. ١، ص. ١٤٥٣. | الفراهيدي، الخليل بن أحمد، *كتاب العين*. تحقيق: د. مهدي المخزومي و د. إبراهيم السامرائي. دار و مكتبة الهلال. مادة: شأم. ج. ٦، ص. ٢٩٥.

[2] بۆ نمونە بڕوانە: مسلم، النيسابوري أبو الحجاج، *الصحيح*. تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار إحياء التراث العربي، بيروت. الكتاب ٥٢: كتاب الفتن وأشراط الساعة، الباب ٢٣، الحديث ٢٩٤٠، ج. ٤، ص. ٢٢٥٨: (... ثم يرسل الله ريحا باردة من قبل الشام فلا يبقى على وجه الأرض أحد في قلبه مثقال ذرة من خير أو إيمان إلا قبضته).

ئەشکەوتەکەوە دروست کراوە: (قال الذين غَلَبوا على أمرهم: لَنَتَّخِذَنَّ عليهم مسجدا) (الكهف: ٢٣)، بە پێی ئەمە دەڵێن ئەوە تەنها لەگەڵ ئەشکەوتی (الرجيب) دا دەگونجێت کە مزگەوتێك لە پاڵیدا هەیە، لە کاتێکدا لە نزیك ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس هیچ مزگەوتێك نیە[١].

ئەم بەڵگەیە لە ڕاستیدا پێکەنیناویە! چونکە دەقە قورئانیەکە لەو دیمەنە دەدوێت کە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا هاتوە کە ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوس (الذين غلبوا على أمرهم) فەرمان دەدات کلێسایەکی کەشخە بەسەر ئەشکەوتەکەوە دروست بکرێت، چیرۆکە مەسیحیەکە باس لەوەش دەکات کە ناوەوەی ئەشکەوتەکە ڕازێنراوەتەوە و هەروەها لەو نزیکەدا خەڵوەتگەیەکیش بۆ پیر و پەککەوتە و بێلانەکان دروست کراوە[٢]. ئەوەی کە قورئان بە زمانی تایبەتیی خۆی گوزارشی لێ دەکات بە (مسجد) لە ڕاستیدا هەر ئەو کلێسایە دەگرێتەوە کە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا باس کراوە. وشەی (مسجد) لە بنەڕەتدا هەمو پەرستگایەك دەگرێتەوە، بەڵام وەکو زاراوە بە پەرستگای ئیسلامی دەوترێت، لەبەر ئەوەش بێمانایە باس لە بونی (مسجد) بکەین بەم زاراوە تایبەتیە لە پێش ئیسلامدا. بۆیە پێویستە وشەی (مسجد) لەم دەقەدا بە (پەرستگا) بفامرێتەوە. ئینجا ئەوەی لە چیرۆکە مەسیحی و قورئانیەکەدا هاتوە ئەوەیە کە ئەو پەرستگایە هەر لە سەردەمی بەئاگاهاتنەوەی خەوتوەکاندا دروست کراوە، لە کاتێکدا مزگەوتەکەی نزیك ئەشکەوتی (الرجيب) لە سەردەمی عبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا دروست کراوە! ئەگەر بونی مزگەوت لە نزیك ئەشکەوت بەڵگە بێت ئەوا لە نزیك ئەشکەوتەکەی تەرسوسیش مزگەوتێك هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان (عبد العزيز) (١٨٣٠ ـ ١٨٧٦ ز.) لە ساڵی (١٨٣٨ ز.) دا[٣]. بەڵام بۆچی ئەشکەوتەکەی

---

[١] العمراني، مصدر سابق. ص. ٣٥. | مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٧. | شهاب، مصدر سابق. ص‌ص. ٢٥٤، ٢٥٥.

[2] Chardri. Ibid.

[3] *Tarsus, Where to Visit*. Republic of Turkey, Ministry of Culture and

ئێفیسوس مزگەوتی لە نزیکدا دروست نەکراوە و ئەویش ئەسلەمە (!) نەکراوە؟ وەڵامی ئەمە ئاشکرایە کە ئەشکەوتەکە بوەتە گۆڕستانێکی گەورەی مەسیحی و بە ئاسانی بۆن و بەرامی مەسیحیی لێ نابڕێت، لەم جۆرە شوێنانەشدا ئەستەمە مزگەوت دروست بکرێت چونکە ڕێگری فیقهییش هەیە. جگە لەوەی شوێنەکە بوەتە شوێنەوارێکی داڕوخاو و جەنجاڵ و بە ئاسانی ئامادە نابێت بۆ بیناسازیی نوێ. ڕەنگە ئەوەش هۆکارێك بوبێت کە بە هۆی واستەبونی مەسیحیەکان بە شوێنەکەوە موسڵمانانی ناوچەکە بە شوێنێکی مەسیحیی تایبەتیان زانیوە، بە تایبەتی کە کلێسای (مریم العذراء) یشی لێوە نزیکە کە ناسراوە بە (کلێسا دەبڵەکە) Double Church[1].

ئەمانە ئەو بەڵگانە بون کە ساز دەکرێن بۆ سەلماندانی پرۆپاگەندای ئەشکەوتی نزیك عەممان، کە دەر کەوت ستەمیان لە دەقە قورئانیەکەش کردوە نەك تەنها لە ویژدانی زانستی. بەڵگەکانی ئێمەش لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەشکەوتە هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکە مەسیحی ـ قورئانیەکەوە نیە، ئەمانەن:

◘ کاتێك لەم ئەشکەوتە ورد دەبینەوە، بۆمان ڕون دەبێتەوە کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەشکەوتێکی دەستکردە و لە بەرد هەڵکۆڵراوە و وەکو گۆڕخانە «مقبرة» بە کار هاتوە، کە ئەمەش لە هەمو ئوردون و فەلەستیندا نمونەی زۆرە. لەم ناوچەیەدا ئەشکەوت زۆرە و بۆ زۆر مەبەست بە کار هاتوە: وەکو ماڵ، وەکو شوێنێکی گشتی، بۆ نمونە ئەوانەی لەسەر دزی و ڕێگری ژیاون خۆیان تێدا شاردوەتەوە، شوانەکان بە کاریان هێناوە بۆ دالدەدانی مێگەلەکانیان و دواتر بۆ حەوانەوەی خۆیان، ڕێبوارەکان لە

---

Tourism. 2005.

@http://goturkey.kultur.gov.tr/destinasyon_en.asp?belgeno=9629&belgekod=9621&baslik=Tarsus

Destination to Visit: Tarsus, The Cave of the Seven Sleepers (Eshab-ı Kehf). Ibid.

[1] *Ephesus, an Ionian City*. Sailturkey LLC.

@http://www.sailturkey.com/routes/sites/efesos.htm

شەودا تێیدا حەواونەتەوە. لە هەموی گرنگتر لەو سەردەمەدا نەریتێك هەبوە کە بریتیە لە بەکارهێنانی ئەشکەوت (سروشتی یان دەستکرد) بۆ ناشتنی مردو و وەکو گۆڕخانەیەکی خێزانی، دەروازەی ئەشکەوتەکەش بە تەلەبەردی گەورە دەگیرا بۆ پاراستنی لاشەکان[١]. بەناوبانگترینی ئەم ئەشکەوتانە لە ناوچەکەدا ئەشکەوتی مەکفیلاه «المكفيلة» Machpealah מַכְפֵּלָה یە لە (الخليل) Hepron کە بە پێی کەلەپوری یەهودی لە کاتی خۆیدا ئبراهیم کڕیویەتی لە خاوەنی ئەو کێڵگەیەی کە ئەشکەوتەکەی تێدا بوە کە ناوی (عیفرۆن) עֶפְרוֹן ی کوڕی (صۆحەر) צֹחַר بوە، بۆ ئەوەی ئیبراهیم مردوی خۆی تێدا بنێژێت (*خولقاندن* «التكوين» - بیرێشیت בְּרֵאשִׁית: ٢٣: ١٠ - ١٦)، کە ئێستە دەڵێن شەش گۆڕی تێدایە کە گۆڕی سێ جوت ژن و مێردن: (إبراهيم) و (سارة)، (إسحاق) و (رِفْقة)، (يَعْقوب) و (لَيْئة)، لەبەر ئەوە شوێنەکە زۆر بە پیرۆز دانراوە و ڕێگە بە کەس نەدراوە ناوەوە ببینێت و ئێستەش هەمو دەرچەیەك بۆ ناوەوە گیراوە[٢].



وێنەیەکی گریمانەیی ئەشکەوتی مەکفیلاه / گۆڕخانەی بنەماڵەی ئیبراهیم، لە سەردەمانی ڕابردودا، بە پێی پشکنینێکی ئارکیۆلۆجیایی لە لایەن Ron Wyatt ەوە کە دواتر باسی دێت. سەرنج بدە کە لە زۆربەی شێواز و دیمەنەکانیدا لە ئەشکەوتی ڕەجیب دەچێت، بە دەروازە و دیواری حەوشە و هۆدە یاخود پەرستگای سەربانەکەیشیەوە.

---

(1) Jewish Encycl. Art. *Caves in Palestine*. By Emil G. Hirsch, Wilhelm Nowack.

دائرة المعارف الكتابية (CD-R). دار الثقافة، لبنان. مادة: *قبر ـ قبور*.

(2) Jewish Encycl. Art. *Caves in Palestine*.

دائرة المعارف الكتابية. مادة: *مكفيلة*.

من گومانم نیه که ئەشکەوتی (الرجیب) یش لەم جۆرە ئەشکەوتانەیە و بە ئاشکرا دیارە کە ئەشکەوتێکی سروشتی نیە بەڵکو زیاتر لە ئەشکەوتێکی دەستکرد دەچێت کە تەرخان کرابێت بۆ ناشتن و شاردنەوەی لاشەی چەند کەسێك. بەلآم گۆڕەکان گۆڕی بەردینی شێوازی بیزانتی (ڕۆمانیی خۆرهەلآت) ـن، ئەوەش شتێکی سروشتیە، چونکە لە سەدەی یەکەمی زایینیەوە ناوچەکە هاتوەتە ژێر دەسەلآتی یۆنانی، لە سەدەی دوەمیشەوە و لە سەردەمی تراجاندا ـ وەکو ڕابورد ـ لە ژێر دەسەلآتی ڕۆمانیدا بوە، تا لە سەدەی چوارەمدا و لە سەردەمی کۆنستانتیندا بیزانتیوم دەبێتە پایتەخت و ناوی لێ دەنرێت کۆنستانتینۆپۆلیس «القسطنطنية» و ئەو کاتەش ئیمپراتۆرێتیی خۆرهەلآت دەبێتە بنەڕەتی لە ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانیدا و پێ دەوترێت ئیمپراتۆرێتیی بیزانتی، ئینجا شێوازی ئەم سێ قۆناغە (یۆنانی ـ ڕۆمانی ـ بیزانتی) وەکو پرۆسێسێکی بەردەوام و گشتی لە ناوچەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دەبینین لە ئەشکەوتەکەدا نوسینی یۆنانی هەیە، شێواز و نەخشی گۆڕە بەردینەکانیش بیزانتین، ئینجا نیشانەی خاچیش لەسەر بەردی ناو ئەشکەوتەکە و بەردی دەوروبەری گۆڕەکان دەر دەکەوێت[1]، کە ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیزانتی، چونکە لە لایەکی تریشەوە نیشانەی خاچ لە جیهانی مەسیحیدا لە درەنگێکدا هاتوەتە کایە و لە سەردەمی زوی مەسیحیەتدا نەبوە، بەڵکو لە سەدەی (٣ ز.) دا هاتوەتە کایە و لە سەدەی (٤ ز.) یشدا بوەتە دیاردەیەکی گشتی. واتە لە بنەڕەتدا باس لە لەخاچدانی مەسیح نەکراوە لەسەر خاچێکی ڕاستوچەپ، بەڵکو باس لە هەڵواسینی مەسیح کراوە بە تەختەیەکی ڕێك و تەنهادا یاخود وردتر بڵێین تەختەیەك لە شێوەی پیتی T، چونکە لە ڕاستیدا لەخاچدانی ڕۆمانیەکان بەم شێوەیە بوە، ئەم شێوازەشیان بۆ لەسێدارەدانی دز و ڕێگر و هەروەها کۆیلەی یاخی (بۆ نمونە یاخیبونی

---

[1] مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٧.

سپارتاکوس و شوێنکەوتوانی) و ناپاکی سیاسی بە کار هێناوە[1]. لێرەدا مەبەستەکە ئەوە بو کە ڕەنگدانەوەی شێوازی بیزانتی بریتی بوە لە بارودۆخێکی گشتی و بەردەوام لە هەر سێ قۆناغی (یۆنانی - ڕۆمانی - بیزانتی) دا، ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازەش هەمو ناوچەکەی گرتوەتەوە و تایبەت نیە بە گۆڕخانەکەی ئەشکەوتی (الرجیب) ـەوە. هەروەکو هەندێك نەخش و خشڵ و دراو دۆزراونەتەوە لە ئەشکەوتەکەدا کە بیزانتین[2]، وەکو بەشێکی تر لە ڕەنگدانەوەی شێوازی بیزانتی لە ناوچەکەدا. کورتەی ئەم خاڵە ئەوە بو کە بونی ئەم جۆرە ئەشکەوتانە کە وەکو گۆڕخانە بە کار هاتون شتێکی ئاسایی و باوە لە ناوچەکەدا، هەروەها ڕەنگدانەوەی سەردەمی بیزانتی بارودۆخێکی گشتی بوە لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەمانە بونی چەند گۆڕێك لە ئەشکەوتێکدا لەم ناوچەیەدا و ڕەنگدانەوەی شێوازی بیزانتی لە گۆڕەکاندا نابنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەشکەوتە و ئەم گۆڕانە پەیوەندییان بە چیرۆکی حەوت خەوتوەکەوە هەیە.

▫ کۆمەڵێك دیاردە و نیشانە لەم ئەشکەوتەدا هەن کە لەگەڵ چیرۆك و کەسێتیی حەوت خەوتوەکەدا ناگونجێن، لەوانە: سەربانی ئەشکەوتەکە دەرچەیەکی بچوکی تێدایە کە بە سەرقاپێکی بەردین گیراوە، ئەم دەرچەیە لە ناوەوە وەکو کلاوڕۆژنەیەك وایە و دەرچەیەکە لە بەردەکەدا کە دەگاتەوە سەرقاپەکەی سەرەوە. (د. عبدالعزیز کامل) کە یەکێکە لەوانەی بانگەشە بۆ ئەم شوێنە دەکات وەکو شانۆی چیرۆکەکە، پێی وایە ئەم دەرچەیە بۆ هەواگۆڕکێ بە کار هاتوە و لە ڕێگەی

---

[1] Catholic Encycl. Vol. IV. Art. *Archæology of the Cross and Crucifix*. By Orazio Marucchi.

Encycl. Britannica. Arts. *Cross*, *Crucifixion*.

Wikipedia. Art. *Crucifixion*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Crucifixion

[2] العمراني، مصدر سابق. ص. ٣٥. | مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٦. | شهاب، مصدر سابق. ص. ٢٥٥.

سەرقاپەکەوە دەتوانرێت هەوای ئەشکەوتەکە کۆنترۆڵ بکرێت بە پێی پێویست، چونکە دەتوانرێت کلاوڕۆژنەکە بە سەرقاپەکە بگیرێت یان سەرقاپەکە لا ببرێت، ئەوەش بە پێی بارودۆخی ئاووهەوا، و دەڵێت زیاتر لەوە دەچێت حەوت خەوتوەکە لە کاتی خۆیاندا بە کاریان هێنابێت، یان ڕەنگە کەسانێك دوای ئەوان بە کاریان هێنابێت[1]. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە لە ڕاستیدا بێ بەڵگەیە، بەڵکو شوێنەوارناسیی ناوچەی فەلەستین و ئوردون بەم شێوەیە بۆمان دەدوێت کە لەم ناوچانەدا ئەشکەوتی دەستکرد هەڵ کۆڵراون لە بەرد بە مەبەستی ناشتن و شاردنەوەی مردو، ئەم ئەشکەوتانەش دەروازەکەیان بە بەردێکی ڕاوەستاوی گەورە دەگیرا بۆ ئەوەی لاشەکان پارێزراو بن لە دەستدرێژی یان دڕندە. ئینجا لە سەربانی ئەشکەوتەکەدا دەرچەیەکی ئەستونی «عمودي» لێ دەدرا کە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناوەوەی ئەشکەوتەکە، لە ڕێگەی ئەم دەرچەیەوە لاشەی مردو دەبرایە ناو ئەشکەوتەکە. تیرەی ئەم جۆرە دەرچەیە لە نێوان (٣ ـ ١٠) پێ دایە و قوڵیەکەشی لە نێوان (٣ ـ ١٥) پێ دایە. دواتر ئەم دەرچە ئەستونیە پڕ دەکرایەوە و دەگیرا بۆ ئەوەی دەستدرێژی نەکرێتە سەر گۆڕەکان. هەندێك جاریش ئەشکەوتەکە لە چەند ژورێکی بچوك پێك دەهات کە لە ڕێگەی ئەم دەرچانەوە بە یەك دەگەیەنران و ئەمەش بەکار دەهات بۆ ناشتنی خێزانێکی تەواو. ئەم جۆرە گۆڕانەش تا سەردەمی یۆنانی باو بون[2]، واتە تا سەرەتای مێژوی زایینی. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو ئەشکەوتە لە بنەڕەتدا گۆڕێك یان کۆمەڵێك گۆڕ بوە و لە پێش مێژوی زایینیدا بە کار هاتوە یا هەڵکۆڵراوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم دەرچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە دێرینانە. شایەنی باسە کە شوێنەوارناسێك بە ناوی ڕۆن وایەت Ron Wyatt سالانی (١٩٧٩ ـ ١٩٩٣ ز.) ئەشکەوتێکی شارراوەی لە شاری (الخليل) ی فەلەستین دۆزیوەتەوە کە پێی وایە شوێنی ڕاستەقینەی ئەشکەوتی مەکفیلایە (هەرچەند لە

---

[1] مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٦.

[2] دائرة المعارف الكتابية. مادة: *قبر ـ قبور*.

پشکنینەکەدا هیچ ئێسکوپروسکێك لە ئەشکەوتەکەدا نەدۆزراوەتەوە).. بە پێی پشکنینە ئارکیۆلۆجیاییەکە لە سەربانی ئەم ئەشکەوتەشدا ئەم جۆرە دەرچەیە هەیە و ئەو هۆدەیەش کە سەرەتا لەسەر سەربانی ئەشکەوتەکە دروست کراوە ڕاستەوخۆ لەسەر دەرچەکە دروست کراوە، و ئێستەش دەرچەکە بە بەرد گیراوە بەڵام ڕەنگە لە سەرەتادا ئەو هۆدەیە بۆ پاراستنی دەرچەکە دروست کرابێت لە باران و بەفر و گڵوخۆڵ و شتی تر.. لە هەمان کاتیشدا شێوەی بیناکردنی هۆدەکە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە ئەم هۆدەیە وەکو مۆنومێنت «نُصْب» ێك بەسەر گۆڕخانەکەوە دروست کراوە و ئەوەیش کە ئەم ئاماژەیە دوپات دەکاتەوە ئەوەیە کە هۆدەکە ڕێك بە ئەندازەی ڕوبەری بۆشایی ئەشکەوتەکەی ژێری دروست کراوە! ئەمەش تیشکی تەواو دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان هۆدەکە و ئەشکەوتەکە لەم جۆرە گۆڕخانانەدا[1]. لێرەوە بەشێك لە ڕەگوڕیشەی پەرستگای سەر ئەشکەوت دەبینینەوە و لایەنێکی باکگراوندی پەرستش لە مردوپەرستیدا دەدۆزینەوە.

◘ لە ئەشکەوتەکەدا کۆمەڵێك نوسراوی ثەمودی هەیە. نوسینە ثەمودیەکانیش بە پانتاییەکی زۆری باکوری نیوەدورگەی عەرەبیدا بڵاوبونەتەوە: لە (حائل) و (الطائف) و (تَیْماء) (الحِجْر) و (العُلا) و (خَیْبَر) و (الجَوْف) و (مَدْیَن) و هەروەها لە خۆرهەڵاتی ئوردون (مەبەستەکەی ئێمە) و لە نیوە دورگەی سیناء. ڕەنگە کۆنترین ناوهێنانی ناوی (ثمود) ئەوە بێت کە لە نوسراوەکانی پاشای ئاشوری شاڕوکین (سارگۆن) ی دوەم Sargon II دا هاتوە بە شێوەی (تامودی) Tamudi لە ساڵی (٧١٥ پ. ز.) دا، کە خۆیشی لە ساڵانی (٧٢١ پ. ز. - ٧٠٥ پ. ز.) دا پاشا بوە. جا لە نوسراوی نەخشی سەر بەردی ئەم پاشا ئاشوریەدا ناوی (ثمود) هاتوە لە نێوان ناوی ئەو گەل و گەلەهۆزانەی باکوری نیوە دورگەی عەرەبی کە ملی پێ کەچ کردون. هەروەها لە

---

[1] **Wyatt**, Mary Nell, *The Cave of Machpelah, The Research and Discovery of Ron Wyatt*. Originally published in Newsletter, (4), 1993. Wyatt Newsletter, Wyatt Archaeological Research.

@http://www.wyattnewsletters.com/machpelah/mcplaintro.htm

سەردەمی ڕۆمانیدا ناسراون بە سوارچاکی کارامە لە جەنگدا و هێزێکی سوارەی ڕۆمانی لە میسر لەوان بوە. مێژوی نوسراوە ثەمودیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زانین و لە سەدەی چوارەمی زایینییشدا کۆتاییان پیٚ هاتوە، ئەوەش واتە لە نێوان (٥٠٠ پ. ز. - ٤٠٠ ز.) دا. بەڵام (ثمود) وەکو گەلەهۆز تەنها کەمێك پێش ئیسلام نەماون[1] [بە پێچەوانەی کەلەپوری ئیسلامیەوە کە لەم کەلەپورەدا مێژوی (عاد) و (ثمود) لە نێوان تۆفانی نوح و (إبراهیم) دا ڕیز کراوە!].

جا لەبەر ئەوەی نازانین نوسینە ثەمودیەکانی ئەشکەوتی (الرجیب) دەگەڕێنەوە بۆ چ سەردەمێکی دیاریکراو، مێژوی (٥٠٠ پ. ز. - ٤٠٠ ز.) یان بۆ دادەنێین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم نوسینانە دەکەونە پێش سەردەمی ثیۆدۆسیوس واتە سەدەی پێنجەمی زایینی، چونکە وەکو ئاماژەی بۆ کرا نوسینە ثەمودیەکان لە سەدەی چوارەمی زایینیدا کۆتاییان پیٚ دێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ئەشکەوتە لە پێش سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا ئاوەدان بوە و بە کار هاتوە... ئەمەش پێچەوانەی چیرۆکە مەسیحی - قورئانیەکەیە، چونکە بە پێی ئەم چیرۆکە ئەشکەوتەکە ئەشکەوتێکی سروشتی و نەناسراو بوە بە شێوەیەك سەرنجی ئەو چەند گەنجەی ڕاکێشاوە کە خۆیانی تێدا بشارنەوە و کەس پێیان نەزانێت، بۆ ئەمەش ئەشکەوتێك کە شوێنێکی ئاوەدان بێت و بە کار هاتبێت ناگونجێت... ئینجا هەر بە پێی

---

[1] دەربارەی ثەمود و نوسراوە ثەمودیەکان، بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Thamud*.

Wikipedia. Art. *Thamud*.

@http://en.wikipedia.org/wiki/Thamud

علي، د. جواد، *المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام*. ج. ١، الفصل: ٨: طبقات العرب، ثمود.

المطلبي، د. عبد الجبار، *مواقف في الأدب و النقد*. دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠. ص. ١٠١ (هامش). ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ: کامل، د. مراد، *لُغاتُ النقوش العربية و صلَتُها باللغة العربية*. ضمن: بحوث و محاضرات مؤتمر ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ لمجمع اللغة العربية بالقاهرة. ص. ١٨٠.

چیرۆکەکە (٢٠٠) ساڵ یان (٣٠٩) ساڵ ئەو گەنجانە لە ئەشکەوتەکەدا ماونەتەوە بە بێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت. بە پێی ئەمانەش دەبێت نیشانەی ئاوەدانی لە ئەشکەوتەکەدا تەنها بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ثیۆدۆسیوس و بەئاگاهاتنەوەی خەوتوەکان. لە کاتێکدا ئەو دەرچە ئەستونیەی کە لە سەربانی ئەشکەوتەکەدا هەیە و ئەم نوسینە ثەمودیانە دەگەڕێنەوە بۆ پێش زایین یان بۆ سەرەتای مێژوی زایینی. لەمانەوە دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا ئەم ئەشکەوتە وەکو گۆڕ یان کۆمەڵەگۆڕ لە مێژویەکی دێرینی پێش زاییندا بە کار هاتوە و دەرچە ئەستونیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قۆناغە، دواتر ماوەیەك پێش زایین یان دوای زایین ئەشکەوتەکە بۆ هەندێك مەبەست بە کار هاتوە و نوسینە ثـەمودیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم قۆناغە... تا لە سەردەمی بیزانتیدا ئەو چەند گۆڕە بەردینەی تێدا دروست کراوە و (صومعة) یەکیش لە پاڵیدا بنیات نراوە کە پەرستگایەکی بچوکە بۆ خەڵوەتی کەسێك یان چەند کەسێك. کەواتە بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە گوایە خەوتوەکان لەوێدا بون و کەس نەچوە بە لایاندا؛ ئەم ئەشکەوتە ئاوەدان بوە.

◘ (الدجاني) و (محمد تيسير ظبيان) و (د. عبد العزيز كامل) و هەمو ئەوانەی کە بە مەبەستێکی تایبەتی، کورد گوتەنی (بە چاوی مشتەری!)، بۆ ئەم شوێنەیان ڕوانیوە، نەیانتوانیوە تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی مەسیحی یان پێش ئیسلام لە شوێنەکەدا بدۆزنەوە کە ئاماژە بێت بۆ خەوتوەکان. هیچ نەخشێك یان نوسراوێك یان وێنەیەك نیە لە ئەشکەوتەکەدا کە باس لە حەوت خەوتوەکە بکات. ئەم بێدەنگبونە لە خۆیدا گەورەترین نیشانەیە لەسەر ئەوەی ئەم شوێنە هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکەکەوە نیە. لە کاتێکدا لە ساڵانی (١٩٢٧ ز.) و (١٩٢٨ ز.) دا پەیمانگای ئوسترالیایی شوێنەوار[1]، هەروەها پەیمانگای ئۆستریایی «نِمْساويّ» ی شوێنەوار

---

[1] *The Cave of the Seven Sleepers*. Kusadasi 2004.
@http://www.kusadasi.biz/sevensleepers.asp
Yahya. Ibid.

ماوەیەك پێش جەنگی جیهانیی دوەم[1]، ئەشکەوتەکەی نزیك ئێفیسوس دەپشکنن و بە شێوەیەکی زانستی کنە «تنقیب» ی تەواوی تێدا دەکەن.. ئەنجامەکانیش ئەمانەن:

ئەشکەوتەکە دەکەوێتە چیای پانایير (پانايير داغ) Panayir Dagi (٤٣٠ م)، کە لە ڕابردودا پێی وتراوە چیای (پیۆن) Pion. بەسەر ئەشکەوتەکەوە کلێسایەکی گەورە دروست کراوە کە ئێستە پاشماوەیەکی ڕوخاوی ماوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زایینی، واتە سەردەمی ثیۆدۆسیوس. بەدەم ئەشکەوتەکەوە چەند سەد گۆڕێك هەن کە بە زۆری گۆڕی ئەو مەسیحیانەن کە بە هیوای ئەوەی لە گۆڕدا دراوسێی حەوت خەوتوەکە بن لەوێدا نێژراون. ئەم گۆڕانە بە خشت و هەندێك ڕاگری بەرد دروست کراون. گۆڕستانەکە بایەخی زۆری پێدراوە و لە ناوەوە ژور و تاقی زۆری تێدایە. جا ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە لەم پشکنینە زانستیەدا زۆر نوسین و نەخش لە دیوارەکانی کلێساکەدا و لە گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە کە ئاماژەن بۆ حەوت خەوتوەکە[2].




دیمەنی ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس لە ڕوی دەرەوە

---

(1) Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*.

Encycl. Britannica. Art. *Ephesus*.

عيواص، مصدر سابق. ص. ١٢٢. | حبي، مصدر سابق. صص. ٦٧، ٦٨، ٧٢.

(2) *The Cave of the Seven Sleepers*. Ibid.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*.



دیمەنێك لە ئەشكەوت و گۆڕستانەكەی ئێفیسوس لە ناوەوە



دیمەنێك لە گۆڕستانی پاشكۆی ئەشكەوتەكەی ئێفیسوس



چەند دیمەنێك لە ژور و تاقەکانی گۆڕستانی ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس

بە گشتی جیهانی مەسیحی لە ڕابردودا زۆر بایەخی بەم شوێنە داوە و ئەم بایەخەش لەوەوە هاتوە کە مەسیحیەکان بە درێژایی مێژو تەنها ئاماژەیان بۆ ئەم شوێنە کردوە وەکو شانۆی چیرۆکی حەوت خەوتوەکە. بێ گومان ئەگەر ناوچەکە نەکەوتایەتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی و عوثمانی ئێستە پێگەیەکی زۆر گرنگی مەسیحی دەبو و تا ئێستاش کلێساکە و گۆڕستانەکە وەکو خۆیان دەمانەوە. بەڵام دوای (فتوحات) دەسەڵاتی مەسیحیی لێ کشاوەتەوە و دوای ئەوەش هیچ بایەخێکی ئیسلامیی بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵکو لەبریی ئەوە بایەخە ئیسلامیەکە ڕوی کردوەتە هەندێك شوێنی تری وەکو ئەشکەوتی (الرجیب) لە ناوچەی عەممان یان ئەشکەوتەکەی نزیك تەرسوس.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە کولتوری ئیسلامییشدا هەر لە سەرەتاوە لە هەندێك سەرچاوەی گرنگدا زانراوە کە ئەشکەوتەکە لە شاری ئێفیسوسە، ئەمەش لای (ابن إسحاق) لە *(السیرة النبویة)* دا و (الطبري) لە *(تاریخ*

*الأمم و الملوك)* دا دوپات دەکرێتەوە[1]. هەروەها کاتی خۆی هەشتەم خەلیفەی عەبباسی (المعتصِم بالله) (٧٩٥ ـ ٨٤٢ ز.) ناردویەتی بۆ هەواڵی ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس، هەروەها نۆیەم خەلیفە (الواثق بالله) (٨٤٢ ـ ٨٤٦ ز.) زانایەکی موسڵمانی بە ناوی (محمد بن موسی المُنَجِّم) ناردوە بۆ ئێفیسوس بۆ بینینی ئەشکەوتی خەوتوەکان و ئیمپراتۆری بیزانتی میخائیلی سێیەم Michael III (٨٤٢ ـ ٨٦٧ ز.) ڕێگەی دەدات و کەسێکی شارەزای لەگەڵدا دەنێرێت بۆ ڕێنیشاندانی، ئەم هەواڵانەش لای (البیروني) (٩٧٣ ـ ١٠٤٨ ز.) بەر چاو دەکەون[2].

◘ ئەشکەوتی (الرجیب) بایەخدانێکی مەسیحیی بە خۆیەوە نەبینیوە کە شیاوی کەسێتیی خەوتوەکان بێت... ئەو پەرستگایەی کە بە پاڵ ئەشکەوتەکەوە دروست کراوە جگە لە (صَوْمَعة) یەکی بچوك هیچی تر نیە. ئەگەر ئەو نیشانەی خاچە نەبوایە کە بەسەر هەندێك لە بەردەکانەوە هەیە دەمتوانی هەمو پەیوەندییەکی شوێنەکە یان گۆڕەکان بە مەسیحیەتەوە ڕەت بکەمەوە، بەڵام جگە لەوە هیچ بایەخێکی تر بە شوێنەکە لە لایەن مەسیحیەکانەوە نابینرێت... لە کاتێکدا بایەخی مەسیحی بە ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس بە ڕادەیەکە کە تا چەندین سەدەی تریش توانای مانەوەی هەیە. بە درێژایی مێژوی مەسیحی شوێنەکە لە لایەن مەسیحیەکانەوە سەردان «زیارة» کراوە و بە شوێنێکی پیرۆز زانراوە،

---

[1] (أفسوس، قریة الفتیة أصحاب الکهف). بڕوانە: ابن هشام (عن ابن إسحاق)، *السیرة النبویة*. تحقیق و ضبط و شرح و فهرسة: مصطفی السقا، إبراهیم الأبیاري، عبد الحفیظ شابي. مطبعة مصطفی البابي الحلبي و أولاده بمصر، الطبعة الثانیة، ١٩٥٥. مج. ٢، ج. ٤، ص. ٦٠٨. | الطبري، *تاریخ الأمم و الملوك*. دار الکتب العلمیة، بیروت، الطبعة الأولی، ١٤٠٧ هـ . ج. ١، ص. ٣٥٥.

[2] حبي، مصدر سابق. ص. ٦٧. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ: البیروني، *الآثار الباقیة من القرون الخالیة*. طبعة ساخو. ص. ٢٩٠. | عیواص، مصدر سابق. ص‌ص. ١٢٠، ١٢١. | یاقوت، مصدر سابق. مادة: الرقیم. ج. ٣، ص. ٦١.

بەتایبەتی تاکو سەدەی پازدەهەم[1]. هەروەکو گۆڕستانێکی مەسیحیی گەورەش لە شوێنەکەدا هەیە. بەڵام ئەوەندە هەیە جەماوەرە موسڵمانەکە ئەم شوێنەیان وەکو خۆی نەناسیوە و بایەخیان پێ نەداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شێوە و ڕواڵەتی شوێنەکە بە هۆی کلێسا ڕوخاوەکەوە و بە هۆی گۆڕستانە جەنجاڵەکەوە بە تەواوی گۆڕاوە. جەماوەری ناوبراویش بە دوای ئەشکەوتێکی پاك‌وپوختدا دەگەڕێن کە بەئاسانی ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەمەش نیشانەی ونبونی لۆجیکی گەشەوگۆڕان «الصیرورة» ـە لە هۆشیاریی ئیسلامیدا، چونکە بە پێی ئەم هۆشیاریە ڕەوایە کە ڕوداوێکی گەورە لە شوێنێکدا ڕوبدات کە شایەنی بایەخێکی زۆر بێت بەڵام دوای چەندین سەدە ئەو شوێنە وەکو خۆی بمێنێتەوە! چونکە لەم جۆرە هۆشیاریانەدا هەست بە جیاوازیی هزر و واقیع ناکرێت بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بیرۆکەی هزر لە واقیعدا ببینرێتەوە ئەگەر لە کات یان شوێنێکی تریشدا بێت!

◘ ئەو شێوە و بارودۆخەی کە ئەم گۆڕە بەردینانە هەیانە لەم ئەشکەوتەدا هیچی لێ ناخوێنرێتەوە کە ئاماژە بێت بۆ چیرۆکە مەسیحی ـ قورئانیەکە. ئەم گۆڕە بەردینانە بریتین لە هەشت گۆڕ کە چواریان لە لای ڕاست و چواری تریان لە لای چەپی ئەشکەوتەکە دروست کراون[2]، کە ئەم شێوەیە هەرچەند لێکدانەوەیەکی دڵنیای نیە جگە لەوەی کە ئەمە تەنها دابەشکردنێکە کە ڕوبەر و شێوەی ئەشکەوتەکە داخوازیی دەکات یان دابەشکردنێکی ئەندازەییانەیە... بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین ئەم شێوە و دابەشکردنە لەگەڵ کەسێتیی خەوتوەکاندا ناگونجێت چونکە ئەوانە هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نەبوە و ئەگەر

---

(1) *The Seven Churches of Revelation, Ephesus*. ArgoNet, the Internet Experts. @http://users.argonet.co.uk/education/diggings/pages/rese/guide/seven.htm
Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*.

عیواص، مصدر سابق. ص. ٦٨.

(٢) مظهر، مصدر سابق. ص. ١٤٧.

گۆڕیان هەبێت ئاشکرایە کە بە پاڵ یەکەوە دەبێت بۆ پێشاندانی ئەوەی کە ئەم کۆمەڵە یەک چیرۆک و بەسەرهاتیان هەیە.




وێنەیەکی گریمانەیی گۆڕی حەوت خەوتوەکە کە بە پاڵ یەکەوەن

**Twain**, Mark, *The Innocents Abroad*. H. H. Bancroft and Company, San Francisco, 1st Edition, 1869. Vol. 4. Chap. XL, The Legend of the Seven Sleepers.

ئەمە جگە لەوەی بە پێی چیرۆکە مەسیحیەکە خەوتوەکان حەوت بون (ئەم ژمارەیە نهێنیی خۆی هەیە کە پەیوەندی بە ڕەگوڕیشەی چیرۆکەکەوە هەیە، بە شێوەیەک ئەگەر حەوت نەبونایە ئەو خەوە دورودرێژەشیان لێ نەدەکەوت!! کە دواتر ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەمە دەکەین)، لە کاتێکدا ئەم گۆڕە بەردینانە هەشتن... (الدجاني) و هاوەڵانی دەڵێن ئێمە تەنها کەللەسەری حەوت کەسمان دۆزیوەتەوە و گۆڕی هەشتەم کەسی تێدا نەنێژراوە و دەڵێن ئەم گۆڕی هەشتەمە گۆڕی سەگەکەیە، بەڵام سەرەتا دەڵێم ئایا کێ وتویەتی کە سەگەکە گۆڕی بۆ دروست کراوە؟! چیرۆکە مەسیحیەکە یان مێژو یان چیرۆکە قورئانیەکە؟ بێ گومان هیچیان! چیرۆکە مەسیحیەکە کە بنەڕەتی هەمو دەنگوباسەکەیە باسی سەگی تێدا نەهاتوە، سەبارەت بە مێژو هیچ بەڵگەیەکی مێژویی نیە لەسەر خودی چیرۆکەکەش نەک شتی لاوەکی، سەبارەت بە چیرۆکە قورئانیەکەش لە دەقە قورئانیەکەدا هیچ ئاماژەیەک دەربارەی ناشتنی سەگەکە نیە... کەواتە (گۆڕی سەگەکە) تەنها پولێکی

قەڵبە! ئینجا گریمان گۆڕی هەشتەم گۆڕی سەگەکەیە، بەڵام بۆچی هیچی تێدا نیە و شەویلگەی سەرەوەی سەگێك تێکەڵی خاكوخۆڵەکە لە لای دەروازەی ئەشکەوتەکە دەدۆزرێتەوە؟! لێرەدا کەسێك بە ناوی (الشیخ عبدالله حَمَد الشَّوْبَكي) کە ئەمینداری ئەشکەوتەکەیە چیرۆکێکی لە قوژبنەکانی مێشکی خۆیەوە هێناوە کە گوایە دوای ئەوەی بە فەرمانی ثیۆدۆسیوس هەڵبەستنی هەشت گۆڕەکە تەواو دەبێت و خەریکی گرتنی دەروازەی ئەشکەوتەکە دەبن پیاوەکانی پێی دەڵێن دروست نیە سەگ لەگەڵ پیاوچاکاندا بنێژرێت چونکە فریشتە ناچێتە شوێنێکەوە سەگی تێدا بێت، لەبەر ئەوە سەگەکە دەر دەهێننەوە و لەسەر دەرگای ئەشکەوتەکە دەینێژن!![1]. ئەم چیرۆکە هەرچەند شیاوی قسەلێکردن نیە بەڵام وا دیارە دوا (عوزر) ێکە بۆ ئەو (قەباحەت) ـەی تێی کەوتون! بنچینەی ئەم چیرۆکە بیرۆکەیەکی ئیسلامیە کە (فریشتە ناچنە شوێنێکەوە سەگی تێدا بێت)، لێرەدا قسە لەسەر ڕەگوڕیشەی ئەم بیرۆکەیە ناکەم[2]، بەڵام بیرۆکەکە تایبەتە بە کولتوری یەهودی و ئاڕامی و عەرەبیەوە و، لە کولتوری تردا، وەکو کولتوری ئوروپایی دێرین، سەگ پیرۆزیی هەبوە و لە قوربانیدا بە کار هاتوە و لە هەموی گرنگتر لە کولتوری یۆنانیدا سەگێك بە ناوی کێربێروس Cerberus (Κερβερος) (کە سەگێکی سێسەری کلك ئەژدیهایی ترسناکە) پێشوازی لەوانە دەکات کە دەچنە جیهانی مردوان و ناهێڵێت کەس لەو جیهانە دەر بچێت، جگە لە سەگێکی تر لە کولتوری ئوروپاییدا بە گشتی بە هەمان فرمان بە ناوی هیلهاوند Hell-hound (سەگی پاسەوانیی جیهانی مردوان)[3]. کە ئەمە ڕەنگە تیشکێك بهاوێتە سەر بونی سەگێك

---

[1] مظهر، مصدر سابق. ص‌ص. ١٤٧، ١٤٦.

[2] بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە: عەبدولڕەحمان، سەروەر، *ڕەخنە لە لێکدانەوەی زانستی بۆ قورئان*. گۆڤاری (هەژان)، ژ. (٩ و ١٠)، لا. ٣٤٥.

[3] **Hesiod**, *The Theogony*. Translated by Hugh G. Evelyn-White. 1914. LL. 306-332.

**Bulfinch**, Thomas, *Bulfinch's Mythology, The Age of Fable, or Stories of Gods*

لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا کە خەوتون و خەویش برای مردنە و ئەوەش لە ئەشکەوتدا کە یەکێکە لە هێماکانی جیهانی مردوان! ئەم باسە هەرچەند درێژەی هەیە، بەڵام حەز دەکەم مشتومڕی زیاتر لەگەڵ شێخی شەوبەکی بکەم: ئەم کەسە لە کولتوری خۆیەوە بۆ هەمو کولتوری کۆن و نوێی جیهان دەڕوانێت، بە پێی کولتوری خۆی فریشتە ناچنە ماڵێکەوە سەگی تێدا بێت، لەبەر ئەوە پێی وایە پێویستە ئیۆدۆسیوس و پیاوەکانیشی وا بیر بکەنەوە. بەڵام (بۆ بزەی لێو) دەڵێم پیاوەکانی ئیۆدۆسیوس زیاتر کارەکەیان خراپ کردوە کە سەگەکەیان لە چەقی ڕێگادا داناوە! ئینجا بۆچی جاری یەکەم گۆڕێکی بەردینیان بۆ سەگەکە هەڵ بەستوە بەڵام جاری دوەم تەنها بێبایەخانە لە خاكوخۆڵیان ناوە؟ بۆچی جاری یەکەم هیچ هەستیارییەکیان بەرامبەر سەگ نەبوە بەڵام تەنها لە کاتی گرتنی دەروازەی ئەشکەوتەکەدا کە هەمو شتێك تەواو بوە بیرکردنەوەیان دەربارەی سەگ گۆڕاوە؟! جگە لەمانەش ئەگەر گۆڕی هەشتەمیان بە هۆی ئەو بابەتەوە خاڵی کردوەتەوە بۆچی لایان نەبردوە و هەر لە جێگەی خۆیدا ماوە؟! بێ گومان هیچ نیشانەیەك نیە لەسەر ئەوەی کە پاشماوەی سەگەکە لە باری ناشتن «دَفْن» دایە، تەنها ئەوەندەیە کە (شەویلگەی سەرەوە) ی سەگێکیان لە کاتی هەڵکەندنی گڵوخۆڵی سەر دەروازەی ئەشکەوتەکە دۆزیوەتەوە... ئێمەش دەزانین کە ناشتن «دَفْن» چەند نیشانەیەکی هەیە، وەکو گۆڕ، بونی لاشەکە لە قوماشێکی تایبەتیدا، مۆمیاکردنی لاشەکە، دانانی لاشەکە لە بارودۆخ و ئاڕاستەیەکی تایبەتیدا، ناشتنی هەندێك کەلوپەل و پەیکەری بچوك لەگەڵ لاشەکەدا، بە لای کەمەوە داپۆشینی لاشەکە بە هەندێك بەرد... بەڵام لێرەدا جگە لە شەویلگەیەکی سەرەوە هیچیان بە دەستەوە نیە. دەبێت ئەوەش بزانین کە سەگ لە ڕابردودا زۆر هاوڕێیەتیی مرۆڤی کردوە، بە تایبەتی کاتێك لە ڕابردویەکی زۆر دێریندا مرۆۋ سەگی ماڵی کردوە و ژیانی ئەشکەوتی لەگەڵدا بەسەر بردوە، لەم ڕوەشەوە لە هەندێك ئەشکەوتدا دەبینین مرۆۋ

---

*and Heroes*. 1855. Chap. XI.

Encycl. Britannica. Arts. *Death Rite*. *Hellhound*.

وێنەی خۆی و سەگی پێکەوە کێشاوە...[1].



وێنەیەکی پێش مێژو کە لە ئەشکەوتێکدا کێشراوە و بە کارهێنانی سەگ لە ڕاودا ڕون دەکاتەوە

جگە لەوەی هەمیشە ئەشکەوت داڵدەی شوان و مێگەل و سەگەکەی داوە. ئەوەش ئاشکرایە کە پاشماوە و ئێسکی هەمو جۆرە گیاندارێك لە ئەشکەوتەکاندا دەبینرێتەوە. بۆیە بونی پاشماوەی سەگ لە ئەشکەوتدا لە خۆیدا بەڵگەی پەیوەندییەك نیە بە چیرۆکەکەوە.

▫ بێ گومان چیرۆکە مەسیحیەکە بنەڕەتی هەمو ئەو دەنگوباسەیە کە لە جیهانی مەسیحی و ئیسلامیدا هەبوە دەربارەی خەوتوەکان. لە هەمان کاتیشدا بە پێی چیرۆکە مەسیحیەکە هیچ گۆڕێکی تایبەتی بۆ حەوت خەوتوەکە دروست نەکراوە، ئەوەش لەسەر داوای خۆیان. چیرۆکەکە دەڵێت کە ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوس فەرمان دەدات کە حەوت گۆڕی زێڕینیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام دواتر لە خەوندا حەوت خەوتوەکە پێی دەڵێن کە ئەوان پێیان خۆشە هەر بە سادەیی لە گڵی ئەشکەوتەکەدا بنێژرێن[2]. تاکە سەرچاوەیەك دەربارەی ناشتنی

---

(1) *History*. Thai Ridgeback Dog Official UK Breeders Website.
@http://www.thairidgeback.co.uk/history.htm

(2) Jacobus de Voragine. Ibid.
*Dolng-Brazharleonkh.* Ibid.

حەوت خەوتوەکە چیرۆکە مەسیحیەکەیە، چونکە (مێژو) و (قورئان) لەم بارەیەوە بێدەنگن، بە پێی ئەم چیرۆکە مەسیحیەش حەوت خەوتوەکە لە خاکێکی سادەدا نێژراون. جگە لەمەش هەر بە پێی زانیاریە مەسیحیەکان گوایە ئێستە لاشەی حەوت خەوتوەکە لە ئەشکەوتی نزیك ئێفیسوسیش نین، بەڵکو گوایە لە سەردەمی جەنگە خاچیەکاندا دا گوێزراونەتەوە لە تابوتێکی بەردینی گەورەدا بۆ مارسیلیا لە فڕەنسا لە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، گوایە ئێستە لە کلێسای قیددیس ڤیکتۆر St Victor. دان لەویَ[1]. ئەمە هەرچەند قسەی خەڵکە و ساخ نەکراوەتەوە بەڵام بەڵگەیەکی زانستییش نیە لەسەر بونی گۆڕی حەوت خەوتوەکە لە شوێنێکی تردا! لێرەدا دەبێت بپرسین: ئایا کاتێك (الدجاني) و ئەوانی تر باس لە حەوت گۆڕی بەردین دەکەن بۆ حەوت خەوتوەکە لە ئەشکەوتی (الرجيب) نزیك عەممان، پشتیان بە چی بەستوە؟ چیرۆکە مەسیحیەکە یان مێژو یان چیرۆکە قورئانیەکە؟ وەڵام: هیچیان!

پێم وایە ئەم بەڵگانە زۆریان زیادە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەشکەوتی (الرجيب) هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکە مەسیحی ـ قورئانیەکەوە نیە.

• • •

بەم شێوەیە بینیمان کە هەر دو پاڵنەری (ژمارە ٣٠٩) و (پڕۆپاگەندای ئەشکەوتی نزیك عەممان) هیچ بنچینەیەکی زانستیی پتەویان نیە و لەو ئاستەدا نین کە نوسەری چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکە ناچار بکەن ئەو هەمو هەڵە مێژوییە بکات لە پێناوی ئەوەدا ڕاست دەر بچن. بێ گومان ئەو نوسەرانە بۆیان نیە بە ناوی ئایینەوە زێڕی ساختەمان پێ بفرۆشن، چونکە ئەو دو بیرۆکەیە هیچیان

---

Chardri. Ibid.

عیواص، مصدر سابق. ص. ١٠٨. | حبي، مصدر سابق. ٦٦.

[1] Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Ibid.

Rabenstein.

بنچینەیەکی ئایینیی پتەویشی نیە: سەبارەت بە بیرۆکەی (٣٠٩) یان (٣٠٠) ساڵ کە لە دەقەکەدا هاتوە بەم شێوەیە: (و لَبِثُوا فِي كهفهم ثلاثَ مئة سنين و ازدادوا تسعا) (الكهف: ٢٦)، بەڵام هەر خودی دەقەکە ڕاستەوخۆ هیچ متمانەیەك بەم ژمارەیە ناهێڵێت و ژمارەی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە بۆ لای خوا: (قل: الله أعلم بما لبثوا) (الكهف: ٢٧). لەبەر ئەوە ژمارە (٣٠٩) لە ڕوی ئایینییشەوە داکۆکیی لێ ناکرێت، چ جای ژمارە (٣٠٠). هەروەها ڕون بوەوە کە پرۆپاگەندای ئەشکەوتی (الرجيب) هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکە قورئانیەکەوە نیە، چ جای چیرۆکە مەسیحیەکە.

● ● ●

هەر لە سەرەتاوە دەمویست پرسیارێکی زۆر بنەڕەتی و ڕەوا بکەم، بەڵام دوام خست بۆ ئێرە: ئەگەر ئەم ڕوداوە لە ڕاستیدا لە سەردەمی هادریان یان دیۆکلیتیان یان تراجاندا و لە فیلادێلفیادا و لە ئەشکەوتی (الرجيب) دا ڕوی داوە بۆچی تا ئێستا یەك مەسیحی بە درێژایی مێژو ئاماژەی بۆ ئەمە نەکردوە؟! ئەگەر ڕوداوەکە بەم شێوە تایبەتیە بەشێکە لە مێژوی مەسیحی و پاڵەوانەکان مەسیحی بون و لە گەرمەی ئازاردانی مەسیحیەکاندا لە فیلادێلفیا پەنایان بۆ ئەشکەوتەکە بردوە چۆن ئەمە لە سەرتاسەری جیهانی مەسیحیدا و بە درێژایی مێژوی مەسیحی بێدەنگەی لێ کرا و کەس باسی نەکرد؟! چۆن دەگونجێت مەسیحیەکان شاهێدی حاڵ بن لە فیلادێلفیا لە سەردەمی هادریان یان دیۆکلیتیان یان تراجاندا بەڵام دواتر لە هەمو جیهانی مەسیحیدا بوترێت لە ئێفیسوس و لە سەردەمی دەکیوس (دەقیانوس) دا ڕوی داوە؟! بێ گومان ئەمە لاوازترین لۆجیك پشتگیریی لێ ناکات.

● ● ●

دەبێت ئەوەش بڵێم کاتێك من داکۆکی لە چیرۆکە مەسیحیەکە دەکەم کاتێك ئاماژە بۆ ئێفیسوس و سەردەمی دەکیوس دەکات، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەڵگەی مێژویی بێلایەن بە دەستەوەیە لەسەر ڕودانی چیرۆکەکە لەو کات و

شوێنەدا، ئەوەی هەیە تەنها گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە لە لایەن جەماوەرە مەسیحیەکەوە. بەڵکو مەبەستەکە لەو داکۆکیە ئەوەیە کە چیرۆکە مەسیحیەکە بنچینەی چیرۆکە ئیسلامیەکەیە و بنچینەی هەر قسەکردنێکی ـ بەڕواڵەت ـ مێژوییە کە کرابێت لەسەر چیرۆکەکە. چیرۆکە قورئانیەکە هیچ وردەکاری و کات و شوێن و ناوێکی دیاری نەکردوە، مێژوش لە لایەن خۆیەوە هیچ بەڵگە و دۆکیومێنتێکی لەم بارەیە نەخستوەتە بەر دەست، لەبەر ئەوە تەنها زانیاریەکانی چیرۆکە مەسیحیەکە لەبەر دەستدان، لەبەر ئەوە تاکە ڕێگە بۆ قسەکردن لەسەر چیرۆکەکە تەنها پشتبەستنە بە چیرۆکە مەسیحیەکە، ئەگەر چیرۆکە مەسیحیەکەش مێژویی نەبێت و ساختە بێت؛ ئەوا هەر قسەکردنێکی تر لەسەر چیرۆکەکە کە لەگەڵ چیرۆکە مەسیحیەکەدا نەگونجێت ئەوە ساختەی ساختەیە!

ئەو گومانانەی کە دەکرێن لە چیرۆکە مەسیحیەکە، بەم شێوەیەن:

● کەسێتیی ثیۆدۆسیوس، کەسێتیی ئیمپراتۆرێکی مەسیحیە کە کاری زۆری لە پێناوی مەسیحیەتدا کردوە. لەمەوە ثیۆدۆسیوس ڕەنگە بوبێتە کەرەستەیەك بۆ هەندێك چیرۆك و کار و بەسەرهاتی وای درابێتە پاڵ کە مێژویی نەبن یان بگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی دواتر. هەرچەند ئەو سەرچاوە مەسیحیانەی کە چیرۆکەکەیان گێڕاوەتەوە نزیکن لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسەوە.. چونکە ئەوەی یەکەم جار چیرۆکەکەی بە شیعر (لە بابەتی ئامۆژگاری «الوعظ») داڕشتوە مار یەعقوبی ساروقی (٤٥١ ـ ٥٢١ ز.) ـە، کە ساڵێك دوای مردنی ثیۆدۆسیوس لە دایك بوە. ئەوانەش کە بە پەخشان دایانڕشتوە: زەکەریای ڕەوانبێژ «زکریا الفصیح» Zachariah the Rhetor (٥٣٦ ز. مردوە) کە مافناس و ئوسقوفێکی مەسیحی بوە، چیرۆکەکەی لە نوسراوە مێژوییەکەی خۆیدا باس کردوە[1]، بەڵام ئەم نوسینە نوسینێکی ئایینیە بە پلەی یەکەم. هەروەها یوحەننای ئێفیسوسی John of Ephesus کە دەوروبەری ساڵی (٥٠٧ ز.) لە دایك بوە لە ناوچەی دیاربەکر و

[1] عيواص، مصدر سابق. ص. ١٠٩. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٣.

ساڵی (٥٥٨ ز.) بوەتە مەترانی ئێفیسوس و دەوروبەری ساڵی (٥٨٦ ز.) یان (٥٨٧ ز.) مردوە. مێژویەکی کلێسا و جیهانی لە سێ بەرگدا نوسیوە (کە تەنها بەرگی سێیەم ماوە) و چیرۆکەکەی تێدا باس کردوە[١]. ئەم سەرچاوانە تا ڕادەیەك نزیکن لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسەوە، بەڵام لە نەوەکانی دوای ثیۆدۆسیوسن و خۆیان شاهیدی حاڵ نین.

● ثیۆدۆسیوس لە سەردەمی خۆیدا کە (٤٢) ساڵی خایاندوە کۆمەڵێك کار و فرمانی گەورە و کاریگەری ئەنجام داوە، لەوانە لە ساڵی (٤١٣ ز.) دا دیوارێکی پتەو بە دەوری کۆنستانتینۆپۆلیسدا دروست دەکات، هەروەها لە ساڵی (٤٢٥ ز.) دا زانکۆی کۆنستانتینۆپۆلیس بنیات دەنێت، هەروەها لە ساڵی (٤٣٥ ز.) دا یاساناسەکان کۆدەکاتەوە و یاسایەکیان پێ گەڵاڵە دەکات کە لە ساڵی (٤٣٨ ز.) دا ڕایان دەگەیەنێت[٢]، کە بە زۆری بەمە بەناوبانگە و ناسراوە بە یاسای ثیۆدۆسیوسی Theodosian Code. هەروەها بە بانگهێشت و هەڵنانی ئەو دو بەندی گرنگی باوەڕی مەسیحی (ی ئۆرثۆدۆکسی) دەچەسپێن، یەکەمیان ئەوەیە کە لە کۆنگرەی یەکەمی ئێفیسوسدا (٤٣١ ز.) ساخ دەکرێتەوە کە مەسیح یەك سروشتی خوایی ـ مرۆیی یەکگرتوی هەیە[٣]، دوەمیشیان ئەوەیە کە لە کۆنگرەی دوەمی ئێفیسوسدا (٤٤٩ ز.) ساخ دەکرێتەوە کە ئەو دو سروشتە خوایی و مرۆییە یەکیان گرتوە بە بێ تێکەڵبون و گۆڕان[٤]، هەرچەند دواتر پاپای ڕۆما لیۆی یەکەم Leo I لە کۆنگرەی خەلکیدۆنە (٤٥١ ز.) دا ئەمەش هەڵ دەوەشێنێتەوە و ئەوە

---

(1) Encycl. Britannica. Art. *John of Ephesus*.

عیواص، مصدر سابق. ص. ١٠٩. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٣.

(2) Encycl. Britannica. Art. *Theodosius II*.

Nathan. *Theodosius II*. Ibid.

عیواص، مصدر سابق. ص. ١١٦.

(3) Encycl. Britannica. Art. *Ephesus, councils of*.

(4) Ibid.

دەچەسپێنێت کە لایەنی خوایی و لایەنی مرۆیی لە مەسیحدا یەکیان نەگرتوە و جیاوازن (کێشەی سروشتی مەسیح لە جیهانی مەسیحیدا بەرامبەری کێشەی سروشتی قورئانە لە جیهانی ئیسلامیدا). هەروەها ثیۆدۆسیوس زۆر بایەخی داوە بە گۆڕ و نزرگەی پێشەوا و شەهیدە مەسیحیەکان، بۆ نمونە پاشماوەی جەستەی یوحەنناى دەمزێڕین «یوحَنّا الفم الذهب» John Chrysostom (٣٤٧ ـ ٤٠٧ ز.) ی بە ڕێزێکی زۆرەوە گواستەوە بۆ کۆنستانتینۆپۆلیس، هەروەها پاشماوەی چل شەهیدەکەی لە (سیواس) Sivas یاخود (سِبَسْطِيَة) Sebasteia ـەوە لە ئەرمەنستان (مەبەست ئەرمەنستانی بیزانتیە) گواستەوە بۆ کۆنستانتینۆپۆلیس. هەروەها ڕوفاتی قیددیس ئیگناتیوسی لە شوێنێکی بێبایەخەوە لە دەرەوەی شاری ئەنتاکیە گواستەوە بۆ پەرستگای Tychaeum (Tychaion) و کرا بە کلێسایەکی مەسیحی لەژێر سایەی قیددیسی شەهیددا[١]. ئەمانە کۆمەڵێک کاروفرمانن کە سەرچاوە مەسیحیەکان و سەرچاوە مێژوییە بێلایەنەکانیش ئاماژەیان بۆ دەکەن.. بەڵام ئەوەی لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا هاتوە کە لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا مشتومڕێکی زۆر لەسەر بیروباوەڕی زیندوبونەوە دروست دەبێت و خەڵك دەکەونە گومان و گومڕاییەکی زۆرەوە و ثیۆدۆسیوس بەوە زۆر غەمبار دەبێت و دەچێتە خەڵوەتەوە، ئەمە تایبەتە بە چیرۆکە مەسیحیەکەوە و لە سەرچاوە مێژوییەکاندا باس نەکراوە، جگە لەوەی لە هەندێك شێوەی چیرۆکە مەسیحیەکەدا بیروباوەڕی نکولیکردنی زیندوبونەوە دەدرێتە پاڵ کۆمەڵێك بە ناوی (صادوقیەکان) «الصَّدُوقِيُّون» Sadducees[٢]، کە ئەمانە لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی

---

[١] عیواص، مصدر سابق. ص. ١١٦.

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *St. Ignatius of Antioch*.

[2] **Rydberg**, Viktor, *Teutonic Mythology: Gods and Goddesses of the Northland*. Translated by Rasmus B. Anderson. Part IV, chap. 94: The Seven Sleepers.

ریدبێرگ بۆ داڕشتنی چیرۆکەکە و ئەم چەمکە ئاماژە دەکات بۆ:

جولەکە بون لە فەلەستیندا کە باوەڕیان نەبوە بەو دەق و بیروباوەڕانەی کە لە قۆناغە درەنگەکاندا زیاد کراون لە ئایینی یەهودیدا، بۆ نمونە باوەڕیان تەنها بە پەڕاوەکانی پەیمانی دێرین «العهد القدیم» (بە زاراوەی یەهودی تاناخ תנך) بوە و کتێبەکانی تر و کەلەپوری دەماودەم (ڕەببانی ـ تەلمودی) یان ڕەت کردوەتەوە، هەروەها هەر لەم ڕوەوە باوەڕیان بە زیندوبونەوە نەبوە، چونکە ئەو باوەڕە لە ئایینی یەهودیدا نەبوە لە پێشتردا[1]. جا کاتێك لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا ناوی ئەم کۆمەڵە یەهودیە دەهێنرێت و بۆ تەواوکردنی دیمەنەکانی چیرۆکەکە دەخرێتە گەڕ ئەمە لە خۆیدا گومان لە چیرۆکەکەدا دروست دەکات. ڕەنگە ناوی ئەم کۆمەڵە بوبێتە هێمایەك بۆ نکولیکردنی زیندوبونەوە.. لە لایەنی مێژوییشەوە ئەم کۆمەڵە بە ڕوخاندنی پەرستگا «هَیْکَل» ی جولەکە لە (٧٠ ز.) دا کۆتاییان پیێ هاتوە.

دەربارەی چۆنێتیی دروستبونی ئەو دەنگوباسە دەربارەی سەردەمی ثیۆدۆسیوس من بیرم بۆ ئەوە دەچێت کە هەر لە دەنگوباسی مشتومڕەکانی کۆنگرەی دوەمی ئێفیسوسەوە دروست بوبێت. چونکە لە لایەکەوە ئەوەی لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا هاتوە ئەوەیە کە مشتومڕ لەسەر ئەوە بوە کە ئایا (جەستە) ی مردو زیندو دەبێتەوە[2] واتە ژیانی دوایی تەنها بە (ڕۆح) ـە یان بە ڕۆح و (جەستە) یشە، لە لایەکی تریشەوە مشتومڕی کۆنگرەی دوەمی ئێفیسوس لەسەر ئەوە بوە کە ئایا مەسیح تەنها (ڕۆح) ێکی خوایی بوە و (جەستە) ی تەنها تارماییەك بوە (کە ئەوە باوەڕی ئوتیخا Eutyches بو) یان (ڕۆح) ێکی خوایی و

---

*Miraculorum*. Liber VII., i., 92.

(1) دەربارەی (صادوقیەکان) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Sadducees*.

دائرة المعارف الكتابية. مادة: *صَدوقيون*.

المسيري، د. عبد الوهاب، *موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية* (CD-R). مج. ٥. ج. ٣. الباب ١. مُدخَل: *الصَّدوقيون*.

(2) Jacobus de Voragine. Ibid.

(جەستە) یەکی مرۆیی بوە بە یەکگرتویی، کە بڕیاری کۆنگرەش لەسەر باوەڕی دوەمیان بو. ئەگەری ئەوەش هەیە کە شێوە و ئاکاری هەردو کۆنگرەی یەکەم و دوەمی ئێفیسوس بەشدارییان کردبێت لە پێکهێنانی دەنگ‌وباسی کێشەی بیروباوەڕی زیندوبونەوەدا. بۆیە هەست دەکەم کە دەنگ‌وباسی مشت‌ومڕ لەسەر زیندوبونەوەی جەستە بە ڕۆحەوە تێگەشتن و لێکدانەوەیەکی فۆلکلۆری یان جەماوەریانەیە بۆ مشت‌ومڕ لەسەر سروشتی جەستە و ڕۆحی مەسیح.. ئەم مشت‌ومڕەش بە گشتی ڕەنگدانەوەی جیاوازیی کولتوری خۆرهەڵاتی و ئەوی خۆرئاواییە لە وێناکردنی مرۆڤدا، بە پێی بنەڕەتی کولتوری خۆرهەڵاتی مرۆڤ مرۆڤە بە جەستە و ڕۆحەوە بە بێ جیاوازی، بە پێی بنەڕەتی کولتوری خۆرئاواییش مرۆڤ لە دو بەشی جیاواز پێك هاتوە: جەستە و ڕۆح، لەبەر ئەوە دەکرێت مرۆڤ مرۆڤ بێت تەنها بە ڕۆح. ئەم جیاوازیە ڕیشەی قوڵی جیابونەوەی کلێسای خۆرهەڵاتی و ئەوی خۆرئاواییە لە بابەتی سروشتی مەسیحدا، بۆیە کلێسای خۆرهەڵاتی باوەڕی بە یەك سروشتی یەکگرتوی مەسیح (= مرۆڤ = خواوەند) هەبو، بەڵام کلێسای خۆرئاوایی سور بو لەسەر وێناکردنی هەردو لایەنی جیاوازی ڕۆح و جەستەی مەسیح و بەڵکو دوپاتی لایەنی ڕۆح (لایەنی خوایی) دەکردەوە وەکو جەوهەری مەسیح. ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆری یان جەماوەریانەی ئەم جیاوازیی وێناکردنە ئەوەیە کە بە پێی ئەو هزرە خۆرهەڵاتیە مرۆڤ لە ژیانی دواییدا بریتیە لە مرۆڤ بە ڕۆح و جەستەوە، بەڵام بە پێی بەرەنجامی ئەو هزرە خۆرئاواییە مرۆڤ لە ژیانی دواییدا بریتیە لە جەوهەری مرۆڤ کە ڕۆحەکەیەتی، کە ئەمەش دەبێتە نکولیکردنی زیندوبونەوەی (جەستەی) مرۆڤ کە لە چیرۆکەکەدا دەر کەوتوە..

- بە پێی چیرۆکە مەسیحیەکە دەکیوس دەچێتە شاری ئێفیسوس بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرنامەی ئازاردانی مەسیحیەکان. بەڵام ئەم بونەی دەکیوس لە ئێفیسوس پێویستیی بە سەلماندنی مێژویی هەیە، بە تایبەتی کە دەکیوس لە زۆربەی سەردەمی خۆیدا سەرگەرمی جەنگ بوە لەگەڵ دوژمنانی باکوری

ئیمپراتۆرێتیدا و هەر لەو ڕێگایەشدا تیاچوە.

● ئەوەی سەرنج دەدرێت دەربارەی چیرۆکە مەسیحیەکە ئەوەیە ئەم چیرۆك و هەواڵە تەنها لە دوای سەردەمی ثیۆدۆسیوسەوە دەر دەکەوێت.. ئیتر هیچ ئاماژەیەك یان چیرۆکێکی مەسیحی نیە کە ئاماژە بۆ حەوت گەنجەکە بکات پێش سەردەمی ثیۆدۆسیوس.. ئەمە ڕەنگە پاساوی تری بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو ئەنجامەشی لیٚ بە دەست بهێنرێت کە چیرۆکەکە دوای ثیۆدۆسیوس ڕاستەوخۆ گەشەی کردوە و سەرەتای چیرۆکەکەش دراوەتە پاڵ سەردەمی دەکیوس، بە بۆنەی ئەو ناوبانگە خراپەوە کە دەکیوس هەیەتی لە ئازاردانی مەسیحیەکاندا.

● بە پێی چیرۆکە مەسیحیەکە زیندوبونەوە یان بەئاگاهاتنەوەی خەوتوەکان نیشانەیەکی خوایی بوە بۆ سەلماندانی زیندوبونەوە و ثیۆدۆسیوس بۆ خۆیشی هەندێك گومانی بوە و زۆر ئاواتخوازی نیشانەیەکی لەو جۆرە بوە.. ئەم پەیوەندیە لە نێوان بارودۆخی کۆمەڵگەکە و بابەتی بەئاگاهاتنەوەکەدا لە خۆیدا گومانی ئەوەی دروست کردوە کە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕۆمانتیکیی ئایینیە کە کەسێك نوسیویەتی بۆ سەلماندنی زیندوبونەوە[1].

● ئەو گۆڕستانە جەنجاڵەی کە لە چەند سەد گۆڕێك پێك هاتوە و لە شوێنەکەدایە گومان و ناڕۆشنییەکی زۆری دروست کردوە. هەرچەند گۆڕەکان بە گشتی دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی پێنجەم و شەشەمی زایینی و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بە هۆی چیرۆکی خەوتوەکانەوە ئەم گۆڕستانە جەنجاڵە دروست بوە... ئاشکرایە کە زۆربەی بە هیوای دراوسێیەتیی گۆڕی خەوتوەکان لەوێدا نێژراون.. بەڵام نمونەی ئەم گۆڕستانە لە زۆر شوێنی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانیدا هەیە، کە پێی دەوترێت ژێرخانی مردوان «سرداب الموتى» Catacomb و لە ڕۆما و سیراکوسا «سِرَقُوسه» و ماڵتا «مالطه» و ئەلیکساندریا «الإسكندرية» و لوبنان و ناوچەی (الشيخ ابريق) یان (بيت شعرايم) لە فەلەستین هەیە... کە دەگەڕێنەوە بۆ

---

(1) Rabenstein. Ibid.

سەدەکانی یەك و دوی زاییني...[1]. پێ دەچێت گۆڕستانی ئەشکەوتەکەی ئێفیسوس بنچینەیەکی ئاوای هەبوبێت لە پێشتردا و دواتر گەشەی کردبێت... لێرەدا گومانی ئەوەش دەبرێت کە شوێنەکە لە بنەڕەتدا تەنها گۆڕستان بوبێت و ئەشکەوتی لێ نەبوبێت! بەڵام ئەم گومانە ڕەنگە هەواڵی مێژویی و پشکنینی ئارکیۆلۆژیایی ڕەتی بکەنەوە. ئەگەر ئەم شوێنە پێشتریش هەر گۆڕستان بوبێت ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ گومانی هەندێك کەس کە گومانی ئەوەیان بردوە ڕەنگە چیرۆکەکە بە دەوری کۆمەڵە گۆڕێکدا دروست بوبێت کە خاوەنەکانیان نەناسرابن یان گۆڕی کۆمەڵە شەهیدێکی نەناسراو بوبن.

● سەرەنجامی گۆڕی حەوت خەوتوەکە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا ناڕۆشنە، چونکە دەڵێن گوایە لە سەردەمی جەنگە خاچیەکاندا پاشماوەی جەستە و ئێسکی حەوت خەوتوەکە دەگوێزرێنەوە بۆ کلێسای ڤیدیس ڤیکتۆر لە مارسیلیا لە فەرەنسا. ئەمەش سەرەنجامێکی ناڕۆشنە و ساخکردنەوەی بابەتەکەش ئەستەمە. ئێمە نازانین لەو تابوتە بەردینەدا کە ئێستە لەو کلێسایەدایە چی هەیە؟!

● ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان سەرچاوە مەسیحیەکاندا هەیە لە ناوی حەوت خەوتوەکەدا. یەکەم سەرچاوە هۆنراوە ئامۆژگارییەکی مار یەعقوبی ساروقیە کە تەنها ناوی دوکەسیان دەهێنێت: (یەملیخا) و (مەرتۆلۆس)[2]. لە لای زەکەریای ڕەوانبێژ «زکریا الفصیح» ئەم حەوت کەسەن ـ بە داڕشتنەوەی عەرەبیانەی (زکا عیواص) کە لە شێوە سوریانیەکەوە نزیکە ـ: (أكلِيديس)، (ديُمدِس)، (أوگنيس)، (أسطيفانُس)، (فريطيس)، (سبطيس)، (قُرْياقوس)، دواتر دەڵێت هاوڕێیەکیان بە ناوی (دیۆنیسیۆس) کە وریا و خێرا بوە هاتوچوی شاری بۆ کردون بۆ دابینکردنی پێویستی. دواتر کە ئەو ناوانە دەهێنێت کە گوایە لەسەر ڕوتەختە قورقوشمەکە

---

(1) Encycl. Britannica. Art. *Catacomb*.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Ibid.

دائرة المعارف الكتابية. مادة: *قبر ـ قبور*.

(2) عيواص، مصدر سابق. ص. ١٠٩. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٣.

نوسراون ناوی دیۆنیسیۆس دەخاتە جێی (دیۆمیدیس)[١]. لە لای ڕەبەنی زوقنینی کە (٧٧٥ ز.) مردوە و لە مێژوەکەیدا هەمو کتێبەکەی یوحەننای ئێفیسوسیی هێناوە دەڵێت ناوی هەشت گەنجەکەی ئێفیسوس ئەمانەن: مەکسیمیلیانۆس، یەملیخا، مەرتۆلۆس، دیۆنیسیۆس، یوانیس، سیراپیۆن، ئیکسۆستێدیانۆس (کۆنستانتینۆس)، ئەنتۆنینۆس، کە کوڕی خانەدانەکانی ئێفیسوس بون[٢]. لە چیرۆکە یۆنانیەکەی سەدەی دەهەمدا کە لە لایەن سایمیۆن میتافراستیس Symeon Metaphrastes ەوە نوسراوە بەم شێوەیە ناوی حەوت خەوتوەکە هاتوە: ماکسیمیلیانۆس Maximillianos، جەمبلیخۆس Jamblichos، مارتینۆس Martinos، یوانیس (جۆن - یوحەننا) John، دیونیسیۆس Dionysios، ئێکساکۆستۆدیانۆس Exakostodianos (کۆنستانتینۆس)، ئەنتۆنینۆس Antoninos[٣]، کە بریتین لە ناوەکانی لای زوقنینی بە بێ زیادەی (مەرتۆلۆس). لە چیرۆکە لاتینیەکەشدا کە گریگۆریی تۆری Gregory of Tours (٥٣٨ - ٥٩٤ ز.) نوسیویەتی بەم شێوەیە ناوەکان هاتون: دیۆمیدیس Diomedes، ئەکیلیدیس Achillides، کویریاکوس Quiriacus، سەمباتوس Sambatus، ستیفانوس Stephanus، پرۆباتوس Probatus، دیۆگینوس Diogenus[٤]، کە ئەمانەش هەمان ناوەکانی لای زەکەریای ڕەوانبێژن (أوگنیس - دیۆگینوس، فریطیس - پرۆباتوس، سبطیس - سەمباتوس). هەروەها لە وەرگێڕانە لاتینیەکانی دواتر و لە جەژننامەی کلێسای ڕۆمانی (خۆرئاوایی) دا

---

[١] دو سەرچاوەی پێشو.

[٢] دو سەرچاوەی پێشو.

[3] Metaphrastes. Ibid.

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

[4] Gregory of Tours. Ibid.

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

بەم شێوەیە ناویان هاتوە: ماکسیمیانوس Maximianus، مالکوس (مالخوس) Malchus، ماریتینیانوس Martinianus، دیۆنیسیوس Dionysius، جوانیس (یوحەننا) Joannes، سێراپیۆن Serapion، کۆنستانتینوس Constantinus، جەژنەکەشیان لە (٢٧) ی تەممووزدایە[1]. لە دابونەریتی کلێسای خۆرهەڵاتی (بیزانتی) یشدا ناوەکان ئەمانەن: ماکسیمیلیان Maximilian، جەملیکوس Jamblicus، مارتینیان Martinian، جۆن John، دیۆنیسیوس Dionysius، ئێکساکوستۆدیان Exacustodian (کۆنستانتین)، ئەنتۆنیوس Antonius [٢].

هەروەها لە شێوەی تری چیرۆکەکەدا ناوی جیاوازی تریش هەن. ئەم ناکۆکیە زۆرەش لە ناوەکاندا ڕەنگە نیشانەی ئەوە بێت کە ئەم چیرۆکە لە ڕاستیدا چیرۆکێکی ئایینی یان ئەدەبیی ڕوتە و ئەو ناکۆکیە زۆرە و ئەو ناوە جیاوازانە لە گێڕانەوەی چیرۆکە مێژووییەکاندا ڕونادات. ئەگەری ئەوەش هەیە ناوە ڕاستەقینەکان نەزانرابن یان ئەوەی یەکەم جار چیرۆکەکەی داڕشتوە ناوی بۆ پاڵەوانەکان دانەنابێت، ئیتر هەر کەسێك یان هەر کولتورێك لە ناوی کەسەکانی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە کۆمەڵێك ناوی دانابێت.

سەبارەت بە ژمارەی خەوتوەکانیش، زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوە مەسیحیەکان ئاماژە بۆ حەوت خەوتو دەکەن، بە شێوەیەك چیرۆکەکە ناوبانگی هەیە بە چیرۆکی حەوت خەوتوەکە «النِّیام السبعة» Seven Sleepers. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

---

(1) Encycl. Britannica. Art. *Seven Sleepers of Ephesus*.

Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

Jacobus de Voragine. Ibid.

Chardri. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

(2) *Calendar*. October 2003. Orthodox Faith Web.

@http://www.orthodoxfaith.com/calendar_october.html

Encycl. Britannica. Art. *Seven Sleepers of Ephesus*.

هەندێك سەرچاوەی مەسیحی ژمارەکە دەکەن بە هەشت، بۆ نمونە ـ وەکو ڕابورد ـ زەکەریای ڕەوانبێژ «زکریا الفصیح» لە شوێنێکدا (دیۆنیسیۆس) دەخاتە پاڵی حەوتەکە بەڵام دواتر کە ناویان دەهێنێتەوە دەیکاتەوە بە حەوت[1]. دەقێکی سوریانییش هەیە کە هەشت ناو دەدات بە دەستەوە. هەروەها ڕەبەنی زوقنینی ڕاستەوخۆ بەشێك لە کتێبەکەی خۆی ناودەنێت (چیرۆکی هەشت گەنجەکەی ئێفیسوس) و هەشت ناو دەهێنێت[2]، بەڵام ئەم نوسەرە وا دیارە هەمو ناوەکانی سەرچاوە جیاوازەکانی چیرۆکەکەی کۆکردوەتەوە، بۆیە ڕەنگە دو ناویان ئاماژە بن بۆ یەك کەس لە دو سەرچاوەی پێش زوقنینیدا. دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین ژمارەی خەوتوەکان لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا حەوتە. بەڵام ئەم پەشێویەی کە باسمان کرد لە ژماردنی خەوتوەکاندا ڕەنگە نیشانەیەك بێت لەسەر ئەوەی کە چیرۆکەکە تەنها چیرۆکێکی ئایینی و ئەدەبیی ڕوتە.

- چیرۆکە مەسیحیەکە کۆمەڵێك پێشینە «سابقة» ی هەیە لە کولتوری ئورۆپاییدا، بە تایبەتی کولتوری یۆنانیی داگیرکراو بە کولتوری جێرمانیە دێرینەکان، واتە کۆمەڵێك چیرۆك هەیە لە پێش چیرۆکی (حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس) دا کە ئاماژە بۆ خەوی دورودرێژی کەسێك یان چەند کەسێك دەکەن. هەندێکیشیان لە ناوچەکانی خۆرئاوای تورکیای ئێستەدا باو بون یان دراونەتە پاڵیان، ئێفیسوسیش یەکێکە لەم ناوچانە. هەروەکو هەندێك توێژەری ئورۆپایی بەتوانا چیرۆکی حەوت کەسی خەوتویان لە کولتوری جێرمانی (باکورئورۆپایی) ی دێریندا بینیوەتەوە.. مەبەستم شاعیر و ڕۆماننوسی سویدی و پێشەنگی قوتابخانەی ڕۆمانتیکیی سویدی و توێژەری میثۆلۆجیا: د. ئەبراهام ڤیکتۆر ڕیدبێرگ A. Viktor Rydberg (١٨٢٨ ـ ١٨٩٥ ز.)، ئەندامی پارلەمانی سویدی (١٨٧٠ ز.) و خاوەنی دۆکتۆرات[3] ی فەخری لە زانکۆی ئوپسالا (١٨٧٧ ز.) و

---

[1] عیواص، مصدر سابق. ص‌ص. ١٢٢، ١٢٣.

[2] المصدر السابق. ص . ١٢٣.

[3] دۆکتۆرات «دُکتوراه» Doctorate: لە *doctoratus* ی لاتینیی ناوەڕاستەوە، ئەمیش لە

**ئەندامی ئەکادێمیای سویدی (١٨٧٨ ز.) و پرۆفیسۆر لە زانکۆی ستۆکهۆڵم (١٨٨٤ ز.)[١].**



**ڤیکتۆر ڕیدبێرگ (١٨٧٠ ز.)**

**ڕیدبێرگ کتێبێکی لەسەر (میثۆلۆجیای تیوتۆنی) نوسیوە کە بە دو بەرگ بە ناوی**

(*Undersökningar i germanisk mythologye*)

***(لێکۆڵینەوە لە میثۆلۆجیای جێرمانی)*، لە ساڵانی (١٨٨٦ ـ ١٨٨٩ ز.) دا، بڵاو بوەتەوە، کە ئەم کارە دواتر لە (٣) بەرگدا لە لایەن د. ڕاسموس ب. ئەندەرسۆن** Rasmus B. Anderson **ەوە وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی. جا ڕیدبێرگ لەم کتێبەدا ڕیشەی چیرۆکە مەسیحیەکە لە میثۆلۆژیای تیوتۆنیدا دەدۆزێتەوە لە بەشێکی کتێبەکەیدا بە ناوی (حەوت خەوتوەکە)[٢]، کە ڕونکردنەوەی ئەمەش هەوێنی**

---

*doctor* **ەوە (دەقاودەق: مامۆستا، فێرکار). من بەکارهێنانی (دۆکتۆرات) بە ڕاست دەزانم لە بریی (دکتۆرا) کە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە بۆ شێوەی عەرەبیزەدەی وشەکە.**

[١] **دەربارەی (ڕیدبێرگ) بڕوانە:**

Encycl. Britannica. Art. *Rydberg, Viktor*.

[2] Rydberg. Ibid.

**هەروەها بڕوانە:**

بابەتێکی سەربەخۆی بەتام و بەپێزە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورتی بۆ دەکەین:

لە میثۆلۆجیای تیوتۆنی (جێرمانیی دێرین) دا کەسێتیی میمیر Mimir هەیە کە شێوەیەکی خواوەندی ئاو و دانست «حکمة» ـە (وەکو خواوەند ئێنکی Enki ی شومەری)، میمیر سەرپەرشتیی درەختی جیهانی دەکات کە لە ناوەڕاستی جیهاندایە و ژیانی هەمو جیهانی پێوە بەستراوە و پێی وتراوە ییگدراسیل Yiggdrasill.



وێنەیەکی گریمانەیی درەختی ییگدراسیل بە پێی کولتوری سکاندیناڤیایی دێرین
کە بەشەکانی گەردونی پێکەوە بەستوەتەوە و ڕاگری ژیانی سەر زەویە

---

**MacKenzie**, Donald A., *Teutonic Myth and Legend*, an Introduction to the Eddas & Sagas, Beowulf, The Nibelungenlied, etc. 1912. Introduction, pp. vii, xliv - xlvii. Chap. IX, p. 89.

**Mackenzie**, Donald A., *Myths of Crete & Pre-Hellenic Europe*. With Illustrations in Colour by John Duncan, A.R.S.A. and from Photographs The Gresham Publishing Company Limited. 66 Chandos Street Covent Garden London, 1917. Chap. XIII: Cave Deities and their Symbols, pp. 301 , 302.

**Saxo Grammaticus**, *The Danish History*. From "The Nine Books of the Danish History of Saxo Grammaticus", translated by Oliver Elton. Norroena Society, New York, 1905. Introduction (by the translator), part II.

Hartland, op. cit. Chap. VII: The Supernatural Lapse of Time in Fairyland.

هەروەها میمیر سەرپەرشتیی بیری دانست دەکات کە درەختە جیهانیەکە ئاو دەدات (ئەوەش واتە دانست سەرچاوەی بون و ژیانە، واتە هزر پێش ماددەیە یان مادده مەحکومە بە عەقڵ). میمیر حەوت کوڕی دەبێت کە هاوکاریی دەکەن لە کارەکەیدا و هێمان بۆ حەوت مانگی ئابوری واتە حەوت مانگی تایبەت بە بەرهەمهێنان و وەرچەرخانەکانی ساڵ و ئاووهەواوە، بەم پێیەش چاودێر و بەڕێوەبەری حەوت وەرز بون، ناویشیان هاتوە بە شێوەی:

١. ئەین ـ مانوذر **Ein**-mánuðr، واتە: مانگی یەك / تاك.

٢. سۆل ـ مانوذر **Sól**-mánuðr، واتە: مانگی خۆر.

٣. سێل ـ مانوذر **Sel**-mánuðr، واتە: مانگی لەوەڕگا ( Sel: لە ئینگلیزیدا Shiel: لەوەڕگای هاوینەی ئاژەڵ).

٤. کۆرنسکورذار ـ مانوذر **Kornskurðar**-mánuðr، واتە: مانگی ڕنینی گەنمەشامی.

٥. گۆر ـ مانوذر **Gor**-mánuðr، واتە: مانگی قەسابی.

٦. فرێر ـ مانوذر **Frer**-mánuðr، واتە: مانگی سەهۆڵ.

٧. هروت ـ مانوذر **Hrút**-mánuðr، واتە: مانگی بەران.

(بێ گومان لە ڕۆژژمێری جێرمانی و سکاندیناڤیایی دێریندا ئەم حەوت مانگە تەواوکەریان هەیە کە دەبنە دوازدە مانگی تەواو، لە ناوەکانی ئەم حەوت مانگەشدا بە ئاشکرا گۆڕانی وەرز و ئاووهەوا و گۆڕانی مامەڵە لەگەڵ ژینگە و بەروبومی ئابوری سەرنج دەدرێت، بەڵام لە ڕێکخستنی ناوەکاندا شوێن ڕێکخستنەکەی ڕیدبێرگ [گۆر، فرێر، هروت، ئەین، سۆل، سێل، کۆرنسکورذار ـ مانوذر] نەکەوتوم بەڵکو بە پێی ڕۆژژمێرە دێرینەکە و خولی سروشتیی وەرزەکان ڕێکم خستون، بەم شێوەیەش مانگەکان بە بەهار و هاوین دەست پێ دەکەن و بە پاییز و زستان کۆتاییان دێت).

دواتر له بارودۆخێکدا میمیر سەر دەبڕیێت، ئیتر بیری دانست و درەختە جیهانیەکە پەکیان دەکەوێت و درەختەکە زەرد دەبێت و لەگەڵیشیدا ژیانی سەرزەوی کز دەبێت، حەوت کوڕەکەی میمیریش ناچار واز لە کارەکەیان دەهێنن و دڵنیا دەبن لەوەی کە تەنها بە هاتنی ڕۆژی ڕاگناروک Ragnarök (دەقاودەق: مردنی خواوەندەکان. واتە مردنی بونەوەر و پاشان نوێبونەوەی)، واتە ڕۆژی دوایی، جیهان ڕزگاری دەبێت و چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت، لە هۆڵێکدا لە کۆشکێکی تایبەتیدا لە هیل Hel واتە جیهانی ژێرزەویدا لە تاریکیدا (تیشکی خۆر لێیان نادات) و لە بێدەنگییەکی تەواودا کەنار دەگرن و دەکەونە حاڵەتێکی بێئاگاییەوە واتە ئەوەی پێی دەوترێت خەوی بەئاگایی، واتە ئاگایان لە خۆیان و دەوروبەریان نامێنێت و چاویشیان نەنوقاوە (ئەم وەسفە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا نیە بەڵام لە چیرۆکە قورئانیەکەدا هەیە: (تَحْسَبُهم أيقاظا و هم رُقود) (الكهف: ١٨)، ئەمەش زۆر سەیرە! لێکچونێکی سەرنجڕاکێشی تر لە نێوان چیرۆکە تیوتۆنیەکە و چیرۆکە قورئانیەکەدا ئەوەیە کە لە چیرۆکە تیوتۆنیەکەدا یەکێك لە حەوت براکە کە گەورەکەیانە سەگێکی لەگەڵدایە، کە ئەم ڕەگەزە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا نیە، هەروەها لێکچونێکی تر ئەوەیە کە بە پێی هەندێك شێوەی چیرۆکە جێرمانیەکە هەر کەسێك دەست بۆ جلوبەرگی حەوت خەوتوەکە ببات پەلەکانی وشك دەبن بۆیە کەس ناوێرێت لێیان نزیك ببێتەوە، ئەمەش لە چیرۆکە قورئانیەکەدا بەرامبەری هەیە: (لو اطَّلعتَ عليهم لَوَلَّيتَ منهم فِرارا و لَمُلِئْتَ منهم رُعبا) (الكهف: ١٨)، لێکچونێکی تریش لە ئەو چەمکەدایە کە بە پێی ئەم چیرۆکە تیوتۆنیە ئەو حەوت خەوتوە لە شوێنێکدا بون کە بە هیچ شێوەیەك تیشکی خۆر لیی نەداون، بە هەمان شێوە لە چیرۆکە قورئانیەکەدا دەڵێت کە تیشکی خۆر نەچوەتە ناو ئەشکەوتەکەوە: (تَزَاوَرُ عن كهفهم) (الكهف: ١٧)، لە چیرۆکە مەسیحیەکەشدا هەمان چەمك دوپات دەکرێتەوە کە دەڵێت دەرگای ئەشکەوتەکە بە دیواری بەرد دەگیرێت، کرۆکی ئەم چەمکەش لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئەم کەسانە بە تەواوی لە منداڵدانی زەویدا بون و لە جیهانی تاریکی

ژێرزەویدا بون و کارتێکەرێکی ئاسمانیی وەکو تیشکی خۆریان بەر نەکەوتوە، کە لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا خەوتوەکان بە کاریگەریی ئەم تیشکە ئاسمانیە بە ئاگا دێنەوە کاتێك بەردەکان لا دەدرێن).

ئەم حەوت کەسە بەم شێوەیە دەمێننەوە تا خواوەند هەیمداڵ Heimdall (کە وەکو کەسێتیی ئیسرافیل وایە) فو دەکات بە کەڕەنای گجاڵەر Gjallarhorn (دەقاودەق: کەڕەنای دەنگدەرەوە) دا..



هەیمداڵ چاوەڕێی هاواری ڕاگەیاندنی ڕۆژی ڕاگنارۆکە بۆ ئەوەی فو بکات بە کەڕەنادا

ئەو کاتە لە ڕاگنارۆکدا هەمو دروستکراوان زیندو دەبنەوە و حەوت پاڵەوانەکەش بە ئاگا دێنەوە و لەگەڵ خواوەند و پاڵەوانە چاکەخوازەکانی تردا دەکەونە جەنگ لەگەڵ هێزە خراپەخوازەکاندا تا بونەوەر پاك دەبێتەوە و ئینجا بەهەشت و دۆزەخ ئامادە دەبن..



دیمەنێك لە ڕۆژی ڕاگنارۆك: هەیمداڵ فوی کردوە بە کەڕەنادا و پاڵەوانەکان بە ئاگا هاتونەتەوە و لەگەڵ هێزە خراپەخوازەکاندا دەجەنگن

هێماسازیی چیرۆکەکەش لەسەر ئەوە بەندە کە حەوت پاڵەوانەکە هێمان بۆ هێزی ژیان و بەپیتیی سروشت کە بە شێوەی خولی ساڵانە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەڵام ماوەیەك (وەکو وەرزی زستان) هێزی ژیان مت دەبێت تا لە کۆتاییدا (وەکو ژیانەوەی وەرزی بەهار) دەر دەکەوێتەوە. کەسێتیی حەوت کەسەکەش لەگەڵ ئەم هێماسازیەدا گونجاوە یان هاوکارە، چونکە هێمان بۆ حەوت مانگ یان حەوت وەرچەرخانی سروشتی و ژینگەیی لە ساڵدا.. لە میثۆلۆجیای تیوتۆنیدا چیرۆکەکە بەشێکە لە ئێسکاتۆلۆجیا و پەیوەست کراوە بە ڕۆژی دواییەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا چیرۆکێکە لە چیرۆکەکانی مردنی خواوەندی بەپیتیی سروشت لە زستاندا و چونی بۆ ژێرزەوی (کە ئەشکەوتیش دیارترین هێمای جیهانی ژێرزەویە) و پاشان زیندوبونەوەی لە بەهاردا و هاتنەوەی بۆ سەرزەوی، واتای هێمایی چیرۆکەکەش ئاشکرایە کە ئاماژەیە بۆ متبونی سروشت لە زستاندا و ژیانەوەی لە بەهاردا، کە ئەم چیرۆکەش بڵاوترین و میللیترین و کۆنترین چیرۆکی ئایینیە لە جیهاندا و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری چاخی بەردینی نوێ کە کولتوری گەنمچێنی یەکەمە، چیرۆکی مردن و زیندوبونەوەی مەسیحیش هەر لەم چیرۆکەوە وەرگیراوە.. لە چیرۆکە تیوتۆنیەکەشدا ئامانج هەر ئەم بیرۆکەیەیە، چونکە کۆتایی

چیرۆکەکە بریتیە لە زیندوبونەوەی هەمو بونەوەران و بە تایبەتی زیندوبونەوەی بالدەر Balder ی کوژراو کە وەکو کەسێتیی مەسیح وایە. شایەنی باسە تیوتۆنیەکان کە خاوەنی ئەو چیرۆکەن کە باس کرا لە سەردەمانی بڵاوبونەوەی مەسیحیەتدا بە ئورۆپادا لە هەردو لایەنی میلیشیایی و کولتوریەوە خەریکی داگیرکردنی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی بون، چەندین ڕەوەند «جالیة» یان لە چەندین لای ئیمپراتۆرێتیدا هەبو، لەوانەش لە خۆرئاوای تورکیادا واتە ناوچەی ئێفیسوس، جگە لەوەی هەر لەو سەردەمەدا بەشێکی زۆریان لێ ببوە مەسیحی وەکو لەناو گۆثیەکان و ڤەندال و کۆمەڵێك گەلەهۆزی تریاندا.. بەو شێوەیەش بەشداریان کردوە لە کولتوری مەسیحی و کولتوری ئورۆپاییدا بە گشتی.

لەم پێشینە ئورۆپاییە دێرینانەوە کە دەکەونە پێش چیرۆکی (حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس) زۆربەی توێژەرە زانستیە هاوچەرخەکان ئەم چیرۆکە لەو چیرۆکانە دەژمێرن کە ئەدەبیاتی مەسیحی لە کولتورە ئورۆپاییەکانی پێش خۆیی خواستوە و سەرلەنوێ بە شێواز و چەمکێکی نوێ دایڕشتونەتەوە. ڕەنگە چیرۆکە تیوتۆنیەکە کارلێکی کردبێت لەگەڵ هەندێك چیرۆکی ناوچەیی ناوچەی خۆرئاوای تورکیا لە کولتوری یۆنانیدا، بە تایبەتی چیرۆکەکەی ئێندیمیۆن کە لە سەرەتادا ئاماژەی بۆ کرا، هەروەها چیرۆکێکی تریش لە کولتوری یۆنانیدا کە ڕەگ‌وڕیشەی لە کولتوری کریتیدا هەیە (کولتوری کریتی سەرچاوە یاخود پێشینەیەکی گرنگی کولتوری یۆنانیە)، دەربارەی کەسێتییەکی ئایینیی ناڕۆشن بە ناوی ئێپیمێنیدیس Epimenides (سەدەی ٦ پ. ز.)، کە فاڵگرەوەیەکی کریتی بوە و هەندێك نوسراوی ئایینی و شیعریی دراوەتە پاڵی و لە لای پلاتۆن و پۆڵس بە پێغەمبەرێکی کریتی دەناسێنرێت.. بە پێی هەواڵی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس لە ئەثینا هەندێك سروتی پاکۆکاری Purification (لە گوناە) ی ئەنجام داوە (دەوروبەری ٥٠٠ پ. ز. بە پێی پلاتۆن، ٦٠٠ پ. ز. بە پێی ئەریستۆتێلیس).. ئەم کەسێتیە هەندێك ئاکاری ناسروشتیی دراوەتە پاڵ، وەکو ئەوەی کە (١٥٧) یان (٢٩٩) ساڵ تەمەنی کردوە، و گەشتە ڕۆحیەکانی، و هەروەها خەوتنە ئەفسوناویەکەی بە ڕادەی (٥٧) ساڵ.. ئەم

چیرۆکانەش هەندێك لە پسپۆڕانی گەیاندوەتە ئەو بڕوایەی کە ئەم کەسێتیە شێوەیەکی ئەفسانەیی کەسێتیی شامانیە[1]، شامان Shaman یش بریتیە لە (پیاوی ئاینی - پزیشك - جادوگەر - گەشتیاری جیهانی نادیار - پەیوەندیدار بە گیانە نادیارەکانەوە) لە کولتورە بەراییەکاندا. هەروەها چیرۆکێکی بڵاویش هەیە لە کولتوری ئورۆپایی - یۆنانیدا دەرباری جوانیی خەوتو Sleeping Beauty بە شێوەی کچێك کە بە تیری زستان دەپێکرێت و خەوێکی قوڵی لیٚ دەکەوێت کە هەمو زستان دەخایەنێت پاشان خۆر کە بە دوایدا دەگەڕێت بە ئاگای دەهێنێتەوە، واتای هێمایی ئەم چیرۆکەش ئاشکرایە [2].



جوانیی خەوتو

---

[1] دەربارەی کەسێتیی (ئێپیمێنیدیس) بڕوانە:

Encycl. Britannica. Art. *Epimenides*.

**Plato**, *Laws*. Translated by Benjamin Jowett. New York, C. Scribner's sons, 1871. Book I.

**Aristotle**, *The Athenian Constitution*. Translated by Sir Frederic G. Kenyon. Section I, part 1.

[2] Hartland, op. cit. Chap. V: Changelings.

MacKenzie, *Teutonic Myth and Legend,* op. cit. Chap. XXVIII, pp. 320 , 321.

که له ڕاستیدا چیرۆکەکەی ئێندیمیۆنیش که به جوانترین گەنج ناسراوه هەر نمونەیەکی ئەم چیرۆکەیه و له چیرۆکه مەسیحیەکەشدا پاڵەوانەکان کۆمەڵێك گەنجی تازه پێگەشتوی جوانن..



وێنەی ئێندیمیۆن وەکو نمونەیەکی جوانیی خەوتو

پاشان چیرۆکەکه له فیکری مەسیحیدا هەندێك گۆڕانکاریی تریشی بەسەردا هاتوه و به هەندێك چەمکی تر موتوربه کراوه و لەگەڵ مێژوی ئازاردانی مەسیحیەکاندا له مێژوی ڕۆمانیدا گونجێنراوه و کراوەته چیرۆکێکی نمونەیی بۆ شەهیدانی مەسیحی، به تایبەتی که سەرکەوتنی ئاییني مەسیحی له ئیمپراتۆریێتیی ڕۆمانیدا و بونی به ئاییني دەوڵەت دوای ئەوەی که مەسیحیەکان ژێردەسته و کپکراو بون وەکو زیندوبونەوەیەك وابو بۆ مەسیحیەکان دوای سەردەمانی ژێردەستەیی و خۆشاردنەوه و وەکو ئەوه وابو له خەوێکی دورودرێژ به ئاگا بێنەوه.

هەروەها هەندێك بەڵگه و نیشانەش هەن لەسەر ئەوەی که چیرۆکه مەسیحیەکه هەرچەند ڕەگوڕیشەکەی دەچێتەوه ناو کولتوری جێرمانیی دێرین و له کولتوری

یۆنانییشدا پەرەی پێ دراوە و هەندێك شێوەی یۆنانیانەی وەرگرتوە، بەلاَم پێ دەچێت ئەو چیرۆکە مەسیحیە وەکو چیرۆکێك سەرەتا لە سوریادا سەری هەلّ دابێت واتە کۆمەلّگای سوریانیی باکوری سوریا. لەم نیشانانەش ئەوەیە کە ئەو نوسەرە مەسیحیەی کە بۆ یەکەم جار چیرۆکەکەی لە هۆنراوە ئایینیەکانی خۆیدا دارِشتوە مار یەعقوبی ساروقیە کە لە کورتەم Curtam (قُرْطَمان ـ ی ئێستە لە سوریا) ی ناوچەی ساروق Sarug لە باکوری سوریا لە دایك بوە و بوەتە ئوسقوفی بەطنان (لە باشوری تورکیای ئێستە) و لەوێش مردوە. کەواتە یەکەم جار چیرۆکەکە بە زمانی سوریانی (ی خۆرئاوایی ـ سوریایی) لە لایەن نوسەرێکی سوریانیەوە نوسراوە. جگە لەوەش گریگۆریی تۆری کە لە *(شکۆی شەهیدان)* *De gloria martyrum* دا چیرۆکەکەی بە لاتینی دارِشتوەتەوە بۆ خۆی دەلّێت ئەم چیرۆکەی لە کەسێکی سوریایی وەرگرتوە، کە ئەمەش دیسان ڕیشەی سوریایی چیرۆکەکە دوپات دەکاتەوە و ئەگەریشی هەیە گریگۆریی تۆری بە شێوەیەك لە شێوەکان دەقێکی سوریانیی چیرۆکەکەی وەرگێڕابێت بۆ لاتینی. بۆ لایەنی ڕەگوریشەی تیوتۆنی (جێرمانی) ی چیرۆکەکەش دەکرێت سەرنجی ئەوە بدەین کە لە سوریاش ڕەوەند «جالیة» یێکی تیوتۆنی لە سەرەتای مێژوی مەسیحیدا هەبوە. بەلاَم لەگەلّ ئەمانەشدا ناکرێت کاریگەریی کولتوری یۆنانی پشت گوێ بخەین، چونکە بە ئاشکرا ئەو کاریگەریە بە چیرۆکەکەوە دەبینین، بۆ نمونە هەر خودی مار یەعقوبی ساروقی کاتێك ناوی خەوتوەکان دەهێنێت بە (خەوتوەکانی ئێفیسوس) ناویان دەبات.. واتە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکەکە دیمەنێکی یۆنانیی هەیە، هەلّبەتە مەبەستیش لەمە کۆمەلّگای ئایۆنیایی خۆرئاوای تورکیای ئێستەیە. ڕەنگە چیرۆکەکە لە کۆمەلّگای ئایۆنیاییدا بە کاریگەریی کولتوری تیۆتۆنیی گەشەی کردبێت و وەکو چیرۆکی دەماودەم دەر کەوتبێت و پاشان گوازرابێتەوە بۆ کۆمەلّگای سوریایی و ئیتر لەوێ مار یەعقوبی ساروقی بە زمانی سوریانی دایڕشتوە.

شایانی باسە کە ئێستە مەسیحیەکان بە گشتی باوەڕیان بە چیرۆکەکە نیە،

**یەکەم لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە لە دەقێکی پیرۆزی بنەڕەتیدا نەهاتوە، دوەمیش لەبەر ئەوەی لە سەردەمێکی زوەوە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییان لەسەر چیرۆکەکە کردوە. مێژونوسی کلێسا کاردینالْ کایسەر بارۆنیوس** Baronius (**١٥٣٨ ـ ١٦٠٧ ز.**) **ی ڕۆمانی، خاوەنی دوازدە بەرگەکەی**
(*Annales ecclesiastici a Christi nato ad annum 1198*)
***(ساڵانەی کلێسا لە لەدایکبونی مەسیحەوە تاکو ١١٩٨)* (چاپی ١٥٨٨ ـ ١٦٠٧ ز.) کە مێژوی دوازدە سەدەی یەکەمی کلێسایە، یەکەم جار گومانی لەم چیرۆکە کردوە و ڕەتی کردوەتەوە**[1]**، هەروەها خۆرهەڵاتناس و وەرگێڕ و توێژەری قورئان بابە لودۆڤیکۆ مەراشی** Ludovico Maracci (**١٦١٢ ـ ١٧٠٠ ز.)، خاوەنی** *Alcorani textus universus* ***(کۆی دەقی قورئان)* (چاپی پادۆڤا، ١٦٩٨ ز.) کە وەرگێڕانێکی لاتینیی پێشەنگ و بەناوبانگە بۆ قورئان لەگەڵ پەراوێزی ڕەخنەییدا، چیرۆکەکەی تا ڕادەیەك بە ناڕاست یان ـ بە لای کەمەوە ـ گومانلێکراو داناوە**[2]**. دواتریش زۆر کەس ڕەخنەی لە چیرۆکەکە گرتوە و لەم بارەوە بیروڕای جۆراوجۆر هەیە بۆ ڕونکردنەوەی چۆنێتیی پەیدابونی چیرۆکەکە.. بۆ نمونە بانگخوازی مەسیحی جۆن گیلکرایست** John Gilchrist **دەڵێت ڕەنگە چەمکەکە لە بڕگەیەکی ئینجیلی مەتتایەوە هاتبێت کە لەو ڕوداوە سەرسوڕهێنەرانە دەدوێت کە گوایە لە کاتی**

---

[1] Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.
**ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:**

**Baronius**, *Annales Ecclesiastici*, Acta SS., July, 386, 48.
*Dolng-Brazharleonkh.* Ibid.
Rabenstein. Ibid.

[2] **Wherry**, The Rev. E. M., *A Comprehensive Commentary on The Quran*. London: Kegan Paul, Trench, Trübner, & Co. Ltd. Paternoster House, Charing Cross Road. 1886. Vol. III, Chap. XVIII: Entitled Surat Al Kahaf (The Cave). P. 79.

**لەخاچدانی مەسیح و گیانسپاردنیدا ڕویان داوە کە دەڵێت:**

(καὶ τὰ μνημεῖα ἀνεῴχθησαν καὶ πολλὰ σώματα τῶν κεκοιμημένων ἁγίων ἠγέρθησαν)

**واتە:** (و گۆڕەکان کرانەوە و جەستەی زۆرێك لە قیددیسەکان ڕاست بونەوە کە خەوتبون) (ئینجیلی *مەتتای* Μαθθαῖον: ٢٧: ٥٢)[1]. **بە پێی بیروڕایەکی تریش چەمکەکە لە خراپتێگەشتنی دەستەواژەیەکەوە هاتوە کە لە کاتی بینینی گۆڕی کەسایەتیی مەسیحیدا و بە گشتی بە درکە «کِنایة» لە مردنی شەهیدێك یان قیددیسێك دەوترێت** Slept in the Lord (Jesus)[2] **واتە لای خواوەند یان گەورەمان مەسیحەوە خەوتوە**[3]. **ئەمانەش هەرچەند پەیوەندیدارن بەڵام وەکو لێکدانەوە سادە و ناتەواون، نیشانەی ئەوەیشن کە ڕۆشنبیری مەسیحیی هاوچەرخ هیچ بە تەنگی بەهای ئایینی و مێژویی ئەم چیرۆکەوە نیە، واتە دڵنیایە کە چیرۆکەکە بەشبەحاڵی بیروباوەڕی مەسیحیی بنەڕەتی شایەنی داکۆکیلێکردن نیە ئیتر بۆ ئەو ئاساییە چیرۆکەکە لە هەر سەرچاوەیەکەوە هاتبێت، بە تایبەتی کە چیرۆکەکە لە قورئاندا هاتوە و لە کولتوری ئیسلامیدا بەهایەکی زۆری هەیە بۆیە بانگخوازانی مەسیحیی هاوچەرخ زۆر بە توندی چیرۆکەکە ڕەت دەکەنەوە و گاڵتەیان پێی دێت، بۆ نمونە نوسەرێکی مەسیحیی وەکو دۆکتۆر ویلیام سانت کلێر ـ تیسدەل** William St. Clair-Tisdall (١٨٥٩ ـ ١٩٢٨ ز.)، **کە سێکریتەریی کۆمەڵەی بانگەشەی مەسیحیی سەر بە کلێسای ئینگلاند بوە لە ئیسفەهان لە ئێران، لە پەڕاوێکیدا بە ناوی** *(سەرچاوەکانی ئیسلام)* *The Sources of Islam* (**چاپی**

---

(1) **Gilchrist**, John, *The Quran: The Scripture of Islam* .Chap. IV: The Origins and Sources of the Quran, 3. Christian Origins and Influences, Other Apocryphal Christian Origins and Sources.

(2) **بۆ نمونە بڕوانە:**

**Foxe**, John, *Foxe's Book of Martyrs*. Chap. XVI, The Rev. Lawrence Saunders.

(3) Rabenstein. Ibid.

١٩٠٠ ز.)، دوای ئەوەی ئاماژە بۆ چیرۆکە قورئانیەکە دەکات و باس لە پێشینەی مەسیحیی چیرۆکەکە دەکات بە تایبەتی چیرۆکە لاتینیەکەی گریگۆریی تۆری، دەڵێت هیچ مەسیحییەك ئەم چیرۆکەی بە ڕاست نەزانیوە چونکە ئەم چیرۆکە وەکو ئەو چیرۆکانەی مشك و پشیلە (و هتد..) وایە کە دایەیەك بۆ منداڵێکیان دەگێڕێتەوە!

No Christian ever dreamt that the tale was true; but such as the nurse tells her children of "the cat and the mouse", etc.(1)

ئەم قسەیە جگە لەوەی لە لایەنی ئەدەبەوە (!) قسەیەکی کاڵوکرچە واقیعییش نیە، لە ڕاستیدا هەزاران مرۆڤی مەسیحی باوەڕی تەواویان بەم چیرۆکە هەبوە و سەردانی مەزارگەی حەوت خەوتوەکەشیان کردوە و هەندێکیان بەو ئاواتەوە و لەو ڕێگایەدا سەریان ناوەتەوە، هەمو مێژونوسە مەسیحیەکان (ی سەدەی ٥ ز. بەدواوە) یش لە نوسینە مێژوییەکانی خۆیاندا باسیان کردوە، هەتاکو مێژونوسی ئینگلیزی (گیبۆن) لە (*مێژوی دابەزین و ڕوخانی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمانی*) دا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و بڕێکیش داکۆکیی لێ دەکات(٢). سانت

---

(1) **St. Clair-Tisdall**, Rev. William, M.A., D.D., *The Sources of Islam: A Persian Treatise*. Translated and abridged by Sir William Muir, T. & T. Clark, Edinburgh, Scotland. 1901. Chap. IV, Tales derived from Heretical Christian Sects, The Seven Sleepers. P. 48.

(٢) گیبۆن دەڵێت: لە نێو ئەفسانە بێتامەکانی مێژوی کلێسادا من چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس هەڵ دەبوێرم کە چیرۆکێکی ئەندێشەسازە و هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی ئیمپراتۆر ثیۆدۆسیوسی دوەمدا... دەڵێت بنەڕەتی ئەم ئەفسانە سەرنجڕاکێش و جوانە ناکرێت بدرێتە پاڵ فێڵ و چاوبەستی ئایینی و ساویلکەیی یۆنانیەکان، لەبەر ئەوەی دابونەریتەکە تەنها لە نێوەندی نیو سەدەدا دوای ڕوداوەکە هاتوەتە کایە، چونکە مار یەعقوبی ساروقی دوای تەنها دو ساڵ (ڕاستەکەی ساڵێك / س. ع. پ.) بەسەر مردنی ثیۆدۆسیوسی دوەمدا لە دایك بوە و دوای چەند دەیەیەکیش چیرۆکی خەوتوەکانی بە زمانی سوریانی بە شیعر تۆمار کردوە (ئەو یەکەم هۆنراوەی کە بە ناونیشانی (*گالیسکەکەی حیزقیال*) ـە لە تەمەنی بیست و دو ساڵیدا نوسیوە / س. ع. پ.)، ئەمەش لە پەنجا ساڵ تێپەڕ ناکات... دواتر گیبۆن دەڵێت کاتێك موحەممەد Mahomet وشترەکانی بەرەو بازاڕەکانی سوریا لێ دەخوڕی ئەم چیرۆکەی بیستوە و دواتر لە

**کلێــر ـ تیسدەل دوای چەند ساڵێك پەڕاوی ناوبراو *(سەرچاوەکانی ئیسلام)* پەرە پێ دەدات و پاڵفتەی دەکات و ناوەکەی دەکات بە *(سەرچاوە بنچینەییەکانی***

---

قورئاندا وەکو چیرۆکێکی پیرۆز دەر کەوتوە... لە کۆتاییشدا گیبۆن دەگاتە ئەو ڕایەی کە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕۆمانتیکیە و کرۆکەکەی دەرخستنی جیاوازیی دو سەردەمی جیاوازە: سەردەمی زۆرداری و خراپ بەکارهێنانی ڕۆحی سەربازی و، سەردەمی ملکەچیی دەستەمۆیانە بۆ ئیمپراتۆری مەسیحیی پیرۆز و بەرزکردنەوەی قیددیس و شەهیدەکانی کلێسای کاثۆلیکی لەسەر داروپەردوی پەرستگاکانی دیانا و هێراکل. بڕوانە:

Gibbon. Ibid.

بەم شێوەیەش داکۆکیەکەی گیبۆن تێڕوانینێکی ڕەخنەییانەشی لەگەڵدایە و ناگاتە ڕادەی ئەوەی چیرۆکەکە بە واقیعی دابنێت، تەنها ئەوەندەیە کە دەیەوێت بڵێت ئەم چیرۆکە لە خۆوە پەیدا نەبوە و لە واقیعەکەدا پاڵنەری تەواو هەبوە بۆ هاتنەکایەی ئەم چیرۆکە خەیاڵیە، نەك تەنها پرۆپاگەندایەکی ئایینی بێت کە هیچ پاساو و بنەمایەکی نەبێت، واتە چیرۆکەکە (باکگراوند) ێکی مێژویی هەیە نەك ئەوەی واقیعێکی مێژویی بێت. سەبارەت بە ئەو بەڵگەیەش کە گیبۆن لێی دەدوێت کە چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ نیو سەدە دوای ڕوداوە گریمانەییەکە، ئەمە لە خۆیدا نابێتە مایەی سەلماندنی چیرۆکێك، چونکە ـ وەکو لە وتەکانی گیبۆنیشەوە دیارە ـ بارودۆخەکە گونجاو و لەبار بوە بۆ هاتنەکایەی چیرۆکێکی لەو جۆرە، هەر کاتێکیش لە کولتور و لە واقیعدا بارودۆخ لەبار و یارمەتیدەر بو بۆ هاتنەکایەی بیرۆکەیەك یان چیرۆکێك ئەوا گەشەکردن و تەشەنەکردنی ئەو بیرۆکە یان چیرۆکە دەگونجێت بە خێراییەکی بەرچاویش بێتە جێ، چونکە بابەتەکە پەیوەندیی توندوتۆڵی بە سایکۆلۆجیا و پەرچەکرداری دەرونیەوە هەیە، ئەم حاڵەتە سایکۆلۆجیاییانەش ئاکاری خێرایی و ڕاستەوخۆییان هەیە! بۆیە دەبینین هاتنەکایەی پرۆپاگەندایەکی ئایینی ڕەنگە هەندێك جار چەند ڕۆژێکی کەم بخایەنێت! جگە لەوەی زۆر جار لە کولتوردا وێنە و ئەندێشەی (ئامادە) هەیە کە دروستبونی چیرۆکی نوێ ئاسان و خێرا دەکات، پێشتریش ڕونمان کردەوە کە چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس چەندین پێشینە و وێنەی ئامادەی هەبوە لە کولتوری ئورۆپاییدا بە گشتی و کولتوری جێرمانی دێرین و کولتوری یۆنانیدا بە تایبەتی. لەبەر ئەمانە سەیر نیە کە چیرۆکەکە دوای نزیکەی نیو سەدە لە کاتە گریمانەییەکەی ببێتە ماددەی هۆنراوەیەکی سوریانی لەسەر دەستی یەکێك لە باوان و مامۆستایانی کلێسا (ی سوریایی) واتە مار یەعقوبی ساروقی کە ناسراوە بە (شمشاڵی ڕۆحی پیرۆز و تاری کلێسای باوەڕدار).

**قورئان)** *The Original Sources of the Qur'an* **(چاپی ١٩٠٥ ز.) کە لە قەبارەشدا سێ ئەوەندەی پەڕاوی پێشو دەبێت، ئەو قسەیەش کە ئاماژەمان بۆ کرد دەگۆڕێت و دەڵێت مەسیحیە نەزانەکان باوەڕیان بەم چیرۆکە هەبوە و، چیرۆکەکە هاوشێوەیە لەگەڵ چیرۆکە ئەفسانەییەکانی سانت جۆرج و ئەژدیها و، سیندەرێللا و سۆلی شوشەیی و، چیرۆکی (جەنگی نێوان بۆقەکان و مشکەکان)** Batrachomyomachia **لە لای یۆنانیەکان و، چیرۆکەکانی ڕوستەم لە لای فارسەکان[1]. ئەمەش واتە پاشەکشە دەکات لەوەی کە پێشتر وتویەتی هیچ مەسیحییەك باوەڕی بەم چیرۆکە نەبوە، جگە لەوەش نمونەی کاڵوکرچی چیرۆکی مشك و پشیلە دەگۆڕێت بە نمونەگەلێك لەو چیرۆکانەی لە کولتوری ئورۆپای سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بون. بێ گومان نوسینە ڕەخنەییەکانی سانت کلیـر ـ تیسدەل سودیان لێ وەردەگیرێت لە بواری توێژینەوە قورئانیەکاندا هەرچەند ئەو ئاستە ئەکادێمیاییە بەرزەشیان نیە، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە بو مرۆڤی باوەڕدار ئەو بیرۆکە ئایینیەی لە بنەڕەتی بیروباوەڕی خۆیدا نەبێت گاڵتەی پێ دێت، لە کاتێکدا ڕەنگە لە بیروباوەڕی خۆشیدا بیرۆکەی وا هەبێت کە شایەنی گاڵتە بێت.. ئەم حاڵەتەش واقیعێکە لەناو بانگخوازانی مەسیحی و ئیسلامیدا، بۆیە دەبینین بانگخوازێکی مەسیحی لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی ئایینی لە (دەق) ێکی پیرۆزی خۆیدا نەهاتوە بە هەمو شێوەیەك توانجی لێ دەدات، بانگخوازی ئیسلامییش بە هەمان شێوە ئەوەی لە دەقەکانی خۆیدا نەهاتبێت بزە دەیگرێت کاتێك دەیبیستێت!**

**هەروەها کاتێك لە ساڵی (١٩٦٩ ز.) دا چاکسازی لە جەژننامە و لیتورجیا**

---

[1] **St. Clair-Tisdall**, Rev. William, M.A., D.D., *The Original Sources Of The Qur'an*. Society for Promoting Christian Knowledge, London: Northumberland Avenue, W. C., 43 Queen Victoria Street; Brighton: 120 North Street; New York : E. S. Gorham. 1905. Chap.IV: The Influence of Christianity and Christian Apocryphal Books, 1. Legend of the Companions of the Cave.

«قُدَّاس» ی کلێسای ڕۆمانی (خۆرئاوایی) دا کرا جەژنی (٢٧) ی تەمموز لابرا کە جەژنی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوسە لە دابونەریتی کلێسای خۆرئاواییدا[1].

بەڵام لە کلێسای خۆرهەڵاتیدا و لە لای مەسیحیەکانی خۆرهەڵات چیرۆکەکە تا ئێستاش بایەخی پێ دەدرێت، بەڵام لای ئەوانیش وەکو دابونەریت و ئەدەبیاتی سوریانی تەماشا دەکرێت، هەڵبەتە جگە لە هەندێك پیاوی ئاینییان وەکو (زکا عیواص) لە عێراقدا کە وەکو چیرۆکێکی مێژویی و واقیعی لێی دەدوێت.

بەڵام لەگەڵ هەمو ئەم گومان و ڕەخنانەی کە هەن لە چیرۆکە مەسیحیەکە، ئەم چیرۆکە بەو شێوە تایبەتیەی کە هەیەتی، زۆر نزیکترە لە واقیعەوە لەو چیرۆکەی کە ئێستە هەندێك نوسەری عەرەب دای دەڕێژنەوە و دەیدەنە پاڵ ئەشکەوتی (الرجیب) نزیك عەممان، یان بە لای کەمەوە کەمتر دورە لە واقیع. چیرۆکە مەسیحیەکە ئەگەر بەڵگەی بێلایەن و بەرجەستەشی لەسەر نەبێت، گرنگ ئەوەیە جەماوەرێکی مەسیحیی بەرفراوان و مێژونوسە مەسیحیەکان گێڕاویانەتەوە، بەڵام ئەم نوسەرە عەرەبانە هەر لەسەر داروپەردوی چیرۆکە مەسیحیەکە چیرۆکێکی تریان لە خەیاڵی خۆیاندا دروست کردوە. چیرۆکە مەسیحیەکە، کە ڕوداوەکە دەداتە پاڵ ئێفیسوس و سەرەتاکەی دەباتە دەوروبەری (٢٥٠ ز.) لە سەردەمی دەکیوسدا و کۆتاییەکەی دەباتە دەوروبەری (٤٤٦ ز.) لە سەردەمی ثیۆدۆسیوسدا، بەم شێوەیە زۆر لە واقیع دەچێت، واتە بە لای کەمەوە دژایەتی لەگەڵ هیچ زانیارییەکی مێژوییدا ناکات، بەڵام ئەو چیرۆکەی کە ئەم نوسەرە عەرەبانە بە پێکەوەدورینی کۆمەڵێك لەتوپارچە سازیان کردوە و لە زنجیرە ئێرانیەکەشدا دەر کەوتوە، لە ڕاستیدا دژایەتیی کۆمەڵێك زانیاری مێژویی زۆر بەرجەستە و ڕون و ئاشکرا دەکات، وەکو پێشتر ڕونمان کردەوە، واتە ئەگەر چیرۆکە مەسیحیەکە (ئەگەر) یێکی هەبێت، ئەوا ئەم چیرۆکە موتوربەکراوەی نوسەرە عەرەبەکان ئەو ئەگەرەشی نیە. بەڵام چیرۆکە قورئانیەکە لەبەر ئەوەی دیاریکردنی هیچ

---

(1) Ibid.

Wikipedia. Art. *Seven Sleepers*. Ibid.

چوارچێوەیەکی مێژویی و جیۆگرافیایی بۆ چیرۆکەکە تێدا نیە، لەبەر ئەوە دورە لە هەمو مشتومڕێکی مێژویی. بۆیە ئامۆژگاریی نوسەرە ئیسلامیەکان دەکەم کە بەئەمەك بن بۆ قورئان لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا!

● ● ●

لێرەدا دێمە سەر خستنەڕوی هەندێك زانیاری لەسەر کۆمەڵێك دەستەواژە و ڕەگەز و دیمەنی تری چیرۆکەکە و زنجیرە ئێرانیەکە:

◙ دەربارەی (الرقیم)

لە قورئاندا چیرۆکەکە ناونراوە چیرۆکی (اصحاب الکهف والرقیم)، بەم پێیەش دەبێت (الرقیم) شتێك بێت کە ڕۆڵێکی گەورەی لە چیرۆکەکەدا هەبێت. بەڵام لە خودی دەقە قورئانیەکەوە هیچ نیشانەیەك نیە بۆ دیاریکردنی مەبەست لە (الرقیم)، چیرۆکە مەسیحیەکەش لە ڕواڵەتدا هیچی تێدا نیە کە واتای (الرقیم) ڕون بکاتەوە. بۆیە ڕاڤەمەندەکانی قورئان کەوتونەتە پەشێوییەکی زۆرەوە و کۆمەڵێکی زۆر پێناسەیان بۆ وشەکە کردوە لەسەر هیچیش ڕێك نەکەوتون. لەو پێناسانە:

١. ناوی سەگەکەیانە! بەڵام حەوت ناوی تریشیان بۆ سەگەکە باس کردوە!

٢. مەبەست ئەو دراوەیە کە پێیان بوە.

٣. ناوی گوندێك بوە نزیك ئەشکەوتەکە. کە ئەمە لە زنجیرە ئێرانیەکەدا پشتی پێ بەستراوە.

٤. ناوی ئەو چیایەیە کە ئەشکەوتەکەی تێدا بوە.

٥. ناوی ئەو دۆڵەیە کە ئەشکەوتەکەی تێدا بوە.

٦. ناوی ئەو خانوبەرەیەیە کە لە نزیك ئەشکەوتەکەوە دروست کراوە.

٧. ناوی گوندەکەیان یان شارەکەیانە.

٨. شوێنێکە لە نێوان (غضبان) (لە هەندێك سەرچاوەشدا: عقبان، عسفان) و (أیلة) لەسەر کەنداوی عەقەبە.

٩. مەبەست نوسراوێکە کە بیروباوەڕەکەیانی تێدا باس کراوە.

١٠. مەبەست بەردێکە لەسەر دەرگای ئەشکەوتەکە یان بەردێک کە ناوی خەوتوەکانی لەسەر نوسراوە و لە دیواری ئەشکەوتەکەدا دانراوە.

١١. مەبەست ئەو ڕوتەختە قوڕقوشمە یان مسە یان بەردینەیە کە ناوی حەوت خەوتوەکە و چیرۆکەکەیانی تێدا نوسراوە[1].

ئەم پێناسەیەی دواییان ڕەنگە لە هەمویان بەهێزتر بێت و لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا بەرامبەری هەیە. بۆ نمونە لە چیرۆکە لاتینیەکە (ی ئەفسانەی زێڕین) و شێوە ئەنگلۆنۆرمانیەکەدا دەڵێت دو کەسی مەسیحی بە ناوی ڕوفینوس Rufinus و ثیۆدۆروس Theodorus (لە چیرۆکە سوریانیەکەدا ئەنتۆدۆروس (؟) و ئاریوس) ناوی حەوت گەنجەکە و چیرۆکەکەیانیان لەسەر ڕوتەختێکی قورقوشم نوسی و لە کاتی هەڵچنینی دیواری دەروازەی ئەشکەوتەکەدا بە نهێنی خستیانە ناو دیوارەکەوە. دواتر کاتێك خەوتوەکان بە ئاگا هاتنەوە ئوسقوف ئێفیسوس ڕوتەختەکەی لە ناو پاشماوەی دیوارەکەدا دۆزیەوە و بۆ جەماوەرەکەی خوێندەوە[2]. لە ڕوی زمانییشەوە وشەی (رقیم) دەکرێت بە واتای (مرقوم) بێت

---

(1) الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص. ١٩٨، ١٩٩. | القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص‌ص. ٣٥٦، ٣٥٧. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٤. | ابن الجوزي، *زاد المسير في علم التفسير*. المكتب الإسلامي، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٠٤ هـ. ج. ٥، ص‌ص. ١٠٧، ١٠٨. | البيضاوي، مصدر سابق.. ج. ٣، ص. ٤٧٩. | السيوطي، *الإتقان في علوم القرآن*. مطبعة حجازي، القاهرة، ١٣٦٨ هـ. ج. ٢، ص. ١٤٣. | السيوطي، *الدر المنثور في التفسير بالمأثور*. دار الفكر، بيروت، ١٩٩٣. ج. ٥، ص. ٣٦٢. | أبو السعود، *إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم*. دار إحياء التراث العربي، بيروت. ج. ٥، ص. ٢٠٦. | الشوكاني، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٢٧٢. | الآلوسي، مصدر سابق. ج. ١٥، ص‌ص. ٢٠٩، ٢١٠. | ابن منظور، *اللسان*. مادة: الرقيم، ج. ١٢، ص. ٢٥٠. | ياقوت، مصدر سابق. مادة: الرقيم، ج. ٣، ص‌ص. ٦٠، ٦١.

Short. Encycl. Islam. Art. *Ashab Al-Kahf*. Ibid.

(2) Jacobus de Voragine. Ibid.

Chardri. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

**واتە (نوسراو)[1]، لە توێژەرە خۆرئاواییەکانیش خۆرهەڵاتناس هـ. هۆرۆڤیتز H Horovitz. هەمان بۆچونی هەیە، کە ئەو پێی وابوە کە مەبەست نوسینێك بوە کە لە گۆڕەپانی یان دیواری ئەشکەوتەکەدا نەخش کراوە[2]. ئەم پێناسەیە هەرچەند سەرنجڕاکێشە بەڵام جێی هەندێك تێبینیە: پشکنینی ئارکیۆلۆجیایی بونی ڕوتەختێکی ئاوای نەسەلماندوە. ئینجا ڕوتەختەکەش ئەوەندە گرنگ نیە کە لەگەڵ ناوی خەوتوەکاندا ناوی ببرێت کاتێك لە دەقەکەدا هاتوە (أصحاب الکهف و الرقیم)، بەڵکو شتی گرنگتر هەیە.**

**لە کەلەپوری ئیسلامیدا پێناسەی تریش بۆ (الرقیم) هەیە و (ئیبن عەبباس) یش وتویەتی نازانم (الرقیم) چیە[3].. لە توێژینەوە هاوچەرخەکانیشدا ئەم جۆرە ناکۆکیە بێئەنجامە دەکرێتە بەڵگەی ئەوەی کە چەمکەکە یان زاراوەکە نامۆ بوە بە کولتورە عەرەبیەکە و ناکرێت بە پێی زمانی عەرەبی یان هزری عەرەبی لێك بدرێتەوە. بەم ئاڕاستەیەدا بایبڵناس و پسپۆڕی توێژینەوە سامیەکان و خۆرهەڵاتناسی ئەمێریکایی چارلز کەتلەر تۆری** Charles Cutler Torrey **(١٨٦٣**

---

**عیواص، مصدر سابق. ص. ١٠٥. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٦.**

**[1] ابن منظور، *اللسان*. ج. ١٢، ص. ٢٥٠. | ابن الجزري، أبو السعادات، *النهاية في غريب الحديث و الأثر*. تحقيق: طاهر أحمد الزاوي و محمود محمد الطناحي. المكتبة العلمية، بيروت، ١٩٧٩. ج. ٢، ص. ٢٥٤. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٤. | الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص. ١٩٩.**

**[2] بڕوانە: بدوي، د. عبد الرحمن، *الدفاع عن القرآن ضد منتقديه*. مكتبة مدبولي الصغير، الطبعة الأولى، ١٩٨٨. ص. ١٤٢. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:**

**Horovitz**, H., *Koranishe Untersuchungen*. P. 95.

**[3] ابن قتيبة، *تأويل مختلف الحديث*. تحقيق: محمد زهري النجار. دار الجيل، بيروت، ١٩٧٢. ج. ١، ص. ١٥٩. | السيوطي، *الإتقان*. ج. ١، ص. ٣٠٤. | السيوطي، *الدر المنثور*. ج. ٥، ص. ٣٦٢. | القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص. ٣٥٦. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٤. | الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص. ١٩٩. | ابن منظور، *اللسان*. مادة: الرقيم. ج. ١٢، ص. ٢٥٠. | ياقوت، مصدر سابق. مادة: الرقيم. ج. ٣، ص. ٦١.**

ـ ١٩٥٦ ز.) بۆچونێکی دەربارەی بنەڕەتی وشەی (رقيم) خستوەتەڕو کە دەتوانم بڵێم تاکە بۆچونێکی زانستیە دەربارەی وشەکە. بۆچونەکە لەو تێبینیەوە دەست پێ دەکات کە ناوی (دەکیوس) لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا دیارترین و زاڵترین ناوە، بەم پێیەش ئەستەمە لە چیرۆکە قورئانیەکەشدا ناوی دەکیوس نەهێنرێت، گومانیش لە وشەی (رقيم) دەکرێت کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ناوهێنانی دەکیوس بێت. بەم شێوەیە ڕونی دەکاتەوە[1] (هەرچەند من لێرەدا زیاتر ڕونی دەکەمەوە):

ناوی (دەکیوس) «دَكْيوس» لە نوسینی ئاڕامی ـ سوریانیدا بە شێوەی ܕܩܝܘܣ دەنوسرێت، کە ئەوەش (بە بێ ڕەچاوکردنی بزوێنەکان) بە (دقيس) دەخوێنرێتەوە، ئەمەش وەکو ڕێسایەکی ڕێنوس وایە لە دەقە دێرینەکان و دەقە ئاڕامی و سوریانیە ستانداردەکاندا. لەم جۆرە نوسینانەدا دیاردەی کورتکردنەوە «اختزال» هەیە، کاتێك بزوێنەکان دەر ناکەون، لێرەشدا بنەڕەتی وشەکە بریتیە لە (دەکیوس) یان (دەقیوس)، بەڵام بزوێنی کورتی دوای (د) و واوی دوای (ی) نانوسرێت، لەبەر ئەوە وشەکە لە ڕواڵەتدا دەبێتە (دكيس) یا (دقيس).

ئینجا تێبینی دەکرێت لە نوسینی ئاڕامی ـ سوریانی و عیبریدا هەر دو پیتی (د) و (ر) لە یەك دەچن، هەروەها هەر دو پیتی (س) و (م) یش، بە تایبەتی ئەگەر بە پەلە یان بێبایەخانە بنوسرێن. بەم شێوەیە:

---

(1) **Torrey**, C. C., *The Jewish Foundation of Islam*. 1933. Second Lecture: The Genesis of the New Faith.

**Ibn Warraq**, *The Origins of The Koran: Classic Essays on Islam's Holy Book*, edited by Ibn Warraq (Prometheus Books: Amherst, New York. 1998). Summarised by Sharon Morad, Leeds.

@http://debate.org.uk/topics/books/origins-koran.html

بدوي، مصدر سابق. ص. ١٤٢. ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:

In Oriental Studies presented to E. G. Browne. 1922. P. 457 - 459.

| عەرەبی (حیجازیی کوفەیی) | | سوریانی: ئیسترەنجیلی (سوریانیی بنەڕەتی) | | سوریانی: خۆرهەڵاتی (کلدۆئاشوری) | | سوریانی: خۆرئاوایی (سوریایی) | | عیبری (ئاڕامیی چوارگۆشە) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی | سەرەتا | کۆتایی |
| د | | ܕ | | ܕ | | ܕ | | ד | |
| ر | | ܪ | | ܪ | | ܪ | | ר | |
| سـ | س | ܣ | ܣ | ܣ | ܣ | ܣ | ܣ | ס | |
| مـ | م | ܡ | ܡ | ܡ | ܡ | ܡ | ܡ | מ | ם |

ئینجا وشەی (دقیس) بەم شێوەیە دەنوسرێت لە ئاڕامی ـ سوریانی و عیبریدا:

| عەرەبی | سوریانی: ئیسترەنجیلی | سوریانی: خۆرهەڵاتی | سوریانی: خۆرئاوایی | عیبری |
|---|---|---|---|---|
| دقیس | ܕܩܝܣ | ܕܩܝܣ | ܕܩܝܣ | דקיס |
| رقیم | ܪܩܝܡ | ܪܩܝܡ | ܪܩܝܡ | רקים |

بەم پێیەش دەگونجێت لە بارودۆخێکدا (دقیس) ܕܩܝܣ بە (رقیم) خوێنرابێتەوە و بەم شێوەیە هاتبێتە ناو زمانی عەرەبی و قورئان بە کاری هێنابێت. تۆری بۆ خۆی پێی وایە سەرچاوەی ڕاستەخۆی چیرۆکە قورئانیەکە دارشتنەوەیەکی یەهودیانەیە بۆ چیرۆکەکە، بەڵگەی ئەمەش لەوەدا دەبینێتەوە کە لە چیرۆکە قورئانیەکەدا هاتوە کە کاتێك یەکێك لە خەوتوەکان دەیەوێت بچێت بۆ شار بۆ کڕینی خۆراك کەسێکی تریان پێی دەڵێت کە بگەڕێت بۆ پاکترین خۆراك لەویٚ: (فلیَنظرْ أیُّها أزکی طعاما) (*الکهف*: ١٩)، ئەمەش واتە دەبێت خۆراك لە بتپەرستەکان نەکڕێت چونکە خۆراکی بەرهەمهێنراوی ئەوان پیسە (هەرچەند دەقەکە بە واتای تریش لێك دراوەتەوە، وەکو واتەی خۆراکی خۆشتر یان باشتر یان زیادتر، بەڵام ماددەی «زکاة» پەیوەستە بە وتای پاکیی ئایینیەوە)، ئەم بیرۆکەیەش سەرچاوەیەکی یەهودیی هەیە و بۆنوبەرامی فیقهی

یەهودیی پێوەیە، چونکە یاسا قورس و بێماناکانی پاکی و پیسی زیاتر لە فیقهی یەهودیەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ئایینی مەسیحی (ی گەشەکردو) دا ئەو بابەتانە بایەخیان پیٚ نادرێت و بتپەرست و خۆراکی بتپەرست بە پیس دانانرێت و لە هیچ شێوەیەکی چیرۆکە مەسیحیەکەدا ئەو قسەیە نەهاتوە.. ئەمەش نیشانەی داڕشتنەوەیەکی یەهودیانەیە بۆ چیرۆکەکە. لە لایەکی تریشەوە بە پێی گێڕانەوەکان ئەوانەی لە بنەڕەتەوە پرسیاری ئەم چیرۆکەیان کردوە و قورئانیش وەڵامی داونەتەوە جولەکەی مەدینە بون لە ڕێگەی بتپەرستەکانی مەککەوە و گوایە ئەمەش (هۆکاری هاتنەخوارەوە) «سبب النزول» ی کۆمەڵە ئایەتەکەیە[1].. ئەمەش ڕەنگە بەڵگەیەکی تر بێت بۆ دوپاتکردنەوەی پەیوەندیی (شێوەی) چیرۆکەکە بە بیری ئایینیی یەهودیەوە. هەتاکو بیروڕای هەندێك لە ڕاڤەمەندانی قورئان لە ڕابردودا ئەوە بوە کە هاوەڵانی ئەشکەوت جولەکە بون و لە پێش ئایینی مەسیحیدا بون، ئەم بیروڕایەش هاوپێچ لەگەڵ بۆچونەکەی تۆریدا ڕەنگە بمانگەیەننە ئەو ڕایەی کە ڕەنگە لە داڕشتنەوە یەهودیەکەدا خەوتوەکان بە کۆمەڵێك گەنجی جولەکە ناسێنرابن.. بۆیە تۆری گریمانی ئەوە دادەنێت کە دەقێکی یەهودی هەبوە بە زمانی ئاڕامی (و ڕێنوسی عیبری یان ئاڕامی) و لەم دەقەدا وشەی (دقیس) (دەقیوس) (بە شێوەی דקיס یان ܕܩܝܣ) هاتوە و لە بارودۆخێکدا بە (رقیم) خوێنراوەتەوە.

لەگەڵ هەستکردندا بەوەی ڕەنگە گریمانەکانی تۆری هەمویان نەسەلمێن، بەڵام پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی ئەم بۆچونە تەواوە دەربارەی بنچینەی

---

[1] (بعثت قريشٌ النضرَ بن الحارث و عقبةَ بن أبي معيط إلى أحبار يهود بالمدينة... فقالت لهم أحبارُ يهود: سَلُوهُ عن ثلاث نأمركم بهن فإن أخبركم بهن فهو نبي مرسل وإن لم يفعل فالرجل متقوّل فَرَوْا فيه رأيَكم، سَلُوهُ عن فتية ذهبوا في الدهر الأول ما كان من أمرهم فإنه قد كان لهم حديث عجيب...): الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص‌ص. ١٩١، ١٩٢. هەروەها: القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص‌ص. ٣٤٦ ـ ٣٤٨. | السيوطي، *الدر المنثور*. ج. ٥، ص‌ص. ٣٥٧، ٣٥٨. | السيوطي، *لباب النقول في أسباب النزول*. دار إحياء العلوم، بيروت. ص. ١٤٣.

وشەی (رقیم)، بەڵام دەبێت بزانرێت کە ئایا قورئان لە لایەن خۆیەوە وشەکەی بە چ واتایەك بە کار هێناوە، زانینی ئەمەش لە ڕێگەی بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆوە دەبێت. بەو پێیەش کە وشەکە (ال) ی چوەتە سەر وا دیارە واتای وشەکە لە ناو دەقەکەدا گۆڕابێت و مەبەست (دەکیوس) نەبێت. دور نیە لە دەقەکەدا بە مەبەستی (نوسراو) بە کار هێنرابێت، وەکو ئاماژەی بۆ کرا، یان بە مەبەستی ناوی شوێن بەکار هاتبێت، وەکو سازاندنی واتایەکی نوێ بۆ وشەکە. شایانی باسە هەندێکیش لە ڕابردودا هەستیان کردوە کە وشەکە لە بنەڕەتدا عەرەبی نیە، بەڵام بە شێوازێکی تر ئەمەیان دەر بڕیوە، لەم بارەشەوە چەند بۆچونێك هەیە:

- لە ڕۆمی (یۆنانی و لاتینی) یەوە هاتوە بە واتای ڕوتەخت «اللوح». لە (شیذلة) (٤٩٤ ك.) ەوە.

- لە ڕۆمیەوە هاتوە بە واتای نوسراو یان پەڕاو. لە (أبو القاسم) ەوە.

- لە ڕۆمیەوە هاتوە بە واتای دوێت یاخود مەرەکەبدان «الدواة»، لە (الواسطي) ەوە[1].

کە بێ گومان ئەم بۆچونانە هیچ بنەڕەتێکیان نیە. (د. عبد الرحمن بَدَوِي) (١٩١٧ - ٢٠٠٢ ز.) کە شارەزای زمانی یۆنانی و لاتینی بوە دەڵێت وشەیەك نیە لە یۆنانی و لاتینیدا لەوەوە نزیك بێت بە واتاکانی ڕوتەخت یان پەڕاو یان دوێت[2].

لە لای جیۆگرافەرە عەرەبەکانیش ئاماژە بۆ دو شوێن دەکرێت بە ناوی (الرقیم) کە زۆر تێکەڵ کراون:

یەکەمیان شوێنێکە کە - بە گوتەی ئەوان - نزیکە لە (أیلة) ەوە لەسەر کەنداوی

---

[1] السیوطي، *الإتقان*. ج. ١، ص‌ص. ٣٩٩، ٤٠٠.

[2] بدوي. المصدر نفسه، الموضع نفسه.

عەقەبە و ناگاتە فەلەستین، یان لە نێوان (غضبان) و (أیلة) دایە[1].. ئێستە ڕون بوەتەوە کە مەبەستیان شاری پێترا «بطرا» یاخود (سالَع) ـە کە پایتەختی نەبەطیەکان «الأنباط» بوە و دەکەوێتە نێوان دەریای مردو و کەنداوی عەقەبە لە بەری خۆرهەڵاتەوە. جا لە ڕاستیدا کاتێك لە سەرەتادا عەرەب وتویانە (الرقیم) مەبەستیان ئەم شارە بوە کە ئێستە تەنها کۆمەڵێك کۆشك و خانوبەرەی بەردینی لێ ماوەتەوە، بەم مەبەستەش لە هەندێك شیعری عەرەبیدا ناوی هاتوە و لە سەردەمی ئومەویدا بەناوبانگ بوە. جا لەبەر ئەوەی هەندێك خانوبەرەی کۆنینەی تێدایە وەکو ئەوپەرستگایەی کە ئێستە پێی دەوترێت (خزنة فرعون) کە کۆشکێکی بەردینە و شوێنەکەش ئەشکەوتی زۆری لێیە، وەکو شانۆی چیرۆکی خەوتوەکان هاتوەتە بەر چاوی عەرەب و ناونراوە (الرقیم) کە ڕەنگە ئەم ناوە بە تایبەتی بە کۆشکی (خزنة فرعون) وترابێت، بەتایبەتی کە ڕوی پێشەوەی نوسین «ترقیم» ی لەسەرە بە ڕێنوسی نەبەطی[2].



کۆشکی بەردینی ناسراو بە (خزنة فرعون)

---

[1] الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص. ١٩٨. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٤. | أبو السعود، مصدر سابق. ج. ٥، ص. ٢٠٦. | ياقوت، مصدر سابق. مادة: غضبان. ج. ٤، ص. ٢٠٦.

[2] زيدان، جرجي، *تاريخ العرب قبل الإسلام*. بيروت، ١٩٧٨. ص‌ص. ٧٢، ٧٣.

ئیتر بەم شێوەیەش مەبەستی دەستەواژەی (الكهف و الرقیم) یان دۆزیوەتەوە. ئەمەش واتە قورئان وشەی (الرقیم) ی بە واتایەکی تایبەتی یان لە سەرچاوەیەکی ترەوە بە کار هێناوە و پاشان عەرەب لەبەر ئەوەی واتای بنەڕەتییان نەزانیوە بەو شێوەیە واتایان بۆ دۆزیوەتەوە کە باس کرا بە بێ ئەوەی چیرۆکەکە پەیوەندییەکی بەو شوێنەوە هەبێت. بەڵام (جُرْجي زيدان) (١٨٦١ ـ ١٩١٤ ز.) بیروڕایەکی تری هەیە دەربارەی بنچینەی ناونانی پێترا بە (الرقیم) کە دەڵێت عەرەب دوای ئیسلام شوێنەواری شاری پێترایان بینیوە و ناویان ناوە (الرقیم) و ئەوەش لە وشەی ئەرکە Arke ـەوە وەرگیراوە کە یەکێکە لە ناوە یۆنانیەکانی[1]. بەڵام ئەمە دڵنیا نیە، چونکە ئەگەر وشەکە تەنها لە دوای ئیسلام و لە وشەیەکی یۆنانیەوە وەرگیرابێت چۆن پێش ئەوە ئەو وشەیە لە قورئاندا دەرکەوتوە؟ ئەگەر وا بێت پەیوەندی چیە لە نێوان وشە یۆنانی ڕیشەکە و وشە قورئانیەکە؟ جگە لەوەی ئەگەر وشەی (أركه) Arke بکرێتە عەرەبی دەبێتە (أَرْقَة) یان (الرَّقَّة) و ناکرێت پیتی (أ) ی سەرەتای وشەکە ون ببێت بەڵام پیتی (م) زیاد ببێت بۆ کۆتایی وشەکە!

لە دەروازەی (الشّقّ) یشدا هەر لە پێترا نوسینێك هەیە کە لە ڕابردودا وا زانراوە پەیوەندیی بە حەوت خەوتوەکەوە هەیە، بەڵام ئەو نوسینە ئێستە خوێنراوەتەوە و دەر کەوتوە کە بۆ زیندوڕاگرتنی یادی کۆمەڵێك کەسی یۆنانیی پایەدار نوسراوە کە لە (جەڕەش) ەوە هاتون و لە پێترا توشی مردنی خۆیان بون[2].

شوێنی دوەم گوندێکە نزیك عەممان کە وتویانە فەرسەخێك لە عەممانەوە دورە، ئەوەش واتە نزیکەی (٨) کلم، کە ئێستە پێی دەوترێت (الرگیب) کە هەر لە (الرقیم) ەوە هاتوە و ڕێنیشاندەرەکان دەڵێن (٧) کلم لە عەممانەوە دورە. جیۆگرافەرێکی وەکو (المَقْدِسِيّ) (٩٤٧ ـ ٩٩٠ ز.) لە *(أحسن التقاسيم)* دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نزیك ئەم گوندە ئەشکەوتێك هەیە کە بۆ خۆی (٣) گۆڕی تێدا بینیوە[3]. لەبەر

---

[1] المصدر السابق. ص. ٧٣.

[2] علي، جواد، *المفصل*، ج. ١، الفصل ٣٤: مملكة النبط. أهل الكهف و الرقيم.

[3] (الرقيم: قرية على فرسخ من عمان على تخوم البادية، فيها مغارة لها بابان صغير وكبير... و في

ئەمە بوە کە ئەم شوێنە پەیوەست بوە بە چیرۆکی خەوتوەکانەوە و گوندەکە ناونراوە (الرقیم). بەڵام نازانین ئەو ئەشکەوتەی کە مەقدیسی ئاماژەی بۆ کردوە و (٣) گۆڕی تێدا بینیوە هەمان ئەو ئەشکەوتەیە کە (الدجاني) دۆزیەوە و (٨) گۆڕی تێدایە یان جیاوازن. ڕەنگە هەر یەك شوێن بن بەڵام پشکنینە ئارکیۆلۆجیاییەکە هەمو گۆڕەکانی دەر خستبێت.

ئەم شوێنە کە سێ گۆڕی تێدا بینراوە لەگەڵ چیرۆکی سێ کەسدا تێکەڵ کراوە کە بە شێوەی فەرمودەیەك لە لای (البخاري) و (مسلم) و (أحمد) و (النسائي) و (ابن المنذر) و زۆرێکی تر هاتوە، کە گوایە سێ کەس لەبەر باران دەچنە ئەشکەوتێکەوە، بەڵام بە هۆی باوبۆرانەوە بەردێك دێتە خوارەوە و دەرگای ئەشکەوتەکە دەگرێت، ئیتر ئەوانیش دەکەونە نزا بە گێڕانەوەی کارە چاکەکانیان تا وردەوردە بەردەکە دەترازێت و ڕزگاریان دەبێت[1]. لەگەڵ ئەوەشدا کە چیرۆکەکە دەڵێت ئەوان ڕزگاریان بوە لە ئەشکەوتەکە بەڵام لە کەلەپوری ناوچەکەدا ئەو سێ گۆڕە لەو ئەشکەوتەدا کراون بە گۆڕی ئەم سێ کەسە! ئیتر لەسەر ئەم بنەمایەوە بۆچونی هەندێك لە ڕاڤەمەندەکانی قورئان ئەوەیە کە (أصحاب الرقیم) ئەم سێ کەسەن و جیاوازن لە (أصحاب الکهف)![2]

لە ئەنجامدا ئەو بۆچونە دوپات دەکەمەوە کە وشەی (رقیم) لە بنەڕەتدا لە ناوی دەکیوس «دقیس» ەوە هاتوە بەو شێوەیەی ڕون بوەوە. ئینجا دوای ئەوەی وشەکە بوەتە ناونیشانێك لە چیرۆکەکەدا قورئان بە کاری هێناوە بە بێ مەبەستێکی

---

المغارة ثلاثة قبور): المقدسي، *أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم*. (نسخة إلكترونية). ص. ٩١.

[1] البخاري، *الصحيح*. الكتاب ٤٦: كتاب المزارعة. الباب ١١. الحديث ٢٢٠٨. ج. ٢، ص. ٨٢١. الكتاب ٦٤: كتاب الأنبياء. الباب ٥٢. الحديث ٣٢٧٨. ج. ٣، ص. ١٢٧٨. | مسلم، *الصحيح*. الكتاب ٤٧: كتاب العلم. الباب ٢٧. الحديث ٢٧٤٣. ج. ٤، ص. ٢٠٩٩. | أحمد، ابن حنبل، *المسند*. مؤسسة قرطبة، مصر. الحديث ١٢٤٧٧. ج. ٣، ص. ١٤٢.

[2] القرطبي، مصدر سابق. ج. ١٠، ص. ٣٥٧. | البيضاوي، مصدر سابق.. ج. ٣، ص. ٤٧٩. | الآلوسي، مصدر سابق. ج. ١٥، ص. ٢١٠.

دیاریکراو (وەکو بەکارهێنانی وشەی «المسیح» لە قورئاندا بەبێ مەبەستێکی ڕۆشن یان بەبێ مەبەستی واتای بنەڕەتی) یان بە مەبەستێکی جیاواز کە دەستنیشانکردنی کارێکی گرانە. بەڵام دواتر بۆ مەبەستی وشەکە گەڕاون و سەپاندویانە بەسەر هەندێك شوێندا کە بە شانۆی چیرۆکەکە هاتونەتە پێش چاو.

بیروڕایەکی تازەی تریش هەیە دەربارەی وشەی (الرقیم)، نوسەرێك پێشنیاری کردوە، کە دەڵێن پسپۆڕێکی زمانە سامیەکانە لە ئەڵمانیا، بە ناوی خوازراوی کریستۆف لوکسێنبێرگ Christoph Luxenberg ەوە، لە توێژینەوەیەکی نوێدا بە زمانی ئاڵمانی بە ناوی

(*Die Syro-Aramäische Lesart des Koran: Ein Beitrag zur Entschlüsselung der Koransprache*)

(*خوێندنەوەی سوریانی ـ ئارامی بۆ قورئان: بەشدارییەك لە شیکاری زمانی قورئاندا*) (چاپی بەرلین، خانەی کتێبی عەرەبی Das Arabische Buch، ٢٠٠٠). نوسەر لەم پەڕاوە نوێیەدا کە ناوەندە خۆرهەلاتناسیەکانی هەژاندوە بە پێی میتۆدێکی تایبەتی لە زمانی قورئان دەکۆڵێتەوە، بەو پێیە کە زمانی قورئان ئەو زمانە عەرەبیە کلاسیکیە نەبوە کە لە نوسراوە عەرەبیەکاندا هەیە بەڵکو تێکەڵەیەك بوە لە زمانی ئارامی ـ سوریانی و زمانی عەرەبی، بەڵام دواتر لە خوێندنەوەیەکی هەڵە و یەك لایەنەدا کراوە بە زمانێکی عەرەبیی پوخت، لەم خوێندنەوەیەشدا چەندین وشە و دەستەواژە بە هەڵە خوێنراونەتەوە و لێك دراونەتەوە و بونەتە مایەی کێشە و گرفتی ڕاڤەی قورئان. لێرەدا بواری درێژەی ئەم باسە نیە، بەڵام لەسەر وشەی (الرقیم) بە پێی میتۆدەکەی خۆی بیروڕایەکی دەر بڕیوە کە دەڵێت وشە قورئانیەکە لە بنەڕەتدا بریتی بوە لە (الرقـد)، بەڵام دواتر پیتی (د) لە ڕێنوسە حیجازیەکەدا بە هەڵە بە (م) خوێنراوەتەوە، چونکە شێوەی (ـد) و (ـم) لە یەکەوە نزیکن، ئینجا بزوێنی نێوان (ق) و (د) بە (یـ) خوێنراوەتەوە لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا (ا) واتە (ئەلیف) بوە، بەم شێوەیەش وشەکە لە بنەڕەتدا (الرُّقاد) ـە و بە هەڵە بە (الرقیم) خوێنراوەتەوە، وشەی (رُقاد) یش بە

واتای (خەوتن) ـە، کەواتە (أصحاب الکهف و الرُّقاد) واتە (هاوەڵانی ئەشکەوت و خەوتن)[1]. لێرەشدا بواری مشتومڕ نیە لەسەر میتۆدی نوسەر بە گشتی، بەڵام ئەم بیروڕایە لەسەر وشەی (الرقیم) بە تایبەتی پێم وا نیە سەرکەوتو بێت، چونکە بۆ سەلماندنی ئەو شێوە بنەڕەتیە پێویستی بە بەڵگەی دەستنوس هەیە و بە گریمان هیچ ناسەلمێت، جگە لەوەی (هاوەڵانی ئەشکەوت و خەوتن) واتایەکی گونجاو و شیاوی نیە، چونکە وشەی (أصحاب) کە لە قورئاندا لە ناوی هەندێك کۆمەڵ و گروپدا بە کار دێت بە دوایدا ناوی شوێنێك یان شتێکی بەرجەستە دێت کە ئەو کۆمەڵە لەوێدا دەژین یان پەیوەندییان پێوەی هەیە، واتە ناوی دوای وشەی (أصحاب) یان ناوی شوێنی ئەو کۆمەڵ و گروپەیە، وەکو (أصحاب النَّار، أصحاب الجَنَّة، أصحاب الجَحیم، أصحاب الأَعْرَاف، أصحاب مَدْیَن، أصحاب الحِجْر، أصحاب السَّعیر، أصحاب القَرْیَة، أصحاب المَیْمَنَة، أصحاب المَشْأَمَة، أصحاب الیَمین، أصحاب الشِّمَال، أصحاب القُبُور)، سەرباری (أصحاب الکهف)، یان ناوی شتێکی بەرجەستەیە کە پەیوەندیی بەو کۆمەڵەوە هەیە، وەکو: (أصحاب الأَیْکَة، أصحاب الرَّسّ، أصحاب مُوسَی، أصحاب السَّفینة، أصحاب الأُخْدُود، أصحاب الفیل)، تەنها (أصحاب السَّبْت) و (أصحاب الصِّرَاط السَّوِيّ) هەیە کە لە شتێکی واتایی بدوێت، بەڵام ئەم دو نمونەیەش لە شتێکی تایبەتی دەدوێن نەك لە فرمان «فعل» ێکی وەکو (خەوتن) «رُقاد». کاتێکیش پێشتر ئەو بیروڕایەم پەسەند کرد کە پێی وایە وشەکە لە بنەڕەتدا لە ناوی (دەکیوس) ەوە هاتوە، لە هەمان کاتدا

---

[1] **Kroes**, Richard, *Missionary, dilettante or visionary? A review of Ch. Luxenberg, Die Syro-Aramäische Lesart des Qur'an*. Livius. 2004.
@http://www.livius.org/opinion/Luxenberg.htm

ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ:

**Luxenberg**, Christoph, *Die Syro-Aramäische Lesart des Qur'an: Ein Beitrag zur Entschlüsselung der Qur'ansprache*. Das Arabische Buch, Berlin, 2000. PP. 65-67.

پێم وا نیە قورئانیش بە هەمان واتا وشەکەی بە کار هێنابێتەوە بەڵکو واتاکەی گۆڕیوە و بە واتای شوێنێك یان نوسراوی سەر شوێنێك بە کاری هێناوە، بە پێی ئاوەڵدەق «سیاق» ـە قورئانیەکە دەبێت ئەم (شوێن) و (نوسراوە) ش پەیوەندیی تەواویان بە ئەشکەوتەکەوە هەبێت.. هەرچەند وشەکە لە بنەڕەتدا لە ناوی (دەکیوس) ەوە هاتبێت بە شێوە سوریانیەکەی. ڕەنگە لوکسێنبێرگ بێئاگا بێت لە بیروڕاکەی تۆری، ئەگەرنا بیروڕاکەی تۆری زیاتر لەگەڵ میتۆدەکەی ئەودا (لێکدانەوەی قورئان بە پێی فەرهەنگ و ڕێزمانی سوریانی) دەگونجێت و سەلماندنیشی ئاسانترە... بە هەر حاڵ، ئەم بابەتە زیاتر هەڵ دەگرێت و قورسە بیروڕایەکی یەکلایی بدەین بە دەستەوە.

◙ دەربارەی (ئەنجلوس)

وشەی (ئەنجلوس) لە چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکەدا بە کار هێنراوە وەکو ناوی ئەو چیایەی کە ئەشکەوتەکەی تێدایە و نزیکە لە عەممانەوە (هەر چەند لە ڕاستیدا ئەشکەوتی ڕەجیب لە نزیك عەممان لە چیایەکی ئەوتۆشدا نیە وەکو ئەوەی لە زنجیرەکەدا پیشان دەدرێت). بەڵام ئەمە هیچ بنچینەیەکی نیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ناوی ئەنکیلۆس (ئەنخیلۆس) Anchilos لە چیرۆکە مەسیحی - یۆنانیەکە (و لە هەندێك شێوەی چیرۆکە سوریانیەکە) دا هاتوە وەکو ناوی ئەو چیایەی کە لە نزیك ئێفیسوسە و ئەشکەوتەکەی تێدا بوە[1]. لە کەلەپوری ئیسلامییشدا ئەم ناوە بە شێوەی (أنجلوس) و (ینجلوس) و (بنجلوس) و (بناجلوس) هاتوە[2]، کە هەموویان شێواندنی وشە یۆنانیەکەن. ئینجا نوسەری

---

[1] Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

*Dolng-Brazharleonkh*. Ibid.

Short. Encycl. Islam. Art. *Ashab Al-Kahf*. Ibid.

عیواص، مصدر سابق. صص. ١١٨، ١١٩. | حبي، مصدر سابق. ص. ٦٧.

[2] الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، صص. ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٩، ٢١٧، ٢٢٠. | ابن كثير، مصدر سابق. ج. ٣، ص. ٧٤. | الآلوسي، مصدر سابق. ج. ١٥، ص. ٢١٦. | ياقوت، مصدر سابق.

چیرۆکە زنجیرە ئێرانیەکە ناوی (ئەنجلوس) ی لە کەلەپوری ئیسلامیەوە وەرگرتوە و کردویەتی بە ناو بۆ شوێنێکی تر. لە ڕاستیدا ناوی (ئەنجلوس) لە ناوی (لۆس ئەنجیلیس) Los Angeles دا هەیە کە شارێکە لە ویلایەتی کالیفۆڕنیای ئەمێریکا کاتێك هەندێك (بە تایبەتی لە عەرەب) بە شێوەی (لوس أنجلوس) دەینوسن!

◙ دەربارەی (تیلمیخا)

ئەم کەسێتیە لە چیرۆکە سوریانیەکەدا ناوی بە شێوەی (یەملیخا) هاتوە، لە چیرۆکە یۆنانیەکەشدا جەمبلیخوس (یەملیخوس) Jamblichus، لە چیرۆکە لاتینیە نوێیەکاندا مالکوس (مالخوس) Malchus، کە هەموی هەر یەك ناون. بەلام وشەی (یَمْلیخا) لە کەلەپوری ئیسلامیدا بە هەڵە بوەتە (یَلْمیخا) و دواتر لەبەر ئەوەی دو خاڵی (یـ) نەنوسراوە بە (تلمیخا) خوێنراوەتەوە. نوسەری چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکەش لەسەر ئەم هەڵەیە ڕۆشتوە.

لە هۆنراوەکەی مار یەعقوبی ساروقیدا هاتوە کە یەملیخا خۆی بە ئوسقوفی شاری ئێفیسوس ناساندوە و وتویەتی: (من لە شاری ئێفیسوس بوم و کوڕی دورفورس بوم کە یەکێکە لە دەسەلاتدارەکانی)[1]. ئینجا بە پێی زۆربەی سەرچاوە مەسیحیەکان یەملیخا گەورەی حەوت خەوتوەکە بوە و ئەو دەچێت بۆ ناو شاری ئێفیسوس[2]. هەندێك سەرچاوەی تریش (دیۆمیدیس) ناوێك یان کەسی تر دیاری دەکەن[3]. بەلام لە زنجیرە ئێرانیەکەدا ئەو ڕۆڵە دراوە بە ماکسیمیلیان.

---

مادة: ينجلوس. ج. ٥، ص. ٤٥٠.

(1) عيواص، مصدر سابق. ص. ١١٨.

(2) Jacobus de Voragine. Ibid.

Chardri. Ibid.

Rabenstein. Ibid.

Gibbon. Ibid.

عيواص، مصدر سابق. صص. ١٠٤، ١٠٦، ١١٤، ١١٨.

(3) Catholic Encycl. Vol. V. Art. *The Seven Sleepers of Ephesus*.

(توفیق الحکیم) یش ئەو ڕۆڵە دەدات بە (مشلینیا) کە ئەمە بە شێوە ڕاستەکەی مەشلینا یان مەسلینا Meslina یەکێکە لە ناوەکانی چیرۆکە سوریانیەکە کە هەمو شێوە خۆرهەڵاتیەکانی چیرۆکەکەی لێوە وەرگیراوە، ناوێکی تریشی تێدایە بە شێوەی مەکسیلینا Mekselina کە ئەمەیان مەبەست ناوی ماکسیمیلیانە.

◙ دەربارەی کەسێتیی (هێلین)

لە چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکەدا کەسێتیی (هێلین) هەیە کە گوایە کچی دیۆکلیتیان بوە و خێزانی ماکسیمیلیان بوە. لە چیرۆکە شانۆییەکەی (توفیق الحکیم) یشدا ناوی (پریسکا) هاتوە کە (دەقیانوس) کردویەتی بە کچی خۆی و خۆشەویستی (مشلینیا) بوە. بێ گومان ئەم دو زانیاریە هیچیان واقیعی و مێژویی نین، بەڵام هەندێك ڕەگوڕیشەیان هەیە: سەبارەت بە (هێلین)، لە ناو بنەماڵەکانی ڕژێمی چوارەکیی سەردەمی دیۆکلیتیاندا، تەنها هێلینا «هیلانة» Helena دەبینینەوە کە هێلین Helen یشی پێ وتراوە، کە ئەمە یەکێکە لە قیددیسە مەسیحیەکان و ژنی (کۆنستانتیوس) بوە کە یەکێك لە چوار ئیمپراتۆرەکە، بەڵام دواتر بە مەبەستی سیاسی وازی لێ دەهێنێت. ئەم کەسێتیە لە کەلەپوری مەسیحیدا پیرۆزە و هاتوە بۆ ناوچەی فەلەستین و گوایە (خاچی ڕاستەقینە) واتە خاچی لەخاچدانی مەسیحی دۆزیوەتەوە و زۆر پەرۆشی ئایینی مەسیحی بوە[1].

جا دور نیە کەسێتیی (هێلین) لە زنجیرەکەدا لەم کەسێتیەوە هاتبێت.

---

(1) Encycl. Britannica. Art. *Helena, Saint*.

Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *St. Helena*. By J. P. Kirsch. Vol. IV. *The True Cross*. By Fernand Cabrol.



**سانت هێلینا و خاچی ڕاستەقینە**

**دەربارەی پریسکا، تەنها (پریسکا)** Prisca **ناوێك دەبینینەوە کە ژنی دیۆکلیتیان بوەو هیچی تری دەربارە نەزانراوە[1]. ئیتر پریسکا ناوێك لە ژیانی دەکیوس و (مشلینیا) دا لە چیرۆکە مەسیحیەکەشدا باسی نیە چ جای مێژو. بەڵام چیرۆکێك هەیە کە ڕەنگە بنچینەی ئەم بیرۆکەیە بێت، ئەویش گێڕانەوەی (وَهْب) ی کوڕی (مُنَبَّه) ـە بۆ چیرۆکی حەوت خەوتوەکە کە (الطبري) و (عبد الرزاق الصنعاني) و (ابن المنذر) گێڕاویانەتەوە و دەڵێت: یەکێك لە قوتابی «حَوارِيّ» یەکانی عیسا چوە شارێکەوە و پێیان وت لەسەر دەروازەی شار بتێك هەیە هەر کەسێك بیەوێت بچێتە ناو شار دەبێت کڕنوشی بۆ بەرێت، ئیتر نەچوە شارەکەوە و چوە گەرماوێکی نزیك شار و لەوێ کاری دەکرد، خاوەنی گەرماوەکە پیتوفەڕی زۆری بینی. ئیتر هەندێك گەنجی دەوروبەریش هۆگری قوتابیەکەی مەسیح بون و ئەویش باسی ئاسمان و زەوی و ڕۆژی دوایی بۆ دەکردن تا باوەڕیان هێنا. پاشان**

---

[1] Encycl. Britannica. Art. *Deocletian*.

کوڕی پاشای شار هات و ویستی لەگەڵ ئافرەتێکدا بچێتە گەرماوەکەوە، قوتابیەکەی مەسیح هەوڵی دا ئەوە نەکات بەڵام گوێی پێ نەدا، دوایی لە گەرماوەکەدا مرد، دواتر بە پاشایان وت ئەوەی لە گەرماوەکەدا کاری دەکرد کوشتویەتی، کاتێك چون بۆ گرتنی قوتابیەکەی مەسیح نەیاندۆزیەوە و ویستیان ئەو چەند گەنجە بگرن کە هۆگری بون، ئەوانیش ناچار ڕایان کرد بۆ ئەشکەوتێك لەگەڵ هاوڕێیەکیاندا و سەگەکەیشی شوێنیان کەوت...[1].

ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا لە چیرۆکی بانگەوازی پۆڵسەوە لە ئێفیسوس وەرگیراوە، واتە لە ڕاستیدا تێکەڵکردنی چیرۆکی حەوت خەوتوەکەی ئێفیسوس و چیرۆکی بانگەوازی پۆڵسە لە ئێفیسوس. ئینجا پۆڵس لە بانگەوازەکەیدا لەگەڵ ژن و مێردێکدا بوە، مەسیحییەکی ـ بە بنەڕەت ـ جولەکە بە ناوی ئەکیلا (ئەکویلا) Aquila، و ژنەکەشی پریسکیلا Priscilla (پریسکا Prisca)، ئەم دوانە وەکو پۆڵس خێوەتچی بون و پۆڵس لەگەڵیاندا ئیشی کردوە لە (کۆرینثۆس) . کاتێك پۆڵس چو بۆ ئێفیسوس ئەو دو کەسەش لەگەڵیدا ڕۆشتن بۆ ئەوێ، دواتر ئەکیلا و پرسکیلا گەڕانەوە بۆ ڕۆما. لە هەر دو شوێنەکەشدا ماڵی ئەم دو کەسە شوێنی کۆبونەوەی مەسیحیەکان بوە[2]. ئەمەش ئەو دیمەنە بیر دەخاتەوە لە زنجیرە ئێرانیەکەدا کە ماڵی ماکسیمیلیان و هێلین شوێنی کۆبونەوەی چەند کەسێکی مەسیحیە، چیرۆکەکەی (وهب) یش هەندێك ڕەگوڕیشەی لە ژیانی پۆڵس و ئەو ژن

---

(1) الطبري، *التفسير*. ج. ١٥، ص. ٢٠٥. | الصنعاني، عبد الرزاق، *تفسير القرآن*. تحقيق: د. مصطفى مسلم محمد. مكتبة الرشد ـ الرياض، الطبعة الأولى، ١٤١٠. ج. ٢، ص. ٣٩٧ ـ ٣٩٩. | ابن الجوزي، مصدر سابق. ج. ٥، ص. ١١٠. | البغوي، الفراء، *معالم التنزيل*. تحقيق: خالد العك ـ مروان سوار. دار المعرفة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٧. ج. ٣، ص‌ص. ١٤٧، ١٤٨. | الآلوسي. ج. ١٥، ص. ٢١٧.

(2) Encycl. Britannica. Art. *Paul, the Apostle, Saint.*

**Easton**, M.G., *The Illustrated Bible Dictionary*. Thomas Nelson, publisher. 1897. Arts. Aquila, Priscilla.

دائرة المعرف الكتابية. مادة: *أكيلا*.

و مێردەدا هەیە. جا دور نیە کەسێتیی پریسکا لەم چیرۆکەوە هاتبێت. لە لایەکی تریشەوە کاریگەرییەکی ئەم چیرۆکەی (وهب) لە زنجیرەکەدا دەبینینەوە لەو دیمەنەدا کە هەر کەسێك بیەوێت بچێتە ناو شار دەبێت کڕنوش بۆ بتێك بەرێت. ئەو هەڵوێستە درامیەش لە زنجیرەکەدا کاتێك ماکسیمیلیان دەچێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کچێك دەبینێتەوە وادەزانێت خێزانەکەی خۆیەتی چونکە لەو دەچێت، ئەمە لە کارەکەی (توفیق الحکیم) وەرگیراوە، ئینجا (توفیق الحکیم) مشلینیای کردوەتە وەزیر، ئەمەش لە زنجیرەکەدا دەر کەوتوە دەربارەی ماکسیمیلیان.

◙ دەربارەی ڕەنگدانەوەی کەلەپوری شیعە لە زنجیرەکەدا

لە زنجیرەکەدا ئەوە دوپات کراوەتەوە کە ماکسیمیلیان و هاوەڵەکانی ماوەیەك بە پەنامەکی مەسیحی بون و ئاشکرایان نەکردوە. ئەمەش بۆ زیاتر تەرخانکردنی چیرۆکەکەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە بۆ بنەمای پارێز «التَّقِيَّة» لە ڕێبازی شیعەدا[1]. لە کاتێکدا لە چیرۆکە مەسیحی و قورئانیەکەدا حەوت گەنجەکە ڕاستەوخۆ بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا دەکەن، بە تایبەتی لە چیرۆکە مەسیحیەکەدا کە دوپاتی چاونەترسیی حەوت گەنجەکە دەکاتەوە.

◙ لە چیرۆکی زنجیرە ئێرانیەکەدا وا پێشان دەدرێت کە هەر کەسێك چوبێتە ئەشکەوتەکەوە بە پڕتاو ڕای کردوەتەوە دەرەوە، ئەمە ڕەنگە هەندێکی لە چیرۆکە قورئانیەکەوە هاتبێت کە: (لَو اطَّلَعْتَ عليهم لَوَلَّيْتَ منهم فرارا ولَمُلِئْتَ منهم رُعْبا) (*الكهف*: ١٨). بەڵام ڕەنگە کاریگەریی چیرۆکێکیش لە ئارادا بێت کە دراوەتە پاڵ سەردەمی موعاویە، کە دەڵێت موعاویە چو بۆ جەنگی ڕۆم (واتە بیزانتیەکان)، بە لای ئەشکەوتەکەدا تێپەڕی (ڕەنگە مەبەست ئەشکەوتەکەی نزیك تەرسوس بێت) و ویستی بچێتە ناو ئەشکەوتەکەوە بۆ بینینی حەوت خەوتوەکە (!)، (ئیبن عەبباس) یش پێی وت کە ئەو ناتوانێت ئەوە بکات، بەڵام موعاویە گوێی لێ نەگرت و چەند کەسێکی ناردە ناو ئەشکەوتەکە، ئیتر بایەك لە ناو ئەشکەوتەکەوە هات و

[1] بۆ نمونە بڕوانە: شیرازي، ناصر مکارم، *تفسير الأمثل*. ج. ٩، صص. ٢٢١، ٢٤٢، ٢٤٣.

سوتاندنی[١]. بێ گومان ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵیە کە لە پەراوێزی دەقە قورئانیەکەدا دروست بوە (واتە میدراشێك یان هەگادایەکی ئیسلامیە!)، بەڵام ئەو دیمەنەی کە لە زنجیرەکەدا هەیە ڕەنگە کاریگەریی ئەم چیرۆکەی تێدا بێت.

◙ بە پێی چیرۆکی زنجیرەکە گوایە ئیمپراتۆر هادریان خۆی بە خوا داناوە و لە ئیمپراتۆریێتیدا پەرستراوە. بەڵام ئەمە بەو شێوە ڕەهایە واقیعی نیە. لە ڕاستیدا جگە لە ئیمپراتۆر دۆمیتیان Domitian (٥١ ـ ٩٦ ز.) ئیتر هیچ ئیمپراتۆرێکی تر هەوڵی نەداوە پیرۆز بکرێت تا ڕادەی پەرستن. بەڵام دۆمیتیان بوە دیکتاتۆر و داوای پەرستنی دەکرد و نازناوی خواییانەی بۆ خۆی دادەنا[٢]. ئەم حاڵەتەش کەم وێنەیە لە مێژوی ئیمپۆاتۆرێتیی ڕۆمانیدا.



شوێنەواری پەرستگای دۆمیتیان لە ئێفیسوس

لە ڕاستیدا سێناتۆرەکانی ڕۆما هەمو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوە کە ئیمپراتۆر خۆی نەکات بە پاشا و دیکتاتۆر چ جای پەرستراو. بەڵام دوای مردنی خۆیان یان بە بێ داوا و هەوڵ و کۆششی خۆیان، هەندێك ئیمپراتۆر، وەکو تراجان و هادریان، تا ڕادەیەك داب‌ونەریتی پەرستنیان بۆ ئەنجام دراوە، لە شاری ئێفیسوسیش

---

[١] البيضاوي، مصدر سابق.. ج. ٣، ص. ٤٨٤. | أبو السعود، مصدر سابق. ج. ٥، ص. ٢١٣.

[2] Encycl. Britannica. Art. *Domitian*.

پەرستگایەك لە ساڵی (١١٨ ز.) دا، واتە ساڵێك دوای بونی بە ئیمپراتۆر، تەرخان کراوە بۆ هادریان کە تا ئێستاش شوێنەواری ماوە.



شوێنەواری پەرستگای هادریان لە ئێفیسوس

ئەثینایيەکانیش پەیکەرێکی هادریانیان لە پەرستگای ئۆلیمپیادا داناوە هەر لە ژیانیدا[١]. بەڵام ئەوەی لە زنجیرەکەدا پێشان دراوە کە هادریان مەڕاسیمی پەرستشی پێشوازی کردوە، واقیعی نیە.

[1] Catholic Encycl. Vol. VII. Art. *Publius Ælius Hadrian*. Vol. XV. Art. *Trajan*. *Temple of Zeus Olympios*. Holidays in Greece, On-line Tourism and Traveling Services, 2005.
@http://www.holidayshop.gr/textsEn.asp?ElementId=2396

# بیبلیۆگرافیا

I – ئێنسایکلۆپیدیا


**Catholic Encyclopedia**. Robert Appleton Company, 1907. (Online Edition, 2003). Articles on: *Seven Sleepers of Ephesus*, *James of Sarugh*, *Symeon Metaphrastes*, *St. Gregory of Tours*, *Publius Ælius Hadrian*, *Decius*, *Diocletian*, *Maximianus*, *Trajan*, *St. Ignatius of Antioch*, *Archæology of the Cross and Crucifix*, *The True Cross & St. Helena*.

**Encyclopædia Britannica** 2005 Deluxe Edition CD-ROM. Articles on: *Jacob of Serug*, *Simeon Metaphrastes*, *Saint Gregory of Tours*, *Jacobus de Voragine*, *Seven Sleepers of Ephesus*, *Endymion*, *Hadrian*, *Decius*, *Diocletian*, *Galerius*, *Constantius I Chlorus*, *Maximian*, *Theodosius II*, *Trajan*, *Pliny The Younger*, *Saint Ignatius of Antioch*, *Cross*, *Crucifixion*, *Thamud*, *Ephesus*, *Death Rite*, *Hellhound*, *John of Ephesus*, *Councils of Ephesus*, *Sadducees*, *Catacomb*, *Viktor Rydberg*, *Saint Helena, Saint Paul the Apostle* & *Domitian*.

**Jewish Encyclopedia**. Published between 1901-1906. (Online Version 2002). Articles on: *Hadrian*, *Diocletian*, *Trajan* & *Caves in Palestine*.

**Online Encyclopedia of Roman Emperors**. Articles on:

*Theodosius II*. By, Geoffrey S. Nathan, University of California- Los Angeles.

@http://www.roman-emperors.org/theo2.htm

*Trajan.* By Herbert W. Benario, Emory University.

@http://www.roman-emperors.org/trajan.htm

**Shorter Encyclopedia of Islam**. Edition: Hamilton A. R. Gibb & J . H. Kramers. Leiden : E .J. Brill, 1953. An Article on: *Ashab Al-Kahf.*

**Wikipedia,** the (Online) Free Encyclopedia. @http://en.wikipedia.org
Articles on:
*Seven Sleepers* @http://en.wikipedia.org/wiki/ Seven_Sleepers
*Gregory of Tours* @http://en.wikipedia.org/wiki/Gregory_of_Tours
*Golden Legend* @http://en.wikipedia.org/wiki/ Golden_Legend
*Decius* @http://en.wikipedia.org/wiki/Decius
*Theodosius II* @http://en.wikipedia.org/wiki/ Theodosius_II
*Trajan* @http://en.wikipedia.org/wiki/Trajan
*Crucifixion* @http://en.wikipedia.org/wiki/Crucifixion

**World Book** (Encyclopedia) 2003 (Deluxe) (CD-R).

**دائرة المعارف الكتابية** (CD-R). دار الثقافة، لبنان. مواد: *قبر ـ قبور*. *مكفيلة*. *صَدوقيون*. *أكيلا*.

**المسيري**، د. عبد الوهاب، ***موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية*** (CD-R). بيت العرب للتوثيق العصري والنظم، الزمالك ـ القاهرة. مُدخَل: *الصَّدوقيون*.

## II – كتێب

### ١. به ئینگلیزی:

**Aristotle**, *The Athenian Constitution*. Translated by Sir Frederic G. Kenyon.

**Aristotle**, *Physics*. Translated by R. P. Hardie and R. K. Gaye.

**Bulfinch**, Thomas, *Bulfinch's Mythology, The Age of Fable, or Stories of Gods and Heroes*. 1855.

**Chardri**, La vie des set dormanz, *The Seven Sleepers of Ephesus*. Translation (from the Anglo-Norman) by Tony Devaney Morinelli. Published by Anglo-Norman Text Society, 1977. Brian S. Merilees, Editor. *from* Internet Medieval Source Book.
@http://www.fordham.edu/halsall/basis/7sleepers.html

**Couzens**, Reginald C., *The Stories of the Months and Days*. New York, Frederick A. Stokes Co. 1923.

**Easton,** M.G., *The Illustrated Bible Dictionary*. Thomas Nelson,

publisher. 1897.

**Eusebius**, *Ecclesiastical History*. Translated by the Rev. Arthur Cushman McGiffert. Excerpted from *Nicene and Post-Nicene Fathers*, Series Two, Volume 1. Edited by Philip Schaff & Henry Wace. American Edition, 1890.

**Foxe**, John, *Foxe's Book of Martyrs*.

**Gibbon**, Edward, *The History of the Decline and Fall of the Roman Empire*. Edited, with notes, by the Rev. H. H. Milman.

**Gilchrist**, John, *The Quran: The Scripture of Islam*.

**Hartland**, Edwin Sidney, *The Science of Fairy Tales, an Enquiry into Fairy Mythology*. New York: Scribner & Welford, 1891.

**Hesiod**, *The Theogony*. Translated by Hugh G. Evelyn-White. 1914.

**Ibn Warraq**, *The Origins of The Koran: Classic Essays on Islam's Holy Book*, edited by Ibn Warraq (Prometheus Books: Amherst, New York. 1998). Summarised by Sharon Morad, Leeds.
@http://debate.org.uk/topics/books/origins-koran.html

**Jacobus de Voragine,** *The Golden Legend.* Englished by William Caxton. Edited by F.S. Ellis, first issue, 1900.

**Killen**, William. P., D.D., *The Ignatian Epistles Entirely Spurious*, A Reply to The Right Rev. Dr. Lightfoot, Bishop of Durham. Edinburgh: T. & T. Clark, 38 George Street. 1886.

**Mackenzie**, Donald A., *Myths of Crete & Pre-Hellenic Europe*. With Illustrations in Colour by John Duncan, A.R.S.A. and from Photographs The Gresham Publishing Company Limited. 66 Chandos Street Covent Garden London, 1917.

**MacKenzie**, Donald A., *Teutonic Myth and Legend, an Introduction to the Eddas & Sagas, Beowulf, The Nibelungenlied, etc*. 1912.

***Martyrdom of Ignatius***. From the 38 volume work: Early Church Fathers, Ante-Nicene Fathers to A.D. 325, Vol. 1. Edited by Alexander Roberts &

James Donaldson.

**Plato**, *Laws*. Translated by Benjamin Jowett. New York, C. Scribner's sons, 1871.

**Pliny**, *Epistulae (The Letters)* (Latin-English).

**Rydberg**, Viktor, *Teutonic Mythology: Gods and Goddesses of the Northland*. Translated by Rasmus B. Anderson.

**Saxo Grammaticus**, *The Danish History*. From "The Nine Books of the Danish History of Saxo Grammaticus", translated by Oliver Elton. Norroena Society, New York, 1905.

**St. Clair-Tisdall**, Rev. William, M.A., D.D., *The Original Sources Of The Qur'an*. Society fr Promoting Christian Knowledge, London: Northumberland Avenue, W.C., 43 Queen Victoria Street; Brighton: 120 North Street; New York : E. S. Gorham. 1905.

**St. Clair-Tisdall**, Rev. W., *The Sources of Islam: A Persian Treatise*. Translated and abridged by Sir William Muir, T. & T. Clark, Edinburgh, Scotland. 1901.

**Torrey**, C. C., *The Jewish Foundation of Islam*. 1933.

**Twain**, Mark, *The Innocents Abroad*. H. H. Bancroft and Company, San Francisco, first Edition, 1869.

**Varner**, Gary R., *Caves, Rocks & Mountains: Portals to the Otherworld*. A selection from the book: Menhirs, Dolmen and Circles of Stone: The Folklore and Magic of Sacred Stone, by Gary R. Varner, published by Algora Publishing.
@http://www.authorsden.com/visit/viewarticle.asp?AuthorID=1215&id=13264

**Wherry**, The Rev. E. M., *A Comprehensive Commentary on The Quran*. London: Kegan Paul, Trench, Trübner, & Co. Ltd. Paternoster House, Charing Cross Road. 1886.

**٢. به عه‌ره‌بی:**

**الآلوسي**، *روح المعاني في تفسير القرآن العظيم و السبع المثاني*. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

**ابن الجزري**، أبو السعادات، *النهاية في غريب الحديث و الأثر*. تحقيق: طاهر أحمد الزاوي و محمود محمد الطناحي. المكتبة العلمية، بيروت، ١٩٧٩.

**ابن الجوزي**، *زاد المسير في علم التفسير*. المكتب الإسلامي، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٠٤ هـ.

**ابن عطية**، *المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز*. (نسخة إلكترونية).

**ابن قتيبة**، *تأويل مختلف الحديث*. تحقيق: محمد زهري النجار. دار الجيل، بيروت، ١٩٧٢.

**ابن كثير**، *تفسير القرآن العظيم*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠١هـ.

**ابن منظور**، *لسان العرب*. دار صادر، بيروت، الطبعة الأولى.

**ابن هشام** (عن ابن إسحاق)، *السيرة النبوية*. تحقيق و ضبط و شرح و فهرسة: مصطفى السقا، إبراهيم الأبياري، عبد الحفيظ شابي. مطبعة مصطفى البابي الحلبي و أولاده بمصر، الطبعة الثانية، ١٩٥٥.

**أبو حيان**، *البحر المحيط*. (نسخة ألكترونية).

**أبو السعود**، *إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم*. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

**آميدي**، مصطفى، *حوادث العالم ـ منذ السنة الأولى الميلادية*. مطابع جامعة الموصل.

**البخاري**، الجعفي ابو عبد الله، *الصحيح*. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا. دار ابن كثير، اليمامة، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٧.

**بدوي**، د. عبد الرحمن، *الدفاع عن القرآن ضد منتقديه*. مكتبة مدبولي الصغير، الطبعة الأولى، ١٩٨٨.

**البغوي**، الفراء، *معالم التنزيل*. تحقيق: خالد العك ـ مروان سوار. دار المعرفة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

**البيضاوي**، *أنوار التنزيل و أسرار التأويل*. تحقيق: عبد القادر عرفات العشا حسونة. دار الفكر ـ بيروت، ١٩٩٦.

**حمّور**، عرفان محمد، *المواسم و حساب الزمن عند العرب قبل الإسلام*. مؤسسة الرحاب الحديثة، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠.

**زيدان**، جرجي، *تاريخ العرب قبل الإسلام*. بيروت، ١٩٧٨.

**السيوطي**، *الإتقان في علوم القرآن*. مطبعة حجازي، القاهرة، ١٣٦٨ هـ.

- *الدر المنثور في التفسير بالمأثور*. دار الفكر، بيروت، ١٩٩٣.

- *لباب النقول في أسباب النزول*. دار إحياء العلوم، بيروت.

**الشوكاني**، *فتح القدير الجامع بين فني الرواية و الدراية من علم التفسير*. دار الفكر، بيروت.

**شيرازي**، ناصر مكارم، *تفسير الأمثل (الأَمْثَل في تفسير كتاب اللهِ المُنزَل)*. طبعة جديدة منقّحة مع إضافات. على موقع المؤلف: www.makaremshirazi.org.

**الصنعاني**، عبد الرزاق، *تفسير القرآن*. تحقيق: د. مصطفى مسلم محمد. مكتبة الرشد ـ الرياض، الطبعة الأولى، ١٤١٠.

**الطبري**، *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥هـ.

- *تاريخ الأمم و الملوك*. دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٧ هـ .

**علي**، د. جواد، *المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام*. (نسخة إلكترونية).

**الفراهيدي**، الخليل بن أحمد، *كتاب العين*. تحقيق: د. مهدي المخزومي و د. إبراهيم السامرائي. دار و مكتبة الهلال.

**الفيروزآبادي**، *القاموس المحيط*.

**القرطبي**، *الجامع لأحكام القرآن*. تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني. دار الشعب، الطبعة الثانية، ١٣٧٢هـ.

**مسلم**، النيسابوري أبو الحجاج، *الصحيح*. تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. دار إحياء التراث العربي، بيروت.

**المطلبي**، د. عبد الجبار، *مواقف في الأدب و النقد*. دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

**المقدسي**، *أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم*. (نسخة إلكترونية).

**ياقوت**، الحموي أبو عبد الله، *معجم البلدان*. دار الفكر، بيروت.

## III – وتار

### ١. گۆڤار

**حَبّي**، د. يوسف، *أهل الكهف في التأريخ*. مجلة (التراث الشعبي). دار الحرية للطباعة، بغداد. العددان ٣ و ٤، ١٩٨٣.

**شهاب**، أسامة يوسف، *رحلة الى كهف أهل الكهف*. مجلة (التراث الشعبي). العددان ٣ و ٤، ١٩٨٣.

**العمراني**، د. عبدالله، *النيام السبعة و أصحاب الكهف*. مجلة (العربي)، العدد ٣، تشرين الثاني ١٩٧٦.

**عيواص**، زكا، *قصة أهل الكهف في المصادر السريانية*. مجلة (مجمع اللغة السريانية). مطبعة المعارف، بغداد. مج. ١، ١٩٧٥.

**مظهر**، سليمان، *آخر أيام البادية الأُرْدُنية* (استطلاع). مجلة (العربي)، العدد ٣٦٧، حَزِيران

.١٩٨٩

٢. ویب:

أ. به ئینگلیزی:

**Baird**, Rodney R., *Jarash*. Ancient Route for Rod Baird. 2000.
@http://www.ancientroute.com/cities/gerasa.htm

***Calendar***. October. Orthodox Faith Web. 2003.
@http://www.orthodoxfaith.com/calendar_october.html

***Destination to Visit: Tarsus****, The Cave of the Seven Sleepers* (Eshab - ı Kehf).
@http://www.visitmersin.com/en/destination/tarsus15.html

***Dolng - Brazharleonkh*** *& Dolmbrasarlained, The Dólnbrasarian Migration Saga*.
@http://www.intrnet.net/~efenglom/Heorthstreow/Hartrie_World/Vwordt/DWRSPRAK/DOLNG.htm

***Ephesus, an Ionian City***. Sailturkey LLC.
@http://www.sailturkey.com/routes/sites/efesos.htm

**Episode from The Legend of the Seven Sleepers of Ephesus**, about 1205. Stained Glass, Museum purchase, 1921. Worcester Art Museum.
@http://www.worcesterart.org/Collection/European/1921.60.html

***History***. Thai Ridgeback Dog Official UK Breeders Website.
@http://www.thairidgeback.co.uk/history.htm

***Jerash - A Brief History***. Almashriq (المشرق) - the Levant cultural riches from the countries of the eastern Mediterranean.
@http://almashriq.hiof.no/jordan/900/930/jerash/jerash.html

**Kroes**, Richard, *Missionary, dilettante or visionary? A review of Ch. Luxenberg, Die Syro-Aramäische Lesart des Qur'an*. Livius. 2004.
@http://www.livius.org/opinion/Luxenberg.htm

**Lendering**, Jona,

Roman Emperors: The Third Century, *Decius*.
@http://www.livius.org/ei - er/emperors/emperors03.html
Roman Emperors: The Third Century, *Diocletian*.
@http://www.livius.org/ei - er/emperors/emperors03.html
Roman Emperors: The Second Century, *Hadrian*.
@http://www.livius.org/ei - er/emperors/emperors02.html
Roman Emperors: The Third Century, *Maximian*.
@http://www.livius.org/ei - er/emperors/emperors03.html
Roman emperors: The Fifth Century (East), *Theodosius II*.
@http://www.livius.org/ei - er/emperors/emperors05e.html

**Rabenstein**, Katherine I., *Saints O'the Day, Saint Pantaleon Martyr* (Regional Memorial) July 27.1998.
@http://www.saintpatrickdc.org/ss/0727.htm

***Tarsus, Where to Visit***. Republic of Turkey, Ministry of Culture and Tourism.
@http://goturkey.kultur.gov.tr/destinasyon_en.asp?belgeno=9629&belgekod=9621&baslik=Tarsus

***Temple of Zeus Olympios***. Holidays in Greece, On - line Tourism and Traveling Services. 2005.
@http://www.holidayshop.gr/textsEn.asp?ElementId=2396

***The Archaeological Site of Ephesus** (Efes)*. Frommer's Travel Guides.
@http://www.frommers.com/destinations/ephesus/2900010029.html

***The Cave of the Seven Sleepers***. Kusadasi 2004.
@http://www.kusadasi.biz/sevensleepers.asp

***The Roman city of Philadelphia** (Amman)*. Nabataea.
@http://nabataea.net/amman.html

***The Seven Churches of Revelation**, Ephesus*. ArgoNet, the Internet Experts.
@http://users.argonet.co.uk/education/diggings/pages/rese/guide/seven.ht

m
**Theodosius arrives at Ephesus** (Scene from *the Legend of the Seven Sleepers*), ca. 1200–1205. French; From the Cathedral of Notre - Dame, Rouen. Pot - metal glass and vitreous paint. The Cloisters Collection, 1980. The Metropolitan Museum of Art.
@http://www.metmuseum.org/toah/ho/07/euwf/hob_1980.263.4.htm
**Yahya**, Harun, *Perished Nations*, Companions of the Cave. Perished Nations.
@http://www.perishednations.com/cave2.html

**ب. به عه‌ره‌بی:**

**السيد**، كمال، *قصة أصحاب الكهف و الرقيم*. موقع مركز الإشعاع الإسلامي للدراسات و البحوث الإسلامية. ٢٠٠٤.

@http://www.islam4u.com/qesas/ahsan_alqesas/19/19.htm

مركز السهروردي للدراسات الدينية
(١)
سلسلة الدراسات القرآنية
(١)

# قصة نيام إفسس السبعة

## بين الفن و الثقافة الدينية و الواقع التأريخي

سرور عبد الرحمن البنجويني

٢٠٠٧

سَرْوَر عبد الرحمن البنجويني

# قِصَّةُ نِيَامِ إفِسُسَ السَّبْعَة

## أصحاب الكهف والرقيم

## بين الفن و الثقافة الدينية و الواقع التاريخي



مركز السهروردي للدراسات الدينية